# گۆڤاری گیرفان

وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی سەربەخۆیە
کۆمەڵێك روناکبیر لەگەرمیاندا دەریدەکەن
ژمارە (٦-٧) ساڵی دووەم، مانگی ئاب ٢٠٠٧

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر
مەلا تەحسین گەرمیانی
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢)

بەڕێوەبەری نوسین
ئومێد بەرزان برزۆ
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢

دەستەی نوسەران
ئیبراهیم سدیق سامان کەریم
کەریم ئەحمەد تایشەیی

ستافی وەرگێران
رەحمان عەلی
عومەر عەبدولکەریم قادر

ماڵپەڕی ئینتەرنێت
www.dengekan.com

E-mail
govarigirfan@yahoo.com

ناونیشان
کەلار - کتێبخانەی بێدار

دیزاینی بەرگ:
ئارام لوقمان
٠٧٧٠١٥٠٨٢٥٣

دیزاینی ناوەوە:
هاوار محەمەد

چاپ:
چاپخانەی رەهەند
سلێمانی-شەقامی مەولەوی بازاڕی بەرهەم

## پێڕست

**پەیڤی گۆڤار** سەرنوسەر.................................... 5
**پێشهاتی ڕووناکبیری** ن: ئەحمەد باوەڕ..................... 9
**باسێك لەمەڕ سۆفیزم** ن: م.کەریم ئەحمەد تایشەیی.......... 16
**تۆماس مۆر** ئا: بەناز عومەر.................................. 22
**هونەری کاریکاتێر لەدوێنێ و ئەمڕۆدا**
ن: م.ی ئیبراهیم عەبدولرەحمان محمود.......... 26
**زمان و راگەیاندن** ن: م.ی دارا حمید محمد................ 33
**زمان و بیر** و: م.ی ئومێد بەرزان برزو..................... 40
**ئازادی ڕادەربڕین هۆکارێکە بۆ دامەزراندنی**
**کۆمەڵگایەکی دیموکراسی** و: رەحمان عەلی رەمەزان..... 45
**یادی دەشتی کەلارو ڕاوە ئاسکەکانی**
ن: شێرکۆی حاجی رۆستەم........................ 52
**وشە لەهۆنراوەی دوو ئەویندا**
ن: د. فاروق نەقشبەندی............................. 57
**فریدریش هۆڵدرلین و هەندێ سەرنج** ن: لەتیف هەڵمەت...... 72
**لە پێناو دیوانێکی تەواوی کاکەی فەلاحدا**
ن: م.لا فەرهاد قادر کەریم....................... 77
**مۆدێرنە و ئەدەب** ئاسۆ وەهاب.......................... 82
**مینە جاف و قانع، گەڕان بەدوای ئاسەواردا**
نووسین و ئامادەکردنی: سەرکۆ محەمەد رۆستەم......... 90
**کێ لەچاوی عاشق تێدەگات** ن: مەلا تەحسین گەرمیانی.... 99
**کچێکم عاشقترین.. خەمبارترین!!** ن: ئەوین تەنیا........... 101
**تامەزرۆی خۆشەویستی و رۆمانسیەت** و: دانیاڵ بەرزنجی..... 110
**ئایا پیاوێکی رۆشنبیر لەگەڵ ژنێکی نەخوێندەوار دەحەسێتەوە؟**
و: عادل عەبدولا عەلی............................. 113
**سەڵتی و هاوسەرگیری** ئا: عومەر عەبدولکەریم قادر........... 117
**ئایا رێگە بدەین منداڵەکانمان گوزارشت**
**لەهەموو هەستەکانیان بکەن؟** و: مستەفا سەعید عەلی....... 122
**پێکەنین و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاوەز** و: مامۆستا کەریم.... 129

*
* *
*

# پەیڤی گۆڤار

لە باس و خواسی کاری رۆژنامەگەری و بزوتنەوەی رۆشنبیری کوردیدا قسەیەك کە زۆر دەکرێت و لە حەقیقەتیشدا هەر وایە ئەویش کێشەی کەم دەرامەتی رۆژنامەنوس و رۆشنبیرە لەم هەرێمەدا مەبەست ئەو رۆشنبیرانەی کە هەندێك دوورن لە کەسانی سەر بە دەسەڵات و بڕوایان بە ئیرادەو خامەی خۆیان هەیە ئەمانە کەسانێکن لە نەخشەی بیری بەرپرساندا پلە دوو سێ و بگرە زیاتریشن، ئەگەرچی بەسەلیقە و خاوەنی تواناو بەرهەمی باشیش بن، گرنگ ئەوە نییە گرنگ لەم هەرێمە ئەوەیە کێ لە دەسەڵاتەوە نزیکە و کێ بە دەسەڵات ناڵێ خواری چاوت بە کلەوەیە ئەوە نوسەرو رۆژنامەنوس و هونەرمەندی کوردی پێ دەوترێت ئەو کەسانە خەڵاتی فلاڵن دەزگاو فلاڵن جێگا وەردەگرن؟ بۆ چونکە پێیان دەڵێن ئەمە لە خۆمانە واتا نوکە قەڵە مەکەی جێگای مەترسی نییە، هەر ئەم بیرکردنەوەیەش لە تەلەفیزیۆنەکانیشەوە ئاسەواری خۆی هەیە، لە ئیمتیازاتی حکومیشدا ئەم کەسانە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا جێگای باشیان پێدرێت با توانایشی نەبێت گرنگ بەو پارەی حکومەتە رۆڵی بۆ پەیدا دەکەن و دواتریش پیرۆزو بەڕێزی دەکەن و ناوی لێدەنەن نوسەری گەورەی کورد رۆژنامەنوسی بەتوانا شاعیری ناوداری کورد ئیتر ئەوەی ناو بێت بۆی دادەتاشن، وەك



ئەوەی خاوەنی هەموو شتبن کە لە حەقیقەتدا وایش نیین بەڵام بەپارەی حزبو حکومەت مەگەر حیسابەکەی خواخۆی بزانێ چەندە دەگەن بەو مەبەستەو شتی تر؟ ئەوەی مەبەستمە بڵێم لەم وڵاتەی ئێمە کاری باش و دانسقە و کەسانی دلسۆزی بواری رۆشنبیری و رۆژنامەگەری کوردی و خاوەنی قەڵەمی باش و بەرهەمی باش و داهێنان و شتی تازە پێوەر نیین ئەگەر پیاوی دەسەڵات نەبی ئەگەر مەسئولێکت لەپشت نەبێ خاوەنی خەڵات نابی، کۆمەڵێ ناهەقی و ناعەدالەتی کراوە بەرامبەر رۆژنامەنوس و نوسەرو هونەرمەندو ئەدیبانی وڵات، لە نێو ئەوانەشدا کە تازە هەندێ منحەی مانگانەی گۆڤار ئاشکرا دەبن کە لە ژمارە (٧٧) ٢٠٠٧/٧/١٠ ی رۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاوکراوەتەوە وەك مانگانەی گۆڤاری هەرێم خۆی لە (٥٠ ) ملیۆن دینار دەدات ئاخر هەیداد ئەمە کەی راستە گۆڤارێك ئەوەندە وەربگرێو ئێمەمانانیش کە لەگیرفانی خۆمان شت دەکەینو گۆڤارێکی وەکو گیرفان کە دەیان داوامان کردووە هاوکاریمان بکەن کەچی وەڵامیش نییە کە باشیش دەزانن گۆڤاری گیرفان تاکە گۆڤاری نمونەییە لە بزوتنەوەی رۆژنامەگەری کوردیدا و بەو قەبارەیە دەربچێ و لە سەر ئاستی کوردستان و دەرەوەش کاری خۆی دەکات و خۆبەخشانە و خۆنەویستانە بەئەرکێکی نمونەیی هەستاوین و کەلێنێکیش لەم بوار پڕکرایەوە کەچی خاوەنی یەك (عانەی) حکومەتی کوردستان



نییە کە زۆربەی لایەنە پەیوەندیدارەکانیش هەموو ژمارەکانی گۆڤاری گیرفانیان لایە و پێیان گەیشتووە.. لەم بارەیشەوە زۆر لە نوسەران و رۆژنامەنوسانی دیارو کەسایەتیو کۆلیژو زانکۆکانەوە چ بەنامەو چ بەتەلەفون دەسخۆشیان لێکردوینو پێمان گەیشتووە زۆربەشیان ئەم هەنگاوەی گۆڤاری گیرفان بەکاری داهێنان و تازەگەری وەسف کردووە و هەر ئەو بەڕێزانەش چ وەك کەسایەتیو چ وەك دەزگا هاندەری باش بوون بۆ بەردەوام بوونو پێشخستنی گۆڤاری گیرفان.. بەڵام پرسیار لێرەدایە بۆچی گۆڤاری گیرفان کە گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەر بەخۆیەو خاوەنی منحەی مانگانەی خۆی نەبێ کە مافی پێدانی هاوکاری هەیەو گۆڤاریش هەیە (٥٠ ) ملیۆن دینار مانگانەی هەبووە .. ئێمە زۆر حەز دەکەین وەڵامی ئەو پرسیارە وەرگرین بۆچی ناماندەنێ؟ ئایا هەر لەبەر ئەوەی تازەگەریەکە لەگەرمیان کراوە و لەگەرمیان دەردەچێ ؟ یان حکومەت خۆیان خەڵکی زۆریان فێری ئەو هەموو تەخشان پەخشانی پارەیەی حکومەت کردووەو بەو هۆیەوە یارمەتی ئێمە نادەن وەك مانگانە شتێکمان هەبێ تا هاندەری بەردەوامی گۆڤارەکەمان بین ... یان پرۆژەی نان برینی رۆژنامەنوسانو هونەرمەندانو نوسەرانو ئەمانەیش هۆکارن و وادەزانن هەموو داوایەك هەر وەکو ناحەقیەکانی پێشویانە کە کردوویانە... ئەی ئەو هەموو دەم سپیانەی نێو وەزارەتی رۆشنبیری نابێ چاویان لە شتی



باش بێ و بەویژدانەوە و بێ ترس بڵێن ئەمە رەوایە ئەمە شتی تازەیەو پێویستی بەپێشکەوتنە ئەی ئەگەر ئەمانە نەبینن ئیشیان چی دەبێ؟ ئەی ئەگەر ئەم راستیانە وەبەرچاو نەخەن چۆن دەیسەلمێنن کە ئەو وەزارەتە بۆ ئێمە مانانە.. ئومێد دەکەین لە وەزارەتی رۆشنبیری چاوێك بەرۆژنامەکانی گەرمیاندا بخشێنێتەوە و زیاتر هاوکاری بکەن لە شتە باشەکانی و لە نوسەرو رۆژنامەنوس و هونەرمەندانی گەرمیان و ئەو رێز لێنانە بڕاوەش با لە خەڵکی رەشو رووتەوە دەسپێنەکات تکایە؟

سەرنوسەر

# پێشهاتی ڕووناکبیری

## لە بیری مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا

## (١٩٠١ دەرەشیش - ٢٠٠٥ بەغدا)

**نووسینی/ ئەحمەد باوەڕ**



بڕواناکەم هیچ کام لە زانا، کەسایەتی، پیاوی ئایین، ڕووناکبیر و پیاوی کۆمەڵ لە کوردەواریدا هێندەی خوالێخۆشبوو (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) ژیانی قاڵ و لە سەرەتاکانی تەمەن و لاوی خۆیەوە سەرەڕای خوێندنی ئایینی لە ناوەندە ئایینییەکانی کوردستاندا سەرگەرمی بوارە جۆربەجۆرەکانی تری ڕووناکبیریی کوردی بووبێ، بۆ نموونە ئەو هەر لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە بە کاری نووسین و باری خوێندەواری تا ڕادەیەکی زۆر بایەخێکی گەورەی بە نووسین و بابەتی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیاتی منالان داوە.

لەم بارەیەشەوە شوێن دەستی لە ناوەند و کتێبخانە کوردییەکاندا بەڕوونی دیارە، ئەوانەیشی کە لەبواری پەروەردەکردنی منالان و لە



سییەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە کە لە چاپی داون، دەکرێ وەك لایەنێکی گەورە لە ژیانی ئەم زانا گەورەیەی تەواوی سەدەی بیستەمدا لێکۆڵینەی لەسەر بکرێ و بەوردی لایەنە پەروەردەیەکانی بۆ ئەو دەمانە و تەنانەت ئێستای منالان و کۆمەڵی کوردەواری لێکبدرێتەوە، لێرە بەدواوە سەربردە و ژیانی مامۆستا مەلا کەریم بەتایبەتی لەو دەمانەوە کە لە (بیارە)وە هاتۆتە شاری سلێمانی و دوای تەواوکردنی خوێندن ماوەیەك ئیمام و خەتیبی مزگەوتی (حاجی حان) بووە لەو شارەدا و لە هەمان کاتدا ئەم هەنگاوەی گەلێك لە ناوەندە ئایینییەکان و پیاوانی ئایینی ئەو دەمانەی نزیك کردۆتەوە، بەتایبەتی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ (١٩٠٤-١٩٨٩)، کە یەکێك بووە لەوانەی هاوکار و هاوەڵێکی نزیکی یەکدی خوێندن و کارولێکدانەوەی ئایینی و ڕووناکبیری کوردی بوون، بەجۆرێ ئەوانیشی کە وەك پرۆژەی زانستی ئەم دوو زاتە کردوویانە و بەئەنجامیان گەیاندووە، بەتایبەتی وەك دوو زانای گەورەی کورد لە بەشی کوردستانی باشووردا لەو خزمەتە بێ وێنانەن کە سەرپاکی تەمەن و ئاوەز و فیکری خۆیان بۆ تەرخان کردووە، بەهەمان نەفەس و عەشقی پاك و پشوودرێژیی خۆشیانەوە توانیان کاروانی خۆیان بە دەیان ڕێگای سەخت و دژواردا بگەیەننە جێ، هەر ئەوسا و دوای بەخششێکی گەورە و دەوڵەمەند سەریان نایەوە.

کەسێکی وەك مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە چاپکردن و



بڵاوکردنەوەی یەکەم کتێبییەوە کە پێم وابێ "ئیقبالنامە"یە و یەکەم چاپی لەساڵی (١٩٣٧)دا و لە چاپخانەی "فورات" لەشاری بەغدا بڵاوی کردۆتەوە، تا دوا بەرهەمی کە تائێستا و پاش کۆچکردنی لە کۆتاییەکانی ئابی (٢٠٠٥)دا بڵاونەکراونەتەوە. ئەگەر بێتو سەرجەم بەرهەمەکانی بخەینە سەر یەك ئەتوانم بڵێم: یەکەم ڕووناکبیر و قەڵەم بەدەستی کوردە، تا ئەمڕۆ ژمارەی لاپەڕەکانی نووسین و کتێبە چاپکراوەکانی بە هەزاران لاپەڕە ئەژمار دەکرێ و بێگومانیشم لەوەی کە بەدرێژایی مێژووی کورد کەس نەیتوانیوە بگاتە ئەو پلەیە، وەك دەبینی لە کتێبی (فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد)ەی کە مامۆستا مستەفا نەریمان (١٩٢٥- ١٩٩٥) لەساڵی (١٩٨٦)دا بڵاوی کردۆتەوە، کاتێك باسی لە مامۆستا مەلا کەریم کردووە و ناوی ئەو کتێبانەی کە تا ئەو دەمانە چاپی کردوون، ئەو هەندێکیانی وەك چاپی دووەمو سێیەمیش دەست نیشانکردووە، بەڵام لێرەدا من تەنها دەستنیشانکردنی لاپەڕەکانی وەك یەك چاپ باس دەکەم، واتە لەو ماوەیەوە تا ئەو کاتەی مامۆستا کتێبی خۆی بڵاوکردبێتەوە بەسەر یەکەوە ژمارەی لاپەڕەکانیان ئەگەر چی بەهەڵەدا نەچووبێتمو نەچووم (١٣٩٩٠) سیازدە هەزار و نۆ سەد و نەوەد لاپەڕە و بگرە زیاتریشن، خۆ ئەگەر ئەوانەیشی کە لەو مێژووە بەدواوە بخەینە سەر و تەنانەت کە تائێستا بە چاپ نەگەیەنراون، ڕەنگە دووجای ژمارەی ئەو



لاپەڕانە بن، کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن، ئەمە سەرەڕای ئەو نامانەی کە بۆ مەبەستی جۆربەجۆر بە عێراق و کوردستان و تەنانەت بۆ وڵاتانی تری دەوروبەر و ئیسلامیشی ناردوونی و دەکرێ وەك بەشێکی یەکجار گەورە لە نووسین و کاری زانستیی مامۆستا مەلا کەریمدا باسیان لێوەبکرێ و بۆ زۆر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زانستی پشتیان پێ ببەسترێ.

لەبواری لێکدانەوە و شیکردنەوەی قورئانی پیرۆزیشدا مامۆستا مودەڕیس بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی شارایەکی گەورە و دەوڵەمەندی خستۆتە سەر خەرمانی ڕووناکبیری کوردی و بیری ئیسلامییەوە، هاوکات شیکردنەوەی قورئانی پیرۆز لە (٧) حەوت بەرگی تەواودا بۆ هەریەك لەم دوو زمانە بەشێوازێکی سەربەخۆ لەوانەن کە حەق وایە سەرەڕای دووبارە چاپکردنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی لەلایەن دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستانەوە، ئەمانیش بۆ جارێکی دی و بە تیراژێکی زۆرەوە بڵاوبکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتی ئەوە هاتووە، کە ئەمڕۆ ڕووناکبیرانی کورد بەتایبەتی زانکۆکانی کوردستان کارێکی وابکەن، کە ئەو خوێنکارانەی بڕوانامەی بەرزی "ماستەر" و "دکتۆرا" وەردەگرن، بەتایبەتی لە بەشە جۆربەجۆرەکانی زانستی مرۆڤایەتیدا سەرەڕای سوود وەرگرتنی تەواو لە بەرهەمەکانی، بەڵکو هەوڵی ئەوەش بدرێت، کە تێز و ئەتروحەی لەو بابەتە

لەسەر کەسایەتی و فیکر و سەربردە و لێکدانەوەی مامۆستا مەلا کەریم بنووسرێتەوە و بە شێوازێکی زانستی وەك زانایەکی "کارێزمی" لە چوارچێوەی ڕووناکبیری کوردیدا باسی لێوە بکرێ و سوود لە سەرنج و لێکدانەوەکانی وەربگیردرێ، چونکە بەڕاستی ئەو نووسین و لێکدانەوە و شیکردنەوانەی کە تائێستا لەسەر بەرهەم و شیعر و ئەدەبیاتی شاعیرانی گەورەی وەك نالی (١٨٠٠-١٨٥٦)، مەولەوی (١٨٠٢-١٨٨٢)، مەحوی (١٨٣٠-١٩٠٦) و فەقی قادری هەمەوەند و چەندینی تر کردوونی، بە کەم ڕووناکبیری ئەمڕۆی کورد کراوە و دەکرێ، یان هەر لێکۆڵیارێ کە بیەوێ بۆ نموونە ئەدەبیاتی ئەوانەی کە باسم لێوەکردن بخوێنێتەوە، ئەگەر کەسێکی شارەزا نەبێ لەبواری تەسەوف و شیعری کلاسیکی کوردیدا، ناتوانێ بێ لێکدانەوە و شیکردنەوەکانی مامۆستا عەبدولکەریم لە ژێربێژی و تەسەوف و فەلسەفەی شیعریی ئەوانە بەئاسانی و ڕێکوپێکی بگات، یا وەکتر ئەو لایەنە گرنگەی کە بۆ سەدان زانا و شاعیر و پیاوی ئایینی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری تەرخانی کردوون، بەتایبەتی لە هەریەك لە بەرهەمە ناوازەکانی وەك "یادی مەردان" لە دوو بەرگدا و "بنەماڵەی زانیاران" و "علماء نا في خدمة العلم و الدين"دا کە بە زمانی عەرەبی بلاوی کردۆتەوە، بەجۆرێك سەربردە و ژیان و کاری زانستی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و تەریقەتی ئەوانەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە، کە زۆر کاری زانستی و بەدواداچوونی



ڕووناکبیریمانی بۆ ئاسان و فەراهەم کردووە، وەك دەبینی بەرگی یەکەمی "یادی مەردان" کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، تەرخانی کردووە بۆ سەر ڕەوش و ژیان و سەربردەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی ( ١٧٧٧-١٨٢٦)، لەوانەیە کەم ڕووناکبیری کورد توانیبێتی بەو جۆرەی لەسەر بنووسێ و لێکبداتەوە، یان ئەوانەیشی کە لەسەر ئەم تەوەر و بابەتە و لەسەر ئەم کەسایەتییەیان دواتر نووسیوە قەت نەبووە و نەکراوە، وەك سەرچاوە بۆ نووسین و بەرهەمەکەی مامۆستا نەگەڕابێتنەوە، بە هەموو ئەمانەشدا وامان بۆ دەردەکەوێت، کە مامۆستا مەلاعەبدولکەیمی مودەڕیس "بیارە" لە پرۆژەی نووسین و کاری داهێناندا کەسێکی تەقلیدی نەبووە و ئەو هەموو نووسین و کتێبە چاپکراوانەشی کە بلاوی کردوونەتەوە، زۆریان لەسەر بنەمایەکی تازە و بە سەلیقە و لێکدانەوەیەکی زانستییەوە نووسیویەتیەوە و کاری لەسەر کردوون، بڕوایش ناکەم، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەرهەمەکانی زیندوویی و نرخی زانستی خۆیان لەدەست بدەن، ئەمە لەکاتێکدا زۆر ڕووناکبیرانی کورد چاوەڕوانی ئەوەن، کە ئەو بەرهەمانەی تائێستا بە دەستنووسی و چاپنەکراوی ماونەتەوە ڕووناکی ببینن، بەتایبەتی ئەو لێکداوە و شیکردنەوانەی کە (وەکو ئەڵێن) کە بۆ هەردوو شاعیری ناسراوی کورد سالم (١٨٠٠-١٨٦٦ز) و مەلا مستەفای بێسارانی (١٠٥٣-١١١٤ك) کردوونی کە لە داهاتوودا لەلایەن بنەماڵەی مامۆستا مەلا کەریم و کاك محەمەدی مەلا



کەریمی کوڕییەوەچاپ و بلاوبکرێنەوە .

کەلار ٢١/٣/٢٠٠٦

تێبینی/ پێشتر ئەم بابەتە لە فێستیڤاڵی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) کە لە ئازاری (٢٠٠٦) بەسترابوو، بەو بۆنەیەوە بلاوکراوەیەکیان بەناوی (مودەڕس) دەرکرد، یەکێك لە بابەتەکان ئەم بابەتە بوو، بەڵام لەبەر زۆری کەموکورتییەکانی، بە پێویستمان زانی جارێکی تر لە گۆڤاری گیرفاندا بلاوی بکەینەوە.



# باسێک لە مەڕ سۆفیزم

**نووسینی: م. کەریم ئەحمەد تایشەیی**



میتۆدی سۆفیگەری پانتایەکی ڕوحی مەزنی نێو جیهانی ئیسلامی پێکدێنێ و بەپێی سەردەم و هەلومەرجی مێژوویی سەنگو قورسایی خۆی لە گەلێك ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی بەجێهێشتووە، ئەم چەمکە کاریگەریی ئەکتیفی لە مەڕ بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان نواندووە، ئەگەر وێنایەکی ئەم چەمکە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بنوێنین، ئەوا چ لە ڕووی فەرهەنگ و وێژە و زانستی ئاینی و ڕامیارییەوە ئەوا دەبینین پاشماوەی بەدی دەکەوێ، ئەگەر بزوتنەوەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست سەرنج بدەین، ئەوا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئەم نەهجەی پێوە دیارە و دەتوانین بڵێین توانیویەتی لەو قۆناغەدا سایکۆلۆژیەتی تاکی کوردی پێ ئاراستە بکرێت.

هەڵبەت شرۆڤەکاری و تاوتوێ کردنی ئەم تەوەرە بۆ خۆی

جیاوازە و گوتاری تایبەتی دەویٚ، بەلاٚم ئەوەی لێرەدا پێویستە سەرنجێکە بۆ ئاشناکردنی خوێنەر بە چەمك و پێناسەی سۆفیزم، هەرچەندە دیاریکردنی دەسپێکی دەرکەوتنی سۆفیزم بۆ خۆی ئاڵۆزە و بە شێوازی جۆراوجۆر باسی لێکراوە، بەلاٚم ئەوەی زیاتر بە زەقی دەبینرێت، ناوەڕۆکی ئەم بیرە دەبەنەوە بۆ یۆنانی کۆن، بەم پێیەش تەسەوف پەیوەست نییە بە سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامەوە، ئەوەی دروستە لەم ڕووە بوترێ دەتوانین ناوی لێبنێین تەسەوفی ئیسلامی، ئەم ڕەوتەش بەسەرهەڵدانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕووبەرێکی بەرفراوانی بۆ خۆی قورغ کردووە و بە جۆرێك لە تەواوی ئەو سنوورە جوگرافیایە ئاینەکەی تیادا بلاٚوبووەتەوە و کاری خۆی کردووە یان بە گوزارشتێکی تر ئیسلامەتی دوور لە تەسەوف باس نەکراوە، هەرچەندە سەرچاوەکانی سۆفیزمی ئیسلامی هەمان ژێدەری خودی ئیسلامن، کە خۆیان لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د٠خ) دەگێڕێتەوە، ئەگەر بمانەوێ کارکتەرەکانی ئەم ڕێبازەش نیشان بدەین، ئەوا دەبینین نمایشکردنێکی خودە بۆ بیروباوەڕەکەی، هەروەك زانای سۆفی (ئەبو سولێمانی دارانی) دەبێژێت (دڵی سۆفی خودای گەورەی بینیوە، هەر شتێکیش خودای گەورە ببینێ نامرێ)، چونکە ئەوەی خودا ببینێ نەمرە، بۆیە دەبینین سۆفییەکان باوەڕیان بەوە هەیە، کە ئەوان خۆشەویستی خودان، جگە لەوەی کە خۆیان بە وەلی و کەسی نزیك



لە خوداوە دەزانن، تەنانەت خۆیان بە پاسەوانی سەرچاوەکانی ئاین و ئایەتەکانی قورئان دادەنێن، بەم پێیەش سۆفیزم بریتی دەبێت لە گەیشتن بە نوری خودا و توانەوە تیایدا، کەواتە لێرەوە تەسەوف پێناسەی خۆی دەکات، بەوەی بریتییە لە توانەوەی کەینونەی دیار لە نوری کەینونەی نادیاردا، ئەمەش بۆ خۆی کوشتنی نەفس و لەناوبردنی گومان و دڵەڕاوکی و نیگەرانی و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە یەقین و ئاستی بالاٚ و خاوێن بوونەوە.

لە لێکدانەوەی زاراوەی سۆفی (صۆفی) زۆرێك لە سەرچاوەکان بۆ (صوف) واتە خوری دەبەنەوە، گوایە لە سەردەمی دەسەلاٚتی دەوڵەتی ئەمەویدا کەسانێ بە دیارکەوتوون، کە جۆرە یاخی بوونێکیان ڕاگەیاندووە و ئەو کەسانەش کراسی خوری و پۆشاکی شڕیان پۆشیوە و جۆرە دابڕانێکیان لە چێژولەزەتەکانی دونیا پەیڕەوکردووە، سەرهەڵدانی ئەم گروپەش لەخۆڕا نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی پەرچەکرداری ئەو ناڕەزایی و دەرچوون لە بنەما و پرانسیپانەدا هاتۆتە بوون، کە فەرمانڕەوایانی کۆشك و دەرباری خەلێفە گرتوویانەتە بەر هەر لە چێژ وەرگرتن و خۆ خەریککردن بە کاری دونیەوی و تاڕادەیەکی زۆر لێژکردنەوەی سونەتەکانی پێشینانیان، بۆیە وەك وەلاٚم دانەوەیەك بۆ ئەو هەژموونە (تحدی) یە سەریان هەڵدا و داوای پەیڕەوکردنی بنەما ڕەسەنەکانی ئاینیان دەکرد، وەك دەرکەوتووە کەسی یەکەمیش ئەم وشەیەی بە سەردا



ساغ بووبێتەوە، (ئەبو قاسم کوفی) لە سۆفییە دیارەکانی سەرەتا بوو، بۆ نموونە (رابیعەی عەدەوی ٧٥٤ ز کردووە، مەعروفی کەرخی ٨١٦ ز، زەنونی میسری ٨٦١ ز، جونیدی بەغدادی ٨٨٠ ز مردووە ..).

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم وشەیە ئاماژە بە (جاحظ)ی شاعیر دەکرێ وەك یەکەم کەس لە بەکارهێنانی لە نووسیندا، بێگومان هاتنەکایەی ئەم ڕێبازگە ڕوحییە و توندڕەویەتی و لە پراکتیزەکردنی ئامانجەکانیدا وای دەخواست، کە پەیڕەوکەرانی بیروڕای جیاواز و بەرنامەی جیاواز بگرنەبەر، بۆیە لە ئەنجامدا تەریقەتەکانی سۆفیگەری هاتنەکایەوە، هەر تەریقەتێکیش بەرنامە و پرانسیپی تایبەتی خۆی هەبووە، گرنگترین تەریقەتەکانیش (تەریقەتی نەقشبەندی، قادری، ڕەفاعی، شازلی، سوهرە وەردی، مەولەوی)، ئەگەر پێناسەی تەریقەتیش بکەین، ئەوا دەڵێین تەریقەت مەبەست لێی ڕێگا و روئیایەکی تایبەتە، هۆگرانیشی دەبنە نمایشکەری و لێرەوە لە گروپ و کەسانی دی جودا دەکرێنەوە، چونکە ئەگەر بڕوانینە هەر گروپ و ئایدۆلوژیایەك کە لەنێو ئاینەکاندا سەری هەڵداوە، بەرنامەیەکی تایبەتی بە خۆی هەبووە، لەوانە (خەواریج، موعتەزیلە، ...)، دەبینین پرۆگرامی ئەویان لەوی تر جیاوازە، هەرچەندە لە فەزایەکی تایبەتدا دەخولێتەوە، یاخود ڕوونتر بلێین سەر بە ئایدۆلوژیایەکی گەورەترن لە خۆیان کە ئیسلامە، چونکە دەرهاویشتەی ئەوە و لێوەی سەرچاوەیان گرتووە،



بەلاٚم لە لێکدانەوە و ڕوانین بۆ مەسەلەکانی تر ئەم بۆ ئەو جودا دەبێ ...

ئەگەر بمانەوێ خاڵە گشتییەکانی سۆفیزم بخەینەڕوو، کە دەبێ کەسی سۆفی پەیوەست بێ پێیەوە، دەتوانین لە چوار خاڵدا کۆیان بکەینەوە (١- تەوبەکردن لەسەر دەستی شێخ. ٢- پاکردنەوەی ڕوح. ٣- هۆگربوون بە ڕۆژی دوایی و دیدەنی خودا و پشتکردنە خۆشیەکانی دونیا. ٤- قوڵبوونەوە و (اعتکاف) و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە حەقیقەت)، بەلاٚم سەبارەت بە پلە و ئاستەکانی تەریقەت لە چوار شێوازدا خۆیان دەبیننەوە (شەرعیەت، تەریقەت، مەعریفەت، حەقیقەت)، ئەگەر موریدێك (هەوادارێك) ئەم پلانەی بڕی و جێگەی ڕەزامەندی بابە شێخ بوو، ئەوا دەبێت بە خەلیفە، تاکی سۆفی بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستی ڕوحی ( کە خۆی لە یەقین و ( فنا فی الله ) دەبینێتەوە) کە ئەوانەش (تەوبە، وەرع، زوهد، هەژاری، سەبر، تەوەکل، ڕەزا ..)

سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە باس دەکرا لە نووسین و هۆنراوە و بانگەشەکانی سۆفییە ناودارەکاندا بە زەقی دەبینرێت، کەسێکی وەك (رابیعەی عەدەوەی) کە باس لە ناوەڕۆکی بیرەکەی خۆیان دەکات و دەڵێت (خودایە من لەبەر بەهەشتی تۆ خودا پەرستم نەکردووە، هەروەها لەبەر ترسی دۆزەخیش تەقوا ناکەم، بەڵکو تەنها لەبەر عەشقی تۆ و هیچی تر)، بە خوێندنەوە و سەرنجدان لەو وتەیە

هەوڵدان بۆ گەیشتن بە یەقین و کوینونەی نادیار دەردەکەوێ، سەبارەت بە هەریەکێك لە ڕێگاکانی (تەریقەتەکانی) بواری تەسەوف قسە و باسی جودا هەیە و هەڵدەگرێ و دەتوانین لە دوو توێی بابەتی سەربەخۆدا لێیان بدوێین، بەتایبەت هەردوو تەریقەتی (قادری و نەقشبەندی)، چونکە هەر یەکێك لەو دوو تەریقەتە بەتایبەتی ڕێگای دووەمیان خزمەتێکی گەورەی بە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردیمان کردووە و شۆڕشی گەورە و بیری سەربەخۆی مەزنی لە نێو دەروونی تاکی کوردا پێی ئاراستە کراوە، تەنها نموونەی شۆڕشەکانی (شێخ عوبێدولای نەهری ساڵی ۱۸۸۱ز، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی ساڵی ۱۹۲۵ز، شۆڕشی شێخ عەبدوالسەلام بارزانی ۱۹۱۳ز، بەسە بۆ گرنگی ئەم بیرو ڕێبازە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا.


**سەرچاوەکان:**

١- شێخ عەلادین نەقشبەندی، تەصەوف چییە، بەغداد، ١٩٨٩.

٢- عەتا قەرەداغی، سلێمانی زەمینەی پەرەسەندن و ململانییەی تەصەوف، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٣- د. ڕەشاد میران، ڕەوشتی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستان، چاپی دووەم، کوردستان، ٢٠٠٠.

٤- ئەبوبەکر مەحەمەد بن اسحاف الکلابادزی، التعرف لمذهب اهل التصوف، مصر، ١٩٩٨.

٥- گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارەکانی (٨) و (١٥١).




# تۆماس مـۆر

## ئەو بیرمەندە مرۆڤپەروەرەی
## کە کتێبەکەی لە خۆی ناودارتربوو


**ئامادەکردنی/ بەناز عومەر**




ڕەنگە تۆماس مۆر لەوەدا بەشخوراو بێت، کە کتێبەکەی زۆر لە خۆی زیاتر ناوبانگی هەیە، بەڵێ کتێبی (یۆتوبیا)یە، کە دواتر و ئێستاش وەکو زاراوە لەتەواوی دنیادا بەکاری دەهێنین و لەنێو فەرهەنگەکاندا جێگەی خۆی کردۆتەوە، خاوەنی ئەم کتێبە ناسراوە لە (١٤٧٨/٣/٧) زایینی لە بەریتانیا لەدایکبووە و پەیوەندی بە قوتابخانەی (ساتن ئەتنونی) کردووە و دواتر لە زانکۆی (ئۆکسفۆرد) خوێندوویەتی، هەر لەو کاتانەدا و بەتایبەتی دوای نزیکبوونەوەی لە (ئەرزم) سەرقاڵی خوێندن و لێکۆڵینەوەی یاسا و ئەدەبیاتی کۆنی مرۆیی بووە، تۆماس مۆر بۆ ماوەی چوار ساڵ (١٤٩٩ ـ ١٥٠٣) لە ڕێگەی ئایینەوە لە



کڵێسادا ویستویەتی ئامانجەکانی خۆی لەپێناو مرۆڤایەتی کارپێبکات، بەڵام دواتر ڕێگای سیاسەتی گرتەبەر و لەساڵی (١٥٠٤) توانی ببێتە ئەندامی پەرلەمان.

تۆماس مۆر وەکو هەر سیاسەتمەدارێکی ڕاستی و هەقخواز ڕووبەڕووی کێشەوگرفتی دەسەڵاتداران بۆتەوە، کێشەی تۆماسی پەرلەمانتار ئەوکاتە دەستی پێکرد، کاتێك بە توندی هێرشی کردە سەر ئەو بڕیارەی کە دەبووایە پارەیەکی یەکجار زۆر بە کچی پاشا (هێنری حەوتەم) بە بۆنەی چوونە نێو ژیانی هاوسەرییەوە سەرف بکرێ، بۆیە پاشا باوکی مۆری لە قەڵای لەندەن زیندانی کرد و کەوتە دژایەتیکردنی توندی تۆماس مۆر، هەر لەو کاتانەدا مۆر بڕیاریدا کە لەدنیای سیاسەت دووربکەوێتەوە و خۆی سەرقاڵی هونەری مۆسیقا و ماتماتیك و گەردووونناسی و فێربوونی زمانی فەرەنسی کرد، لەدوای مردنی پاشا هینری حەوتەم لەساڵی (١٥٠٩) تۆماس مۆر گەڕایەوە نێو دنیای سیاسەت و بە گەرمی دەستی دایە کارکردن و بوو بە یەکێك لە سیاسەتمەدارە هەرە کاراکان و لە تەواوی مەسەلەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینی، چەندین پۆستی باڵوێزی لە وڵاتانی دوور وەرگرت و دواتر لەم ماوەیەدا دەستی بە نووسینی کتێبە بەناوبانگەکەی کرد بەناوی (یۆتوبیا)ی تۆماس مۆر، بەهۆی پاکی و دڵسۆزی و چالاکی خۆی توانی دوو پۆستی سیاسی و دادوەری بەدەست بێنێ، ئەوانەش هەردوو پۆستی (سەرۆکی



ئەنجومەنی گشتی و قازی قازییەکان) بوو، کە ئەوەی دووەمیان یەکەمجار بوو کەسێکی دەرەوەی کڵێسا بە دەستی بێنێ لەبواری دادوەریدا، چونکە کەسێکی پاك و بەهەڵوێست بوو، لەپێناو چەسپاندنی یاسادا تەنانەت لە بەرامبەر پاشاش سازشی نەکردووە، بەتایبەت لە مەسەلەی ژنهێنانی دووەمی هێنری هەشتەم، کاتێك (تۆماس مۆر) بە توندی دژی پاشا وەستا و قبوڵی نەکرد، کە دادگای بەریتانیا مافی ژنانی دووەمی پێبەخشی، شایەنی باسە ژنی یەکەمی پاشا ناوی (کاترین) بوو و دووەمیش (ئان پۆلین) لە بەرامبەر پێداگری پاشا، تۆماس مۆر دەستی لە کار کێشایەوە، لە ئایاری ساڵی (١٥٣٢) هەر لەو کاتەدا دوای ئەوەی مۆر ئامادەنەوبوو بچێتە ئاهەنگی ژنهێنانی پاشا، کەوتە بەر ڕقی پاشا و دەست و پێوەندەکانی، ئەبوو وەکو پیشەی هەمیشەیی دەسەڵاتداران و سەرکوتکەر چەندین تومەتی نەشیاوی وەك وەرگرتنی بەرتیل و خیانەتی گەورەیان خستەپاڵ، سەرنجام لە ساڵی (١٥٣٥) بە ناهەق ئەم کەڵەپیاوە لەسێدارەدرا، تۆماس مۆر بەهۆی کتێبەکەی و ئەو بیروباوەڕانەی کە لەوێ دەریخستوون لە ڕیزی بیرمەندانی سۆسیالیستی دادەنرێت و (یۆتوبیا) یەکەم جار لەساڵی (١٥٥١) بە ئینگلیزی واتە دوای مردنی چاپکراوە، بەڵام چاپی یەکەمی بەلاتینی ساڵی (١٥٦٦) بووە، لەکتێبەکەیدا ڕەخنە و تیروتوانجی زۆر ئاراستەی چینی حوکمداری ئینگلتەرا دەکات و لە کتێبەکەدا ئاخافتنێك هەیە

له نێوان (تۆماس مۆر) و (بیتەر گابلز) لەلایەك و دەریاوانێكیش بە ناوی (رالف هایسلۆدای) لەلایەكی تر، كتێبەكە باس لە دوورگەیەك دەكات، كە موڵكایەتی تایبەتی تیا نییە، مۆر لە یۆتوبیادا دەڵێ (كاتێك موڵكایەتی گشتی و پارە و پول دەبێتە پێوەری هەموو شتێك، ئەگەر مەحاڵیش نەبێ، ئەوا زۆر زەحمەتە كۆمەڵگە لە سایەی برایەتی و خۆشگوزەرانی بژێ)، بۆیە لە (یۆتوبیا)كەی مۆردا موڵكایەتی بۆ هەمووانە، فێربوون بۆ هەمووانە لەبەرامبەردا دەبێ هەموو كار بكەن.



# هونەری كاریكاتێر
# لە دوێنێ و ئەمڕۆدا

نووسینی: م.ی. ئیبراهیم عەبدولڕەحمان محمود

**كاریكاتێر چییە؟**

كاریكاتێر بریتییە لە كۆمەڵە هێڵكارییەكی سادە لەگەڵ هەندێك گاڵتەكردن بە كورتی.

بەڵام لە هەمان كاتدا خاوەن مەبەستێكی قووڵ و سەرنج ڕاكێشەر بۆ بیركردنەوە و پیاچوونەوە بەخۆدا و دەستنیشانكردنی هەڵەكان و چارەسەركردنی گونجاو بۆ هەڵەكان بە كورتی ئەمەیە ئامانجی هونەری كاریكاتێر.

**بنج و بنەوانی هونەری كاریكاتێری جیهانی**

ئەم هونەرە لە سەرەتای دەست پێكردنییەوە بە هونەرێكی ڕەخنەیی ناسراوە، لە سەرەتادا لە میسریە كۆنەكانەوە دەستی پێكردووە و بە داهێنەری ئەم هونەرە دەژمێردرێن، فیرعەونەكان ئاژەڵ و نیشانەی سادەیان لە دەربڕینی ڕاوبۆچوونەكانیان بەكاردەهێنا بەرامبەر بە خاوەن دەسەڵاتەكان، لەسەر یەكێك لە دیوارەكانی سەردەمی فیرعەونەكان هێڵكارییەك كراوە، كە وێنەی



ململانێیەكی نێوان پشیلە و مشكدا ڕوویداوە، لەو هێڵكارییەدا دەردەكەوێت، كە شای مشكەكان لەسەر ڤالیسكەیەكی جەنگی ڕاوەستاوە و دوو سەگ ڕای دەكێشن و هێرش دەكەنە سەر قەلایەك كە پشیلەكان بەرگری لێ دەكەن، ئەم هێڵكارییە جێگای گومان نییە، كە لەخۆیەوە نەهاتووە و نووسەرەكەی بەخۆڕایی نەینووسیوە، بەڵكو دەبێ ڕووداوێكی گشتی یان كارەساتێك پاڵ پێوەنەر بێت، كە نووسەر لە شێوەی ڕەمزی ڕووداوەكە پەخش بكات و دوژمنان یان دار و دەستە بچووكانیان لە دژی دەوڵەت بەهێزتر و گەورەتر لە خۆیان بجەنگن.

نیگاركێشە میسریە كۆنەكان هەوڵیان دەدا، بەهۆی نیگاركێشیەوە بارودۆخی كۆمەڵگا بگۆڕن لە دۆخێكی خراپەوە بۆ دۆخێكی چاك، وەك لە یەكێك لەو نیگاركێشیەدا دەردەكەوێت (ئەسپێكی دەریا لەسەر دارێكی بەرز دانیشتووە، كەچی هەڵۆیەك دەیەوێت بە پەیژە سەربكەوێتە سەر دارەكە)، لەم نیگارەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە میسریە كۆنەكان تا چ ڕادەیەك ڕەخنەیان لە ڕژێمی حوكمڕانی گرتووە بەشێوەیەكی سادە، بەڵام ئەم شێوە سادەیە گەلێك كاریگەر بووە، هەروەها لە هێڵكارییەكی تردا هاتووە (ڕێوییەك بووە بە شوانی كۆمەڵێك بزن).

یۆنانییە كۆنەكان گرنگی تەواویان بەم شێوازە هونەرییە داوە، بەتایبەتی كاتێك (ئەرستۆ) و (ئەرستۆفانیس) باسی پیاوێكی



نیگاركێش دەكەن بەناوی (پۆستن)، باس لەوە دەكەن ئەم نیگاركێشە نیگارەكانی بۆ ڕەخنەگرتن لە شێوازی گاڵتەجاری تەرخان كرابوون، لەكۆتاییدا دەبێتە قوربانی ڕەخنە و گاڵتەجارییەكانی و لەلایەن دەسەڵاتەوە دەكوژرێت.

**هونەری كاریكاتێر لە سەردەمی نوێدا**

لەسەرەتادا ئەم هونەرە لە ئەوروپاوە دەستی پێكرد، بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی حەڤدە لە وڵاتی هۆڵەندا، پاشان لە سەرەتای سەدەی هەژدە بەشێوەیەكی فراوانتر بڵاوبووەوە لە وڵاتی ئینگلتەرا لەسەر دەستی (جۆرج توتسهند) تەشەنەی كرد، مەبەستی ئەم نووسەرە لە كارەكانیدا بەگژداچوونەوەی سیاسەت بوو لەو وڵاتەدا، دواتر (ولیەم هۆگارت) شوێنی ئەوی گرتەوە لە بواری نیگاركێشانی گاڵتەجاریدا، لەم نیگاركێشیەدا گوزارشتی لە مێژووی وڵاتی ئینگلتەرا دەكرد، كارەكانی ئەم نووسەرە هۆكارێك بوون بۆ دەركەوتنی قوتابخانەی هونەری كاریكاتێری لەسەر دەستی كۆمەڵە كەسێك لەم بوارەدا، وەك (تۆماس ڕۆلاندسۆن، جیمس جیلرای) كە وێنە هێڵكارییەكانیان دژایەتییەك بوون بەڕووی دەسەڵاتەوە و نیگارەكانیان لە شێوەی ڕەش و سپی دەنووسی و بەسەر كتێبخانەكاندا دابەشیان دەكرد، بۆ ئەوەی كاریگەریی زیاتر لەناو كۆمەڵگادا بنوێنێت.

لە وڵاتی ئیتاڵیا نووسەری بەناوبانگ (نیبال كاراتشی) وەك

هونەرمەندێکی بەتوانا لە بواری هونەری کاریکاتێریدا شوێن دەستی دیار بوو، لە پێش ئەم نووسەرەوە (جیرۆم بۆش) بوو، بەشێک لە مێژوونووسان لەو بڕوایەدان، کە (لیۆناردۆ دافانشی) سەرکردەی ئەم شێوازە هونەرییە لە وڵاتی ئیتاڵیادا.

لە وڵاتی فەرەنساشدا لە سەدەی نۆزدەیەم هونەری کاریکاتێر بڵاوبووەوە و بەشێوەیەکی زۆر فراوان نوێکردنەوەی بەخۆوە بینی و لەسەر دەستی کۆمەڵێک نیگارکێشی وەکو (شارڵ نیلیپۆن) کە بووە یەکەم کەس گۆڤارێک لە بواری کاریکاتێردا دەربکات، دوا بەدوای ئەم گۆڤارەش ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەناوی (شیفارد) لەساڵی (١٨٣٠)ز دەرچوو، دوا بەدوای ئەم هونەرمەندەش هونەرمەند (ئەندریە دوومییە) دەرکەوت، کە بەهۆی نیگارەکانییەوە لەسەردەمی (شالوی فیلیپ) دووچاری بەندینخانە بووەوە، چونکە لە نیگارەکانیدا ڕەخنەی لە چینی بورجوازی دەکرد و بەتایبەتی لە کەسێتی شا، (دومییە) یەکەم کەس بوو وێنەی کاریکاتێری لە شێوەی ڕێکلامی سەربەخۆ بەکارهێنا.

لە یەکێتی سۆڤێتی جارانیش ئەم هونەرە لەسەر دەستی (بنیە سترۆب و لورسی نیڤیمۆڤ) دەرکەوت، کە وێنەکانیان دژایەتی تەواوی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و جەنگی دووەمی جیهانی دەکرد.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ئەم هونەرە شێوازێکی نوێی گرتەبەر، لەم وڵاتەدا لە شێوازی کتێب دەرکەوت و وەک



کتێبێکی کۆمیدی کەوتە بەر دەستی خوێنەران، لە ئەمریکادا ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە هونەری کاریکاتێردا بینی.

لەسەرەتای سەدەی ڕابردوودا بەناوبانگترین نووسەر لەم بوارەدا (جۆرج کابروت)ی ئەڵمانی بوو.

هەرچەندە هونەری کاریکاتێر لە وڵاتانی عەرەبی سەری هەڵدا، بەڵام لە ڕووی گەشەکردنەوە دواکەوت، بەتایبەتی لەسەردەمی نوێدا یەکەم کەس دەستی دایە نووسینی هونەری کاریکاتێر لە قۆناغی نوێدا (یەعقوب سەنوع)ی ڕۆژنامەنووس بوو، کە ڕۆژنامەیەکی دەردەکرد لەژێر ناونیشانی (ابو نفار) واتە باوکی چاویلکە، دوا بەدوای ئەم هونەرمەندە کۆمەڵێک بەهرەداری تر دەرکەوت، وەکو (ڕەزا) نووسەرێکی میسری بوو و بەهۆی بەرهەمەکانییەوە لەلایەن داگیرکەری ئینگلیزی چەند جارێک بەندکرا، دوا بەدوای ئەویش (عەبدولسەمیح) بوو.

لەهەمان کاتدا نووسەری گەورەی ئەڵمانی (سانتیز) و (زمقی تورکی) و (ساروخانی ئەرمەنی) لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر بەرهەمیان بڵاوکردەوە، دوا بەدوای ئەمانیش (سەلاح جاهین، جۆرج بەهجوری، ناجی ئەلعەلی، بەهجەت عوسمان) لە بواری هونەری کاریکاتێریدا لە ناوەڕاستی ساڵەکانی پەنجای سەدەی ڕابردوو دەرکەوتن، هەروەها لە وڵاتانی تری عەرەبیدا خاوەن بەهرە



دەرکەوتن، وەکو (غازی) لەوڵاتی عێراق و (عەبدول لەتیف مارینی و سەمیر کەحلە و عەلی فرزات) لە وڵاتی سوریا، هەروەها (محەمەد زوادی) لە وڵاتی لیبیا و (خەلیل ئەلئەشقەر) لەوڵاتی لبنان، لەم نمایشکردنەدا لە ڕووی مێژوویی و قۆناغی نوێدا بۆمان دەرکەوت، کە هونەری کاریکاتێری هونەری ڕەخنەگرتن و خەونەکانە لە شێوازی هێڵکاری تەنزی کورت لە دژ دەسەڵاتداران بەشێوەیەکی گشتی و سیاسەت بەتایبەتی.

## جۆرەکانی کاریکاتێر

هێڵکاری کاریکاتێری بابەتێکە یان بە واتایەکی تر پەیامێکە لەلایەن نووسەرەوە بۆ بینەر لە چوارچێوەی ڕێرەوێکی هاوبەش لە نێوان ئەم ژینەدا کە نووسەر تیایدا دەژێت، دەتوانین بەشەکانی هونەری کاریکاتێر دەستنیشان بکەین، ئەمانەن:

١- کاریکاتێری کۆمەڵایەتی: ئەم بەشە کێشە و ناڕەزایی کۆمەڵگا دەستنیشان دەکات.

٢- کاریکاتێری ڕامیاری: ئەم جۆرەیان گرنگییەکی تەواوی پێدەدرێت لە جیهانی کاریکاتێری و ڕەخنەیەکی زۆر لە پەیڕەوکەرانی ئەم بوارە دەگیرێت.

لە جۆرەکانی کاریکاتێردا دەتوانین دوو جۆر کاریکاتێر دەستنیشان بکەین، وەکو کاریکاتێری خۆماڵی و کاریکاتێری جیهانی، لە کاریکاتێری خۆماڵیدا دەکرێت هەندێک تەنزی لەگەڵدا بێت،



بەڵام جۆری دووەم واتە کاریکاتێری جیهانی واباشترە تەنها بە وێنە گوزارشت لە مەبەستەکان بکات، لەبەر ئەوەی تەنزەکە لەوە ئەچێ بێ سوود بێت لەکاتی وەرگێڕاندا.

جۆرێکی تریش لە کاریکاتێر کاریکاتێری وەرزشییە، ئەم بەشەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری یەکەم واتە کاریکاتێری کۆمەڵایەتی، لەم بەشەدا نووسەر گرنگی بە هەموو شتێک دەدات کە پەیوەندیی بە لایەنی وەرزشییەوە هەبێت.

بەکورتی و کوردی دەتوانین بڵێین ئامانجەکانی نووسەری کاریکاتێر چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانە و بە چەند هێڵکاریەک دەریدەبڕێت و ڕەخنە لە ناڕاستەکان دەگرێت و سەرجەم هێڵە سوورەکان دەشکێنێت و سنوور دەبەزێنێ، بۆئەوەی گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگادا ڕووبدات.

# زمان و ڕاگەیاندن

نووسینی/ م.ی. دارا حمید محمد
کۆلێجی پەروەردەی کەلار

ڕاگەیاندن بە هەموو جۆر و بەش و لقەکانییەوە بە نووسراو و بیستراو و بینراوەوە، ڕاگەیاندنی فەرمی وڵات بێت، یان زمانحاڵی حزب و لایەنێکی تایبەت یان سەربەخۆ بێت، مەبەستی سەرەکیی خزمەتکردن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵو کەسەکانی کۆمەڵ دەبێت، ئینجا خزمەتکردنی کەلتور و زمان و ئەدەبیاتی گەل و میللەتە، چونکە لای هەمووان ئاشکرایە، ئەمڕۆ ڕاگەیاندن بەناو کرۆکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ڕۆچووە و دەستی دەگاتە هەموو چینو توێژێکی کۆمەڵو لە دەرگای هەموو کێشەو گیروگرفتو کەموکوڕییەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەتو حزبیو هەندێجار تەنانەت تاکە کەسییەکانیش دەدات، بێگومان ئەمانە هەموو بە دیوی خزمەتکردن و هۆشیارکردنەوەی کۆڕ و کۆمەڵدا دەشکێتەوە، کەواتە دەخوازێ ئەم بوارە پڕ حەیەوییەتە، کە سەرتاپای ژیانی مرۆڤایەتی تەنیوە و بووە بە بەشێکی زۆر گرنگ و پێویستی کۆمەڵ کە جیارکردنەوە و دابڕانی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی مەحاڵە، گرنگی



پێویست و هەمەلایەنەی بەپێی بواری کارکردن پێبدرێت، چ لەڕووی فۆرمەوە بێت، کە زیاتر زمانی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە، یان لە ڕووی ناوەرۆکەوە بێت، کە بابەت و لێکۆڵینەوە و دیدەنی و ڕیپۆرتاژ و ...... هتد دەگرێتەوە، سەبارەت بە خاڵی دووەم واتە ناوەڕۆك پێویستە بە شێوەیەکی زانستییانە ئەنجام بدرێت، چونکە هەر بابەتێك لەو بابەتانە ڕێوشوێن و کات و شێواز و زمانی تایبەتی خۆی هەیە، کە پێویستە ڕەچاو بکرێت، بۆ نموونە ڕووداو و هەواڵەکان چ سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری، پێویستە لە ڕاگەیاندندا باسی هەنووکەیی بن و بە زمانێکی سادەی شێوەگشتی بڵاوبکرێتەوە، بەڵام دیدەنییەك لەگەڵ کەسایەتییەك یان ئەدیبێك یان شاعیرێك یان نووسەرێك ئەوا پێویستە بە زمانێك ئەنجام بدرێت کە لە ئاستێکی بەرزدابێت، تا ڕادەیەکیش لە زمانی ستاندارد نزیك بێتەوە، بەم شێوەیەش زمان و ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن یەکانگیردەبن.

کەواتە فاکتەری سەرەکیی لە ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاگەیاندندا (زمان)ە، ئینجا تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی سەردەم وەك ئینتەرنێت و هۆیەکانی گەیاندن ..هتد، بێگومان هەریەکێ لەو فاکتەرانە شوێن و گرنگی خۆی هەیە لە ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاگەیاندندا. لە بەرانبەریشدا ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خزمەتی ئەو فاکتەرانە دەکات بەتایبەتی (زمان)، کە ئەمە ناوەڕۆك و کرۆکی



بابەتەکەی ئێمەیە، هەڵبەت زیاتر مەبەستمان زمانە لە ڕاگەیاندنی کوردیدا و تا چەند ڕاگەیاندنی کوردی خزمەتی زمانی کوردی کردووە.

ڕاگەیاندنی کوردی هەر لەسەرەتای پەیدابوونییەوە وەك ڕاگەیاندنی هەموو نەتەوەکانی تر لە خزمەتی زمانی کوردیدا بووە، ئەم بۆچوونەش چەندین پرسیارمان لا دەورووژێنێت، لەوانە:

١. ڕاگەیاندن چۆن خزمەتی زمان دەکات؟
٢. زمانی ڕاگەیاندن دەبێت چۆن بێت؟
٣. ئایا ڕاگەیاندنی کوردی خزمەتی زمانی کوردی کردووە؟
٤. بەڵگەکانی خزمەتکردنی یان خزمەت نەگەیاندنی ڕاگەیاندن بە زمانی کوردی چین؟
٥. سەرنج و پێشنیارەکان بۆ چاککردنی زمان لە ڕاگەیاندنی کوردیدا چین؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری تر کە لەم جۆرە باسانەدا دێنە ئاراوە و وەڵامەکانیش تا ڕادەیەك ناوەڕۆك و مەبەستی بابەتەکە ڕووندەکەنەوە، ئێمەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە پرسیارانە دەڵێین:

دیارە هەموو ڕاگەیاندنێك کەم تا زۆر لە خزمەتی زماندا دەبێت، چونکە هەموو ئەو بڵاوکراوانە و نووسین و ڕاڤەکردنو لێکۆڵینەوەو ڕیپۆرتاژ و باسو.... هتد کە لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە



بڵاودەکرێنەوە بە زمان ئەنجام دەدرێت یان بە نووسین کە دیوی دووەمی زمانە، ئەو چالاکییانەی ڕاگەیاندن بە دەیان و سەدان نووسەر و ئەدیب و شاعیر و ڕووناکبیرو سیاسەتمەدار تێیدا بەشداردەبن، کە بێگومان ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە دەوڵەمەندکردنی زماندا لە ڕووی وشە و زاراوەوە و پێشخستنی زمان لە ڕووی شێوازەوە بەم شێوەیە ڕاگەیاندن خزمەتی زمان دەکات.

زمانی ڕاگەیاندن هەمان زمانی نووسینی میللەتە، واتە پێویستە زمانی ڕاگەیاندن زمانێکی پەتی و ڕەوان بێت، بەڵام ئەمڕۆ لە ڕاگەیاندنی هەموو جیهاندا و لە ئەنجامی کاریگەریی تەکنۆلۆژیا و بەجیهانیکردن وشەگەلێکی زۆر هەن کە تا ڕادەیەك لە زمانی ستانداردی جیهانیەوە نزیك دەبێتەوە، گەر وەك بناغەیەك بۆ ئەو جۆرە زمانە سەیر نەکرێت بەکاردەهێنرێن، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی هەندێ وشە و زاراوەی بیانی کە لە ئەنجامی هاوسنووری یان داگیرکارییەوە یان لە ڕێی هۆکارەکانی تری وەك کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینەوە لە ناو گەلانێکدا بڵاودەبێتەوە و ئینجاش شتێکی ئاسایی دەبێت کە لە ڕاگەیاندنی ئەو گەلانەدا بەکاربهێنرێت، زۆر گرنگ و پێویستە کەسانی بواری ڕاگەیاندن (ڕۆژنامەنووس، بێژەر... هتد) شارەزاییەکی باشیان لە زمانی ستانداردی میللەتەکەی خۆیاندا هەبێت، چونکە هەموو یاسا و ڕێسا سینتاکسی و فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییەکانی ئەو زمانەی تێدا

بەرجەستە دەبێت، دیارە ئەو شارەزاییەش لە ڕێی خوێندن و خوێندنەوە بەردەوام و زۆرەوە بەدەست دەهێنرێت.

سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێشخستنی زمانی کوردیدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەین، کە ڕاگەیاندنی کوردی هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە خزمەتی باشی زمانی کوردی کردووە، بۆ نموونە گەر سەیری زمانی نووسینی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە بەناوی (کوردستان)ەوەیە بکەین، دەبینین هەرچەندە هەوڵی نووسەرانی ئەو کارە پیرۆزە بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی ئاشکرا و دیارە، بەڵام زمانی نووسین لەو ڕۆژنامەیەدا لە زمانی ئەدەبیاتی کلاسیك و ئەدەبیاتی عوسمانلی دەچێت، بەڵام ئەمە سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی بوو و هەر لە ڕێی ئەم ڕۆژنامە و ڕۆژنامەکانی دوای ئەمەوە بە تایبەتیش لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا (١٩٣٩ - ١٩٤٩) خزمەتێکی زۆری زمانی کوردی کراوە و زمانی کوردی لە سایەی نووسین و بڵاوکراوەکانی ئەو گۆڤارە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تری ئەو سەردەمەوە گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی.

هەر ئەو کارانە زەمینە خۆشکەر بوون بۆ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی لە لایەن کورد زمانانەوە، کە سەرەتا بە لێکۆڵینەوە دەستیپێکرد لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە و ئینجا لە دوای شۆڕشی ١٩٥٨ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەبارەی زمانی کوردییەوە دەستیپێکرد، لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)یشەوە



ڕاگەیاندنی کوردی هەنگاوی زۆر پێشکەوتووی ناوە و چەندین قۆناغی باشی بڕیوە، دیارە ئەمەش خزمەتکردنی ڕاستەوخۆی زمانی کوردی تێدایە، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، چ نووسراو و بینراو و بیستراو دا، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیاکاندا زۆرجار هەڵەی ئەمەندە زەق و گەورە دەبینین چ لە شێواز و دەربڕینەکاندا، یان لە بەکارهێنانی تەواوی سیستەمی (S.O.V) دا کە یاسای سینتاکسی زمانی کوردییە، بەڕاستی مایەی نیگەرانی و تراژیدیای زمانە لە ڕاگەیاندندا، خەمی گەورەی ئەو هەڵانە لەوەدایە کە لە زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە گەورە و میدیاکاندا دەبینرێت، دیارە مەبەستیشمان ئەوە نییە لە نرخ و بەهای ئەو بڵاوکراوە کوردییانە کەم بکەینەوە، بەڵام لە ڕاستیشدا بێدەنگبوون لە ئاستی ئەو هەموو هەڵەیەی کە لە شێواز و لایەنی زمانەوانی لە بەرهەمەکانی ئەو بڵاوکراوانەدا دەبینرێت کارێکی مەحاڵدەبێت، بەتایبەت بۆ شارەزایانی زمان و هەموو خوێنەرێکی دڵسۆزیش.

دیارە گەر چاوێك بە هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکی دنیای ڕاگەیاندنی ئەمڕۆی کوردیدا بخشێنین، بە دەیان هەڵەی گەورە تەنانەت زۆرجار لە مانشێتە زۆر دیارەکانیشدا دەبینین، کە خوێنەرێکی زۆر ئاسایی و تەنانەت کۆڵکە خوێنەوارێکیش هەستی پێدەکات، کەچی بەداخەوە بەسەر ئەو هەموو کەسانەدا کە ستافی ئەو بڵاوکراوەیە پێکدەهێنن تێدەپەڕێت، ئەوەش نییە تەنها جارێك بێت، بەڵکو هەمیشە ئەو



هەڵانە دووبارە دەبنەوە، بۆیە وەك پێشنیارێك بۆ دەستەی ڕاوێژکار و سەرنووسەر و هەموو ستافی ئەو بڵاوکراوانە دەڵێم تکایە، پێش بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان بە نووسین و دەقەکاندا بچنەوە و گەر بشکرێت لیژنەیەك بۆ چاککردنی هەڵە زمانییەکانی دەقە نووسراوەکان پێکبهێنرێت، تا بە وردی بە دەقو نووسراو و مانشێتەکاندا بچنەوە و ئینجا بڵاو بکرێنەوە، هەرچەندە ئەو لیژنەیە لە هەندێ ستافی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هەن، بەڵام وەك پێویست بە کارەکانیان هەڵناسن، بۆیە تکامان وایە، کە زیاتر خۆیان ماندوو بکەن، تا زیاتر خزمەتی زمانە خۆشەویستەکەمان بکەین.



# زمان و بیر

و/ م.ی. ئومێد برزان برزو



زمان هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لە هەستی مرۆڤایەتی، ئەمەش بە واتای ئەوەی لەسەرەتاوە بوونی ئەم هەستەیە، پاشان بەهۆی زمانەوە گوزارشتی لێدەکەین.

ئایا دەتوانین بڵێین هەمان وتەیە کاتێ بیرمان کردووە کە زمان ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لە بیر؟ یان لێرەدا ئایا بیرێکی ڕووتە و پشت بە زمان نابەستێ؟ یان زمان و بیر یەك شتن؟ یان زمان ڕێڕەوی بیر دیاری دەکات و سنوورەکەیشی دەستنیشان دەکات؟

تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ هیچ وەڵامێکی تەواو دەربارەی هەریەکە لەم پرسیارانە نییە، هەر لەبەرئەوە توێژەکان هەڵوێستی جیاجیان هەیە و لەهەمان کاتدا بیروڕاکانیان لەسەر ئەم بابەتە پێچەوانەن، بەڵام زانایانی دەروونناسی کە شوێنکەوتووی قوتابخانەی ڕەوشتین وەك (جۆن واتسۆن) جیاوازییان لە نێوان زمان و ئاخاوتندا نەدەکرد، بەڵکو وای بۆ دەچن کە زمان ئاخاوتنە (تەنها بۆ قسەکردنە) و وای

دادەنێن بیرکردنەوە جۆرێکە لە ئاخاوتنی ناوەوە، کە دەبڕینەکەی تەنها لەسەر ئاستی قوڕگدایە، هەروەها (سکنیر) کە یەکێکە لە گەورەترین زانایانی زانستی زمانی دەروونناسی پێشتر ئاماژەی پێداوە و وای دادەنێ کە بیرکردنەوە جۆرێکە لە هەڵسوکەوتی مرۆیی و بەتەواوی وەکو هەڵسوکەوتی زمانی وایە، لەبەرئەوەش وای دادەنێت نابێ جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت وەکو دوو دیاردەی جیاواز سەیر بکرێن.

ئەمەش بۆچوونێکە کە بە درێژایی لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا نەچەسپاوە، بە ئەزموونێکی زانستی بۆمان دەرکەوتووە، کە لەکارخستنی جوڵەی ئەندامەکانی ئاخاوتن بەهۆی مادەیەکی بێهۆشکەرەوەیە، بۆ نموونە کاریگەری لەسەر ئاخاوتن هەیە و بەگشتی ئەیوەستێنێ، ئەمەش هیچ کاریگەرییەك ناکاتە سەر توانای بیرکردنەوە، ئەمە لەلایەن جەستەییەوە، بەڵام لەلایەن زمانەوانانی وەکو (دی سوسێر و چۆمیسکی و ئەوانی تر) سەلماندوویانە، کە زمان سیستەمێکی ڕووتە و هەموو ڕۆڵەکانی کۆمەڵگا بەشداری تێدا دەکەن، بەڵام ئاخاوتنی ڕاستەقینە یەکێکە لەشێوەکانی توانای زمانیی تەواو، بێگومان شێوەی تریشمان هەیە، کە گرنگییەکی کەمتر نییە لە ئاخاوتن وەکو بیرو سوودێکی باشی هەیە لەو سیستەمەی کە زمان ئەینوێنێ.

بەڵام بۆچوونی ڕای بەرامبەر کە خۆی لە بیردۆزەکانی (هەردەر)



و (همبۆڵت) و ئەوانی تر لە ئەوروپا دەنوێنێ، ساپیر لە ئەمریکا لەم بارەیەوە دەڵێت: (زمان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕێگای بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگادا هەیە کە بەو زمانەی دەدوێن و جیاوازە لە ڕێگای بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایەکی تر کە بە زمانێکی تر دەدوێن)،بەڵام ئەمانە بەشێوەیەکی ڕاست بۆچوونەکایان لەسەر جۆری پەیوەندیی نێوان زمان و بیر ڕوون نەکردۆتەوە، بەڵام خاوەنی بۆچوونێکی ڕوون لەبارەی ئەم پەیوەندییەوە بۆچوونەکەی (بینامین لی ۆرف)ی ئەمریکییە و خوێندکاری ساپیر بووە، کە توێژینەوەکەی لەسەر زمانەکانی هندە سوورەکانی ئەمریکا و بەراوردکردنی بە زمانەکانی ئەوروپای نوێ بووە، ئەو بۆچوونە بەناوبانگەش بەناوی (گریمانەی ۆرف)ە، هەروەها دەڵێت بنەمای یان پێکهاتەی زمانی بیر دیاری دەکات و بەشێوەیەکی تەواو دەستی بەسەردا دەگرێت، لەبەرئەوە زانیاری و ئەزموون و بۆچوون و هەڵوێستی مرۆڤ لەم جیهانەدا بە پێی زمانەکانیان جیاوازە کە پێی دەدوێن، یان ئەم دنیایەی کە هەندێك دەیبینێ جیاوازە لەو دنیایەی کە هەندێکی تر دەیبینێ، هەریەکە لەم دوو کۆمەڵەیە یان دوو کۆمەڵگایە بە دوو زمانی جیاواز قسە دەکەن، خاوەنی ئەو بۆچوونە نموونەیەکی زۆری لەسەر بنەمای کارەکان (فعل) داوە بەشێوەیەکی تایبەت لە یەکێك لە زمانی هندیە سوورەکان بەناوی (هۆپی) و بەراوردی لەگەڵ بنەمای کار لە زمانی ئینگلیزیدا کردووە،



لەئەنجامی ئەوەدا بۆچوونی هەریەکە لەم دوو کۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ کات وەکو جیاوازییەکی بنەڕەت لە کۆمەڵگایەکی تردا، لەبەرئەوە وەکو ۆرف ڕوونی کردەوە، کە زمان کاریگەریی لەسەر بیر هەیە، ئەمەش لە ئەنجامی ڕاستی کارەکەی بۆی دەرکەوت، کە لە یەکێك لە کارگەکانی نەوتی خۆماڵی بەرپرس بووە، لەو کاتەی کە بەدوای هۆکارەکانی ئاگرکوژاندنەوە گەڕاوە، تەماشای کرد، کە کرێکارەکان مامەڵەیان لەگەڵ بەرمیلە نەوتە بەتاڵەکاندا دەکرد بەبێ ئەوەی گرنگییان پێ بدەن، بەڵام گرنگییەکی زۆریان بە مامەڵە کردن لەگەڵ بەرمیلە نەوتە پڕەکاندا دەکرد، لەپاشاندا بینی، کە کرێکارەکان لەڕاستی ئیشەکەیاندا تێنەگەیشتوون، بەوەی کە هەندێ لەو بەرمیلانە بەڕاستی پڕ بووە، بەڵام پڕ نەبووە لە نەوت، بەڵکو لە هەڵم و غاز پڕ بووە کە لە نەوت دەردەهێنرێت لە کاتی بەتاڵکردنیدا، لەم بارەدا بەپێی بۆچوونی ۆرف ئەم تاوانە بەهۆی وشەی (بەتاڵ)وە بووە، یان لەسەر ئەو زمانەی کە کاریگەریی لەسەر ڕێگای بیرکردنەوەی کرێکارەکان هەبووە و وای لێکردوون بەو شێوەیە مامەڵە بکەن، واتای ئەم بیردۆزەش ئەوەیە کە بیر بەبێ زمان بوونی نییە، ئەمەش لەگەڵ بیردۆزەکەی پێشوودا دەگونجێت.

بەڵام ئەم بیردۆزە یان ئەم شێوە توندڕەوەی کە لە بیردۆزەکەدا هەیە، هێشتا بەرامبەر بە ڕەخنە و توێژینەوە جێگیر نەبووە، وەکو دیارە بیر هەیە بەبێ بوونی زمان، بە بەڵگەی ئەوەی وەکو



بەدەستهێنانی بەرهەمی هونەری لە وێنە و شێوەکاری و وێنەگرتن و مۆسیقا بەبێ ئەوەی پێویستیان بە زمان هەبێت، هەروەها هەندێ زانستی کرداری وەکو بیرکاری و لۆژیکی نیشانەیی کە لەسەر نیشانە ئەنجام دەدرێت، دەبینین پەیوەندییەکی گەورەی بە زمانەوە نییە کە ئێمە بەکاری دەهێنین، بەڵام ئەو ڕێگایانەی کە بمانەوێت قسەی لەسەر بکەین، پێویستیمان بە زمان هەیە، کە ناتوانرێت بەبێ زمان کارەکە ئەنجام بدرێت، ئەم بەرهەمە هونەری و مێشکییە کاری چەند کەسێکی زۆر کەم و خاوەن بەهرەیەکی بەتوانان لە بوارێك لە بوارەکان، بەڵام ئەمە بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە توانایاندا نییە کە بیر بکەنەوە، بە واتای هیوای هەبێت لە سنوورێکی دووردا کە توانای زمانییان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە کە زمان کاریگەیی لەسەر ڕێگای بیرکردنەوەی تاك هەیە، کە بە زمانێکی تایبەتی ئەدوێت، بەڵام پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوانیاندا نییە، وەکو یەکەم جار بیر پێکهاتبێت، پاشان زمان گوزارشتی لێبکات یان بەپێچەوانەوە، بەڵام ڕاسترین وتە ئەوەیە، کە زمان و بیر هەریەکەیان تا ڕادەیەکی زۆر پشت بەوەی تریان دەبەستێت، بەڵام ئێمە ناتوانین بیر بکەینەوە دوور لە توانای زمانیمان، هەروەها ناتوانین قسە بکەین بەبێ بیرکردنەوە.

سەرچاوە// د. نایف خرما، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، الكويت، ١٩٧٨.

# ئازادیی ڕادەربڕین هۆکارێکە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی

نووسینی: شێرکۆ حبیب
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: ڕەحمان عەلی ڕەمەزان

بۆ دەسکەوتنی زانیاریی تەواو بۆنموونە لە ولاَتە یەکگرتووەکان دەبینین ڕۆژنامەوانی تەنها پیشەیە کە ناوی هاتووە لەدەستوردا، کە ئەمە دەقەکەیەتی (کۆنگریس بۆی نییە، هیچ یاسایەك دابنێت بۆ سنووردارکردنی ئازادیی قسەکردن و ڕۆژنامەوانی) و (تۆماس جیفرسون) کە سەرۆکی سێیەمی ولاَتە یەکگرتووەکانە لەساڵی (١٧٨٧)زدا وتوویەتی: (ئەو بنەڕەتەی کە حکومەتەکەمان لە سەری دادەمەزرێت، ڕای گەلە و ئامانجی یەکەم دەبێ پاراستنی ئەو ما فە بێت و گەر من سەرپشك بکرێم لە نێوان ئەوەی کە حکومەتێکی بێ ڕۆژنامەوان هەبێ یان ڕۆژنامەی بێ حکومەت، یەك چرکە پاشگەز نەدەبوومەوە لەوەی کە هەڵبژاردەی دواین بە باش بزانم).

لە کۆمەڵگە ئازادەکان ڕۆژنامەوانەکان تەنها پاراستنی یاسای



دیاریکراویان نییە و بەس، بەڵکو بەرپرسیاریەتی تر دەکەوێتە ئەستۆیان، لە هەندێ ولاَتدا ئەو بەرپرسیاریەتیانە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دیاری دەکرێ و لە هەندێ ولاَتی تر تێگەیشتوو بەشێوەی هاوبەشی دەبێ، بەلاَم لە هەموو بارەکاندا چوون یەکن، ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی ڕۆژنامەوانان هێشتنی هاولاَتیانە بە ئاگایی لە ڕۆیشتنی ڕەوتی ڕووداوەکان و بەرپرسیارێتی بەرچاوخستنی زانیارییە وردەکان بە ڕێگایەکی پاك و بە ویژدان و بێلایەن لە هەموو لایەنگریەکی ناڕەوا.

ئازادیی ڕادەربڕین هۆیەکە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، سەرەڕای ناونانی هەندێ نازناو بۆ ڕۆژنامەوانی، بەلاَم بەپیشەیەکی کارامەیی و وەك دەڵێن زیرەکی دادەنرێت، بەشێوەیەك کە ڕۆژنامەوانەکان کارامەیی تایبەتییان هەیە و دەستی پێوەدەگرن بەپێوانەی هاوبەش و ڕۆژنامەوانی ئازاد بە بناغەی دیموکراسی دادەنرێت و هۆیەکە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ژیاری ئازاد و بنیاتنانی دەوڵەتی دیموکراسی، وەك لە وتەی نووسەری ڕامیاری فەرەنسی (الکسیس دی توکفیل) لەماوەی سەردانەکەی بۆ ولاَتە یەکگرتووەکاندا هاتووە، کە لەپێش (٢٠٠) ساڵ وتویەتی: (نەك ئاسان نییە، بەڵکو ڕۆژنامەی ڕاستی نابێت بێ دیموکراسی و دیموکراسی بێ ڕۆژنامە نابێ)، ڕاستی ئەو وتەیە سەلمێنراوە بۆ کارەکە لەو کاتەوە لە چەندان ولاَتی جیهان دیموکراسی دامەزرا و



هەردوو پێکەوە پشت دەبەستن بەوەی کە هاولاَتیان ئاگاداربن لە کارەکانی حکومەت و ڕامیارییەکان و ڕاستییەکان، کە خەڵك پێویستیانە بۆ ئەوەی بە خۆیان حوکم بدەن لەسەر کارەکانی حکومەت، وەك دەبینین هەندێ ولاَت پشتگیری کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن بە کاریزمای یاسایی بۆ پاراستنی ڕۆژنامەوانی ئازاد بۆ دەستەبەرکردنی توانای ڕۆژنامەوانەکان.

هەروەها هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەکۆمەڵگا دیموکراسییەکاندا کاری زیاتر دەکەن و چاودێری چالاکییەکانی دەسەلاَتی سیاسی و داد دەکەن لەحکومەتدا لە ڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە، هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کاریگەریی گرنگ دەبینن لەپارێزگاری و مانەوەی دیموکراسی و سەرکەوتنی ئەوەش بەهۆی گەیاندنی ڕاوپێشنیاری ئەو کەسانەی دەنگیان نییە و دەستەبەرکردنی ئەوەی کە زۆرینە ئەتوانێت کە لە دەسەلاَتدایە زاڵ بێت یان پشتگوێ و پەراوێزی مافی کەمایەتی بکات، نووسەری ئەمریکی گاڵتەجاڕ (فینلی بیتەردان) لەسەدەی نۆزدەهەم وتوویەتی: کاری ڕۆژنامەوان ئەوەیە (دڵنەوایی پێکراو بداتەوە و ئازاریی ئاسودەکان بدات)، ڕۆڵی سەرەکی ڕۆژنامە لە کۆمەڵگە ئازادەکان هەر بە هەمان شێوە ڕۆڵی مایەوە و نەگۆڕاوە چەندان ساڵە،ئەوەش لە ڕێگای تێڕوانینی لیژنەی ڕۆژنامەوانی و پەیوەندیداران بە کاروباری پیشەکەوە دەرکەوتووە، ئەوانیش کۆمەڵێکن کە بارەگایان لە ولاَتە یەکگرتووەکانە، ڕای ڕۆژنامەوانان



دەربارەی سروشتی پیشەکەیان لەکۆتایی سەدەی ڕابردوودا، ئەو بۆچوونە هاوبەشەی لەنێوانیان ئەنجام درا و ئامانجی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی ئەوەیە هاولاَتیان بە زانیاری ورد و ڕاست زیاد بکات کە پێویستیان پێیەتی، بۆ ئەوەی ڕۆڵیان هەبێت لەکۆمەڵگەی ئازاددا.

ڕێبازەکانی ڕۆژنامەوانی کە سێبەری ڕێکخراوە دیموکراسییەکانە پیادە دەکرێت و هەوڵ دەدات پشت بە ڕاستی ببەستێت نەك بە ڕاوەرگرتن و کاتێك کە بوار بدرێت بۆ ڕاوەرگرتن، ئەوە بە تەنگاوکراوی دەمێنێتەوە لە باشترین ڕۆژنامە نووسراوەکاندا، کە بە باشی دەنووسرێت لە لاپەڕە یەکەمەکاندا و ستونی نووسراوی وتارەکانی ڕاکان، ئەوە ئەو جۆرە ڕۆژنامانەیە کە بێلایەنی هەیە و بەڵگەی بەسوود و کرداری پێشکەش دەکات، کە یارمەتی هەموو ڕۆژنامەوانان دەدات لە پێشکەشکردنی ئەوەی کە باشترینە بۆ کۆمەڵگە و ئەو گەلانەی کە خزمەتیان دەکەن.

ڕۆژنامەوانان قەرزاری دڵسۆزی سەرەکین بۆ جەماوەر، ئەوە جیاوازە لە ئەوانی تر کە لە گوێزانەوەی زانیارییەکانن، وەك ڕۆژنامەیەکی کەنەدی نووسی لە دانانەکانی ڕێبازی ئاکاری ڕۆژنامەوانیدا (گەورەترین دەستمایە هەر ڕۆژنامەیەك هەیبێ، پاکێتییەتی و ڕێزگرتن لەو پاکێتیە ڕۆژنامەوانەکان هەوڵێکی زۆرو گران دەدەن بۆ دەرکەوتن لەلێکدانی بەرژەوەندییەکان، هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە ولاَتە دیموکراسییەکان مافی ئەوەیان هەیە، کە

زانیارییەکان بڵاوبکەنەوە بەبێ ئەوەی پێشکات هیچ ڕەزامەندییەکیان وەرگرتبێ، لە زۆر وڵاتانی دنیادا دەوڵەت پارێزگاریی یاسایی دابینکردووە بۆ ڕۆژنامەنووسان کە ئەو مافەیان هەبێ و بتوانن پیادەی بکەن، بەڵام مافەکان هاوڕێن لەگەڵ بەرپرسیاریەتیەکان و بەرپرسیارێتی بنەڕەتی لە هەر وڵاتێکی یان کۆمەڵگەی ئازادن، گواستنەوەی زانیارییەکان بە وردی و بەپاکی و بە ویژدانەوە بەمەبەستی ڕۆژنامەوانی ئابڕوودار و ڕێبازەکانی ئاکاری سیستەمێکە لە ڕێبازەکان کە ڕێنمایی ئاراستەی کاردەکات، لەکاتێکدا کە یاسا ئەوەی دەیتوانی ئەوە ناتوانێ بیکەی بۆت دیاری دەکات بە بارێکی دیاریکراودا، بەڵام ڕێبازە ئاکارییەکان ئەوەی بۆ دیاری دەکا کە پێویستە بیکەی و بنیاتنراوە لەسەر بەها کەسایەتیەکان و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و لەسەر بیرێکی تەندروست بنیاتدەنرێت و وەرگرتنی بڕیاری ئاکاری بەئاسایی واتا جێبەجێکردنی ئەو بەهایانە لە کاری ڕۆژانەدا، بانگەوازی (تشابۆلیچبیک) ڕوونی دەکاتەوە کە وڵاتە ئەمریکییەکان ڕازی بوون لەسەری ساڵی (١٩٩٤) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەربەستانەی کە ئازادیی ڕادەربڕین ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە نیوەکەی تری جیهانی خۆرئاوا.

ڕۆژنامەوانی بنیاتنراو لەسەر بنەمای ڕەوشت ڕەگەزێکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بۆ ماویەکی درێژ و



لە بانگەوازەکەدا هاتووە، کە ڕاستگۆیی ڕۆژنامەوانی بە ڕاستییەوە بەستراوەتەوە و گرێدراوەتەوە و خۆبەستنەوەی بە هەوڵدان بۆ جێهێنانی وردی و پاکی و بابەتی و جیاکردنەوەی ئاشکرا لە نێوان هەواڵەکان و پروپاگەندە، نابێ جێبەجێکردنی ئەو ئامانج و ڕێز و بەها ئاکاری و پیشەییە بسەپێنرێ، ئەم بەرپرسیارەتییە تەنها خراوەتە سەر شانی ڕۆژنامەوان و هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتیی خۆی پاداشت یان سزا بەسەر کۆمەڵگە ئازادەکاندا دەدات.

ڕۆژنامەوان و نووسەری براوەی خەڵاتی بۆلتەر (جون هێرسی) کە ڕووماڵی دەرئەنجامەکانی تەقاندنی بۆمبی گەردیلەی بەسەر هێرۆشیما کرد و وتی (یەك یاسای پیرۆز هەیە بۆ ڕۆژنامەوان، ئەویش ئەوەیە نووسەر نابێت شت هەڵبەستێ) و پێویستە ڕێگەپێدانی ئەم گوزارشتە هەڵگرێ، کە دەڵێ (هیچ لەمانە هەڵنەبەستراوە)، ڕۆژنامەوانی پابەندە بە ئاکاری پیشەکەی، هیچ شەیەك نابێت بەدەمی کەسێکەوە کە نەیوتبێ و نالێین ئێمە لەو شوێنە بووین کەچی خۆیان هەر لە وێ نەبوون، لەکاتێکدا هەڵبەستن جێگەی بەر تەسککردن دادەنرێت بۆ پێوانەی ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی بنەڕەتی لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، کۆمەڵە و سەندیکا و یەکێتییە ڕۆژنامەوانییەکان لە بەشە جیاوازەکانی جیهاندا یاسای ئاکارییان داناوە بۆ ڕێنمایی و ئاراستەکردنی کاری ئەندامەکانیان و یاسا ڕەوشتیەکان دەتوانن هەموو شت داپۆشن لە بردنی کاری



تایبەتمەندی و لە ڕاستکردنەوە بۆ نهێنی، لە هەندێکیان کورتکراونەوە و نووسراون بەشێوەی لێڵ و لەکاتێکدا هەندێکی تریان درێژ و ڕوونە و هیچ لێڵیەکی تێدا نییە، (کلود جون بیترتران) کە مامۆستایە لە پەیمانگای ڕۆژنامەوانی فەرەنسی لەزانکۆی پاریس وتویە ئەم سێ خاڵەی کە دێت گرنگە و پێویستە لەبەر چاو بگیرێت لە کاری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندندا:

١- بەها بنەڕەتییەکان: لەوانە ڕێزگرتن لەژیان و هاوکاریی مرۆڤایەتی.

٢- قەدەغەکراوە بنەڕەتییەکان: لەوانە درۆ نەکردن یان بوونەهۆی ئازاردانی خەڵك یان فێڵکردن.

٣- ڕێبازەکانی ڕۆژنامەوانی: لەوانە وردەکاری، پاکی، بێلایەنی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (الصحفی) ، ژمارە (٢٦) مانگی شوبات، ٢٠٠٧



# یادی دەشتی کەلار و ڕاوە ئاسکەکانی

نووسینی: شێرکۆی حاجی ڕۆستەم



کەلار بەوە دەشتە فراوانو پان و بەرینە و ڕاستو تەختەوە، ژمارەیەك خرو وردە دۆڵ و شیوی بچووکی تێدایە، هەر یەکەیان ناوێکی لەئامێز گرتووە، وەك (تەختەنەختە، گاڤران، کۆترەمیل، کونە قەلەکە، پەچا ڕەش، کەڵەکەکە، سەیل ماڵ، سەی سۆنە، خڕکونار، خڕپەنگڵە، خڕەباریك، خڕحاجی، کەنەقوڵ، شیوی سەلە خنکا و...هتد).

لەوەرزی هاویندا زۆر گەرمە، بۆیە بە دەڤەری گەرمیان ناسراوە و ناودەبرێ، لەزستاندا سروشتێکی خۆشی هەیە و سارد نییە، بە ویژدانەوە تۆڵەی هاوینەکەمان لێناکاتەوە، وەرزی پایزشی کەشوهەوایەکی لەبار و سازگار و نەسارد و نەگەرم، لەم وەرزەدا ئەگەر بارانی باش ببارێ و پەڵە زوو بدات بە ساڵێکی (هەرەش)

لەقەڵەم دەدرێت، دەغڵو دان بە پیت و بەرەکەت دەبێ، هەروەها دەشتودەری سەوز دەبێ و جوان دەنوێنێ، دۆمەڵان و قارچكو قنگریشی زۆر دەبێ، لەبەهاریشدا بە وردی سەرنجی چواردەوری ئەم شارۆچکەیە بدەین، تەپۆڵکەکانی بەردەسوور و لوتەی سەی خدرو شاکەل و دێبنە و کلکەی شێخ لەنگەر و بەرزاییەکانی بنکورەو بەری سیروان بەدی دەکرێو بوونەتە بازنەیەکی تەواوی سەرسوڕێنەر، گەردوون بە (فرجالی) قودرەتی گەورەی خۆی نەخشی کێشاوە، لەمەزرایەکی گەورە و جوان و بەرینی گەلە ئاسکەکانی دەچێ، لەدێڕ زەمانەوە دەشتی شاکەل و شێروانە ناوبانگی بە گەلەئاسك یان ڕانەئاسك بووە، لە خەڵکانی بەساڵاچووم بیستووە، ئەوەندە ئاسکی زۆربووە وەك (ڕان) شەوانە خەڵك هەڵساون و بە پاسکردنی دەغڵودانەکەیان داویانە لە تەقەی تەنەکە، تاوەکو ئاسکەکان بڵاوە پێبکەن و دەغڵودانەکەیان نەخوات، هەروەها لەکۆندا کاتی سەرما و کرێوەی زستاندا کاتی وابووە ئاسك خۆی کردووە بەناو دێدا لە عەزرەت سەرمادا.

جوانی دیمەنی سروشت و رەزە ئاسکەکانی بەهار و سەوزایی گەرمیان و خێڵ بەرەو ژوور زۆرجار هەستی شاعیرانی بزواندووە و شیعریان پیا هەڵداوە و خۆشەویستەکانیان (شوبهاندووە) بە جوانی سەلاری ئاسکی (شاکەل و شێروانە)، نموونەشمان ئەم شاعیرە بەڕێزانەن، لەوانە وەلی دێوانە دەڵێ:



**سەرتاپای گەرمیان گشت سەوز و جوان بوو**

**هاتوچۆی ئاسکەی وەك گەلەڕان بوو**

**ئاسکەکەی سەرکەل چاو بەنیگاوە**

**گاگا بە ڕووی ناز ئاوڕی ئەدایەوە**

**ئاسکی شێروانە لە سێبەر سڵ کەر**

**هەر تۆی ئێلاخ لە سەر**

یان مەولەوی دەڵێ:

**فەصڵی خاو نیە فەصڵی شکارەن**

**دەشتەکەی پای هەرد شاکەل دیارەن**

**یان دوو دێڕی فولکلۆر دەڵێ:**

**ئای سەلە سەلە چاوەکەم سەلە**

**سەلەم ئاسکەکەی دەشتی شاکەلە**

**هەروەها شێخ ئەحمەدی شاکەلی دەڵێ:**

**یاوەکو ئاسکەی شاکەل بۆ خۆم کەڵبازەکەم**

**زەوقی خۆم تێکەڵ بە زەوقی تاقی بێ نازەکەم**

ئەڵبەت ئاشکرایە ئەم دەڤەرە بەم ژمارە زۆرەی ئاسك و جوانی سروشتەکەیەوە کۆمەڵێ شۆڕەسوار و تفەنگچی و ڕاوچی تیادا هەڵکەوتووەو تامەزرۆی شکارکردنو دەروێشو موریدی خاکەکەیان و دەشتودەرەکەیان بوونەو هەر بەشێکیان بەشێوازێك ڕاویان کردووە و حەز و ئارەزووەکانیان تێرکردووە، زۆربەیان کۆچیان کردووە و لەژیاندا نەماون و تەنها چەند کەسێکیان ماون لە ژیاندا.



جۆری ڕاوکردنیان بە سواری ئەسپ و ماین دوو تا سێ گەلە ئاسکیان دەکرد بەیەکدا لە چەند لایەکەوە، تاوەکو کۆدەبوونەوە و دەبوون بە ڕانە ئاسك لە گوڕی تاواندا تەقەیان دەکرد و ئاسکیان دەپێکا یان چەتاڵەکانیان لە تفەنگەکانیان دەبەست و دەگەڕان پارێزیان دەگرت یان کوڵکەدا (ناوچە)یان پێدەوت دادەنیشتن و ڕاوە ئاسك نزیك دەبوونەوە تەقەیان لێدەکرد و خۆیان لە خڕودۆڵەکاندا حەشار دەدا بۆ پێکاندنی ئاسك، بۆ نموونە هەندێ لەم ڕاوچیانە ئەمانەبوون (حەمە سەعید بەگی حەمە بەگ، مستەفا بەگی کەریم بەگ، شەوکەت بەگی ئەحمەد بەگ، شێخ حەسەن شێخ ئەحمەد، مەحمود بەگی رەزابەگ، عەلی بەگی برای، عەلی بەگی سەلیم بەگ، ئەحمەدی برا حەمە، حەمەکەریم مام حوسین، حسەمەجە، حەمەعەلی کاکئەحمەد، عەبدوڵڵای دەوڵەت، حاجی حەمەی ڕۆستەم، حاجی عیسای پیرەویس و موسای برای، حمەرەشید حەمەعەزیز، حەمەی پورە مینا، حەمەی کەریم قوباد، حاجی مەحەمەد حەسەن، حاجی حوسێن محێدین، مینەی مام عەزە، ئەحمەدی فەتاح ڕۆستەم، رەشید کەریم خاسە، حەمەی مەحمود قادر) لەگەڵ ئەوەشدا و لە پاڵ ڕاوەئاسکدا ڕاوەکەروێشکیان کردووە بە سواری و تانجی ڕاوەکەروێشکیان هەڵدەساند و تانجیان تێبەر دەدا و بە ئەسپ غاردان بەدوایدا دەیان کردە قاڵە و قڕە و (ئەدەی ماڵەکە بیگرە) نێچیریان ڕاودەکرد و دەیان بەستە (ساتوی) زینەکەیانەوە شۆڕ دەبووەوە خوار و ئیتر کە دەهاتنە ناو دێ پێیەوە



بە دیدەکرا، نموونەی ئەم ڕاوچیانەش (شێخ محمد شێخ وەسمان، شێخ کەریم کوڕی، حاجی رەحیم خازە، مستەفا عەزیز فارس، سابیر عەزیز فارس، ئیکرام شێخ حەسەن، مەجید سەعید بابان، ئەکرەم عەلی) بەشێکی دی سەرەڕای ئەم ڕاوانە تەڵەیان دەنایەوە لە ڕێگەی هاتوچۆی ئاسکەکان، واتە (رچەئاسك) نموونەی وەك (سەید عەلی، عەلی سەید خەلیل، حەبیب حەمەخان، فەریق حاجی مەجید ) و کەسانی تر ڕاویان کردووە، ناوەکانیانم لەیاد نەماوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاوەئاسکەکان هەر لە زیادکردندا بوونە، لەبەرئەوەی بە ویژدانەوە ڕاویان کردووە، تاوەکو ساڵانی شەستەکان و هەفتاکان ڕانەئاسك ئەبینرا، لەم ساڵانەدا (٢ کم) سەرووی کەلاری کۆن من بە چاوی خۆم ژمارەم کردووە نزیکەی (٧٠) ئاسکم بینیوە قەتارەیان بەستووە، بەڵام بە داخێکی زۆرەوە لەم دوایەدا شێوازی ڕاوکردن گۆڕا بە سەیارە و (براجیکتۆر) و شەوە ڕاوچەکی جۆراوجۆر بوو بە هۆی قەلاچۆکردنی ڕاوەئاسکەکان و تاساندنی ئەو سامانە سروشتییە جوانەی گەرمیان و شوێنانی تر، ئەگەر دانەیەك یان بڕکە ئاسکێك ماوە لەهەر شوێنێکدا، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دەستیان لێ هەڵبگیرێ و چیتر ڕاونەکرێن، بەڵکو جارێکی تر وڵات و دەڤەرەکەمان ببێتە (مەزاری ڕاوەئاسکەکان) وەك لەپێشدا بووە و لەدواییدا بە زمانی فۆلکلور دەڵێم:

**من صەیادەکەی گوزەر نشینم**

**ڕەمیدەی کەڵان بە چاو نابینم**

# وشە لەهۆنراوەی
# دوو ئەویندا

**نووسینی: د. فاروق نەقشبەندی**

وشەی شیعر کەرەسەی ڕەسەنی دیار و خاوەنی ڕاست دەربڕینە، دەبێتە هۆی کاریگەریی گەورەی پڕ مامەڵە لە هۆنراوەی سەوداسەری عیشقدا، ئەگەر تەرازووی هەڵسەنگاندنمان دانا لە کۆرتی شیعردا، دەبێت کێشەکانی ئاوازە و سفت و سۆڵی جوانی ژینگە و هەوێنی ڕووخساری ئافرەت و ڕەنگاڵی شێواز و فریشتە خەیاڵ دووندی بیرمان لە پرپایسکەی گرمۆڵەدراوی ئەو بەرهەمە شیعرانەدا هەبێت، ئینجا پێنووس دەکەوتە بزاوتن و لە هەناسەیەکی پڕ دیمەنی جوانی وێنەیدا هونەر هۆنراوەکانی پۆلێن دەکات بۆ وێنەی دیدەیی و زەینی و خوازەی و ڕەمزی و دەبێت ئەوەش بزانین ئەم تابلۆ گوازراوانە هەموویان لە ڕووخسارەوە سەرچاوە دەگرێت.

سەرەتا دەفەری پێبازی گەرمیان، شاری کفری هێمن و بەرگەگر، کەلاری ڕمی دڵی گەرمیانی چەقیو بە چاوی دوژمنا شاعیر"ساڵح هاروونی" لە کەشتی پڕ هەروژمی لایەنی ڕەهەندی دەروونیدا



سەوڵی (ئاهەنگی عیشقی لێداوە).

"هاروونی" ڕمزی یادەکانی لە تابلۆی جوانی جەستیی بیری پێشمەرگایەتی "لەیلا قاسم"دا حەوت پەڵی حەومالەی داوە بە پشتی تیۆری مێژوویدا لە وەسفی گازندە و هەواڵێك لە گیانی بەرزی بڕیوە، ئەو ئافرەتەی لە شێوانی ئێوارەی شۆڕشگێڕی قۆناغی حەفتاکاندا گیانی کردووەتە بەشێك لە ڕەنگی سووری ئاڵای ئازادی نیشتمانی کوردستان:

**لەیلای قارەمان**
**لەیلامان دەرکەوت لە ئاسمانی کورد**
**ئاڵای ئازادی و ڕزگاری هەڵکرد**
**ئەڵێ: ئەوکاتەی لە مردن دوورم**
**بیکەن بە ئاڵای کراسی سوورم**

بەدوای ئەم کۆپلەیەدا "هاروونی" لە لەیلای قوتابی زانکۆی کوردیدا لە چاو هەڵبڕینێکدا کردۆتە پێشڕەوی ئافرەتانی کورد، ڕیزەکانی خەباتی نەتەوەی حەفتاکان بەکاروانی شۆڕش ناو هێناوە، لەیلاش لە ڕەهەندی مێژووەکەشدا پابەندی سیپالی "پێشڕەوی" پێبەخشیوە لەگەڵ زەقی چەقی ڕەشبینی زۆر نیەتی بۆچوونی خەڵکی کوردستان ئەو سەردەمە ئافرەتیان بە نیوە گۆچە و ئیفلیجەکەی کۆمەڵگا زانیوە، کەچی "هاروونی" گەردنی بیری بەرزە وەسفی ڕامیاری وشەی جوانی سەد تەرزە:

**لەیلا پێشڕەوی ئافرەتانی کورد**



**لە مێژوومان‌دا جێگات دیاری کرد**
**بەشانازییەوە ئافرەتان هەموو**
**ئەڵێن کاروانچی زەوارمان دەرچوو**

دەتوانین بڵێین ڕێبازی سونبولیزم "ڕەمزیەت" ئا لێرەوە کە حەفتاکانە لە سەرچاوەی بیری پێشمەرگایەتی هاروونی هێدی هێدی بزاوە چۆن؟ چونکە تایبەتێتی گرنگ بە وێنەی هەستپێکراو ئەدات.

جوگرافی خوێندنەوەی بەشێکی بواری مێژوویی ئەم هۆنراوەیە کە وەکو سەرچاوەیەکی بیری نەتەوایەتی و پێشمەرگایەتی تاکی گەرمیان نیشاندەدات:

**لەیلا سەلماندت بۆ هەردوو جیهان**
**شەیدای ئازادین خەڵکی کوردستان**
**ئەبێ بۆت بکرێ پەیکەری زێڕین**
**ببێ بە چەتری شاری خانەقین**

با ئەم نەوە نوێیە بزانن مەودای شۆڕشگێڕی ئافرەتی ئا لەم ئاستە پیرۆزەدا لە بیری شاعیرەکانیدا ڕاگیراوە و لە بیری نەچووەتەوە، با هەموو هونەرمەندەکانیش با جاروبار لاکردنەوەیەکی هونەریانە هەبێت لە کۆی تابلۆ جوانەکانیان بەرامبەر "لەیلا قاسم"ی دڵی گەرمیانی شاری خانەقینی چاوجوانان بە دوای ئەم تابلۆ دیدەیە و زەینییەدا، چراوگی شۆڕشی نوێ "هاروونی" یەوە پێشکەوتووە بە ئاوازەی خۆش باسی نەژەنی



شۆڕشی دوای کارەساتە دڵتەزێنەکەی ١٩٧٤ لە ١٩٧٦ شۆڕش دووبارە دروست بووەتەوە، ئەم بەرێزە لە پایزی ١٩٧٦ ڕەنگی گومان نا، بەڵکو موژدەی ڕێزەکە داوە خۆی و گفتوگۆی کەسی خوێنەر ئێستادا.

**تیشکی مەشخەڵی شۆڕشی نوێمان**
**دیسان ئومێی بەخشیوە پێمان**
**بە کوردستانا ماڵ بەماڵیەتی**
**پەرۆشی توانای کروکاڵیەتی**
**بیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی گەل**
**چرۆی خەباتی کرد بە گەڵا و پەل**

"ساڵح هاروونی" پیشەی مامۆستا بووە، بۆیە هەمیشە هۆنراوەکانی کۆمەڵێ وانەی فێرکاری و پەروەردەین و نەیتوانیوە جنۆکەی شیعر لە بەرنامە سەرەکییەکەی دای ببڕێ، ئەم ئازیزە بە وشەی سادە و سانا شابالی گوزارەی داوە لەناو قەدی چەپکێ چوارینەش، ئەگەر شارەزایانی هونەری مۆسقا هێدی گوێی بۆ بگرن، ڕەنگە نموونەی "چۆپی و تارایەك" ئاوازی خۆش و مۆزیکی نێو وشەکانی هۆنراوەکە بچڕن و گوێی ژینگەی کوردستانی ئازیز دەلاقەی گەرمیانی کاسی پڕ دەنگوباس بڕێت شاگەشکەی کەن.

**ئەسوتێم وەك مۆم بۆ ڕووناکی ڕێ**
**بۆ گەشەی شاران ئاوەدانی دێ**
**هەرکەس دڵسۆزبێ ئەڕۆم لەشوێنی**

**هەواڵ ناپرسم کێ بێ کوڕی کێ!**

ئەم هاوڕێی بیر سازندەی گوزارشتی چەوساوەکانە، پێشمەرگەی دوندی لووتکەی باوەڕە بەرەو ڕزگاربوون نەك مردووی ناونیشانی کەوا خۆری ملهوڕان بێ.

"هاروونی" نەمری لە ڕێگای خەباتی بەردەوامی شۆڕشگێڕیدا بەرچاو دەکەوێ و تۆڵەسەندنەوە چاوی گەشی ئاشتی نەبەستووەتەوە بۆ نمایشی دەوروبەر بە گەشبینی بەرجەستەکردنی بیروبۆچوونی سەرکەوتنی ئالای ئاشتی پێکەوە گرێداوە.

**بۆ چەرمەسەری دروست نابێ گیان**

**سەرکووتی مەکە بە ئازار و ژان**

**لە بیرت نەچێ بۆ سەرفرازی**

**ئاشتی یە یاسای سروشتی ژیان**

شاعیر وشەی "نێرگز"ی لە دوو هەڵوێستدا بزواندووە، جارێکیان زەنگی یادە و چەغماغەی عیشق لە هەوری بیری نەرمە بارانێکی ئەوینی باراندووە، لە گۆشەیەکی تریشەوە تارمای عەشقێکی لە پڕەو جەرگی دوورە کوردستان و دڵی پڕ هەوای ساتە عیشقێکی سەرەڕێی ڕێبوارێکی ماندووی سەفەری ئەویخی لە ناکاو هەژاندووە.

**تاسە و ئاوات**

**تاسەم ئەکردی ئازیزم سڵاو**

**گوڵە نێرگزی جوان و نەژاکاو**

**لە باخچەی ژیان تۆم تەنها گوڵی**



**چونکە بەر کوڵی ئەوین و دڵی**

**چەند ساڵ دڵەکەم نامۆی ئەکا**

**شین و شەپۆڕی بێتۆی ئەکا**

**ئێستەش بەسەیرت گەش گەشایەوە**

**لە کەفو گوڵ کوت دامرکایەوە**

تابلێی وشەکان زەنگی مۆسیقای تامەزرۆی چرۆی عەشقێ سادەی ڕەوەندی سازتن، بەرگە ئەگرن لەبەر سەرمای زۆر لەخۆکردندا، ڕق هەڵنایە، نامرن . هەچەندە مێژووی ساڵی ١٩٨١ ژینگەی بەغدایە، بەڵام بۆنیان گوڵبارانی گوڵە و تەمەن درێژی عەشق و نامرن، لە مەودای جوانی چاودا "هاروونی" گەریدەی وەسفە، پەرداخی وەسفە، دڵۆپ دڵۆپ عەشق و داوێن پاکی لێدەتکێ.

**بەیەکەم نیگات خورپە کەوتە دڵم**

**بەبێ ئاشنایی پەرێشانت بووم**

**دڵی ناسکم بێگەردتر لە گوڵ**

**شەیدابوو زەردی عەشقی خستە ڕووم**

"هاروونی"ی مامۆستا و شاعیر قوتابیەکی نازك تەبیعەتی قوتابخانەی پەروەردە و فێرکاری مرۆڤایەتییە، هەرگیز دەسەڵات و کورسی ملهوڕ و چەوسانەوە و چاونەترسی تێکەڵاو نەکردووە، لە پێناو ئافەرینی کەم عەقڵێکدا لەوەش دەچێت تاڵاوی زۆر دەربەدەری نەتەوەیی و جیاوازی چینایەتی چەشتبێ بۆ نمایشە چوارینەکان هەریەکە و لە ئاوازی کۆمەڵگای باوکسالاری و پاشکۆی



ئافرەت نیشان دەدەن.

**مرۆڤی بێ هەست هەرگیز نە دوێنی !**

**دەست کۆتا ناکا مەگەر بە مردن**

**کارێ نرخی بوو، نەچی لە شوێنی**

**نەکەی بۆ سامان ئابرووی خۆت بەری**

**دوژمنت بکوژی بڕێژن خوێنی**

**کفرە بۆ مردوو دەست درێژی کردن !**

چەند تابلۆ کە لەژێر دەواری دەروونی شۆرشگێڕی بیر نەخشە کێشراوە، هێندە عەقڵ وەکو ڕۆژ لە بیری شاعیردا بە پەڵە هەوری ڕەش قێن تۆڵە لە گەلی گەشبینی و مرۆڤایەتییەوە هەڵتوڕە، بۆیە بڕوام وایە "هاروونی" سەردەمێ کۆشکردووی ڕیزە فکریەکەی ڕەنجدەرانی هۆشمەندی هەشتاکان بێت، بۆیە وشەکان ئەسپی تەراورەی سەر کێشەکەم ژیان و کەڵ ژیانی کوردستانین.

**کاتی سەرکەوتن چەوسێنەر نەبی**

**لە خۆت بای بی نبازی بەهێز**

**بیروڕا چۆن بە گژیا نەچی**

**بۆ هەموو بیرێ دانێ ڕێز**

**ئاسایە و بەتوانایە و یەکێتییە و یەك ڕیز *١**

**دڕناڵ دڕناڵ بێت هەوری تاڵ و ڕێز!**

(١) لێکۆڵەر وەك گونجان خستوویەتی سەر هۆنراوەکە "پۆزش لە مامۆستای بەڕێز هاروونی".



هونەرێکی تر گۆشەبووی مەمکی شیرمەندی هەڵەبجەیی "موختار جاف" و بەگزادە تەڕ پۆشەکان لە سەردەمی عیشق مەجازی "فاتیمە لیرە" و"وەلی و شەمی" سەرپۆشی تێکەڵاو جافی میکائیلیان لەگەڵ نوزەی بلوێری دەروێش عەبدوڵای گۆران و کزەبای شنروێ و گوڵی جوانی بەهاری زەڵم و نووکتە بازانی عیشقی حەبیبە و تابلۆ جوانەکانی "تەیمان تەنیوو"ی شاعیر و مامۆستا "ئەمین سەپان".

**تێروانن**

**خۆڵ بارانە لە خاك و خۆڵ**

**ئەلێن ساڵی هەرزانییە**

**زۆر لە کوردان هاتوونەتەوە لە ئەستەنبوول**

**تەنها بەس تالی تیا نییە**

**ئەی شێخەکەی میکائیلی بۆ ڕەنجاوی**

**لە هەڵەبجە ڤستیڤاڵە**

**لە غەریبی بۆ جێماوی**

**عێلی جافان سەریان قاڵە**

**لە خاك و خۆڵ تا هەڵەبجە هەر ڕەشماڵە**

سەد ئاخ بۆ کەمینەی قەڵەمەکانی مێژوو کە لە پەتکی نەتەوەیی ئاوریشمی ئەو ڕۆژهەڵاتییە دوورانە دروست دەکەن و دەیکەنە مەوج جاجم و پۆپەشمینی دەیبەخشنە خانمی وەسمان پاشا، ئەویش بەتاڵی لە ئەگریجەی دەیبەستێ و دەنێرێتە خزمەت شێخی حەفید،

بەڵکو "موختاری جاف"ی بەو خاترانەی بەگزادەی جافە پێمەرەخەس کەن . ئافەرین "سەپان" خۆڵ بارانی خواورووی عێراق نەخۆشی دڵ و تەوژمی خوێنی لێ دروست دەبێ، کەچی کۆی پەروەردەی "کانی ئاشقان" لەو بارینەدا ئاسایشی دەرامەت و کەش بینی کۆمەڵایەتیت موژدە بەخش کردووە، ئەی چۆن بانگەوازەکەت کەی ڕێگای قیست سوڵتانی کرد و تیرۆر نەکراوی چەکەمە ڕەشەکانی ئەو وەختە و ئێستای ٢٠٠٧ تیش هەر بە هەرەشە و گوڕەش، بەڵام یاغنیش خۆیان کورد بەرەو بەیاساکردنی دەوڵەتی کوردستانی گەورە دەڕوات، "نالی" موژدە دیوانەکانت لە کوردستانی دوا ڕۆژتدا بەلاتینی خوێندراوی گشت پارچەکانی کوردستانی یەکگرتوو لە چاپ دەدرێت.

"سەپان" مێژووی عیشقی بزورگانی کلاسیکی بە پیرۆزی تەماشاکردووە و بەرزخی بەرەو ئاسمان و بەهەشتی زەمینی دامێنی خوێناوی بەیەکەوە نووساندووە و هانای بۆ مردوانی لەش و پیرۆز گیانەکان بردووە.

**چاوەڕوانن تۆ بێیتەوە**
**شعرێك بڵێیت بۆ حەبیبە**
**واوەیلا بێت بۆ ئەم حاڵە !!**

ساتی شعری بەرزە فڕە جەرگبڕە ڕەخنەی ڕەخنە سۆمای چاو دەفڕێنێ و گەردنی سپی و سۆڵی سۆز ئەلەرزێنێ و پەتی ستەمی دوژمن بە هەناسەی پێشمەرگەیەك ئەپسێنێ، ئەی قرتێنێ.



**نایەیتەوە**
**هەزار مۆم داگیرساوە**
**نایەیتەوە**
**هەزار گوڵ بۆ پێش وازیت**
**سورکراوە !**

ئەنجا "سەپان"ی کەم دەرەتان هاواری عیشقی خاك دەباتە بەر سیروانی ئەمبەر و ئەوبەن.

**ساڵی جارێ**
**لە کەناری تەم لێ نیشتووی سیروانەوە**
**زامەکانی ئەحمەد موختار ئەکولێتەوە**
**ساڵی جارێ**
**شعری ناسك بۆ منالانی هەڵەبجە دەلێتەوە**
**بۆ خاك بۆ ئاو ویژدانی خۆی دەژێتەوە**

"سەپان" مێژووی عیشقی خاك و وەفای مرۆڤێك بەسەری خاوەنی "داستانی مەسەلەی ویژدان" دواندووە لە کفنە خوێناویەکەوە سەری پێ دەرهێناوە، گەرموگوڕی جەستەی لە کڵپەی وشەکانیدا شایەنی نەڕسکاوی ئەم بیر و بۆچوونە!

**ئەو موختاری جافانە هاواردەکات !**
**منم موختار بۆ ئێوەی کورد خەوم نایە**
**بۆ سوتاوی عەشقی وەتەن جوانە مەرگم**
**بۆ برین و زام و سەختم**



ئەم دەربڕینە هەستی پیرۆزی هەڵەبجەیەکی ژیاوی ڕۆژانی سەختی ئەنفال و هەڵەبجەی شەهیدە، بەند و ئەسارەتی سوتانێکی نەتەوەی درەنگ وەختی بادەرێکی کۆنکریتەوە شیرازەی کورسی و قاڵەی دەمی سەر لێشێوانی نزیك لە دابونەریتە.

**پارچە پارچە و لەت لەتم کەن**
**قەترەیەك خوێنم لێنایە**
**غەمێ ناخۆم بۆ ئەوەی چوو**
**بۆ پاشای تاج و تەختم**
**شانازیمە بۆ بەختی کورد**
**"مەسەلەی ویژدانیش" بەندە**
**چیرۆکی بێت بۆ چاکەی پاشە ڕۆژی کورد !**

تێڕوانینی بەرنامەی تاکی ڕۆشنبیری کورد هەنگاونانە بەرەو ئازادی و سەرفرازی، دەبێت لەو ڕێگایەدا ئارەزووە پووچەڵەکانی دەروون ویستی چەپاوکەری ئەو تیشکە وەختە نەمرەی کەلانگری کوردایەتی موتوربە بە بیری ڕەنجبەران و شۆڕشگێران بەری جوان و شایستەی ئازادی دەگرێ!

"سەپان" بەدوای عیشقی خاکا پەنا دەباتە بەر کۆشی گەرمی کیژە خانێ، خانومانێ، چاوان جوانێ، بەرۆك بەرزێ، گەردن تەرزێ، هەڵۆی هەستی دووندی پەستی چڕیوە بۆ دوو شەهدی وشەی "خۆشم ئەوێیت":



**خۆشم ئەوێیت کیژەخان دەست بەڕوومەوە مەنێ**
**خۆشم ئەوێیت وەك ژیان، گوڵ بۆ تۆ پێئەکەنێ**
**خۆشەویستی ڕەوایە بۆ منی وێرانە ماڵ**
**خۆشەویستی خولیایە بۆ منی دێوانە حاڵ**
**گەر خۆشەویستی وابێ پەڕوباڵ بسووتێنێ**
**ئازار و ژانی تیابێ پەپوولە بسوتێنێ**

"سەپان" لە کێوی تووری "ئەوینەوە" ڕوانیویەتە کیژۆڵەیەکی هەڵترنا و بەرەو دووری کێوی ئەوین "کەم" "ئەو" فێری ئامانجی ئەویش دەکات، هەنگاوەکانی لە خزاندن بەدوور دەخات، هەنسکی عیشقی ژووانی فێر دەکات، دەروونی پڕ لە کەشکەی تێر دەکات.

سەپان لە پایزە وەختی تەمەنی خۆی لە ئاوێنەی خەیامی گۆشەی مەی و فەلسەفەی بۆپلاگەری بۆگەرای نیشانداوە و خۆی خزاندووەتە گروپی پەنابردەی مەی خۆران، خاوەن ڕەنگ و ئالاّ سور، هەرچۆنێك بێت ساتە وەختی دۆشەکەڵەی گومانی ڕاخستووە و هەرخۆی لە سەری دانیشتووە:

**پەیڕەوی خەیام**
**خۆزگە گشت ڕۆژێ شووشەیەك شەراب**
**ئەهاتە سەر مێز بێ حەق و حەساب**
**ئەمنۆشێ هەتا کۆتایی ژیان**
**چش با لەو دنیا بمکەن بە کەباب**
**بەڵێ خۆ ڕاستە شەراب حەرامە**

**بەس بۆ دڵی زار تەنها مەرامە**

**ئەگەر لای گشت کەس تاڵە بیٚ تامە**

**لەلای من بەڵیٚ هەر ئەو بەتامە**

٣/١٩ لە فەرهەنگی "ئەمین سەپان"دا وەسفە، دڵسووتانە، هەنسکە، گریانە، ڕاچنینە، چاوی پێش مردن بە گریانی پێڵو هەڵپەرێنەبزەی خەباتگێڕی مێژووی بەختەوەرە، دوورە لە هەوای سەر کورسی پەناگرتن و دووری ڕێگەی دەروون پیسی سەگەوەڕە، خوێندنەوەی مێژووی ستەمە، بەرامبەری خۆڕاگرییە، سوتێنەری ڕەگی دەست درێژی دوژمنێکی بیٚ ئابڕوی هەمەڕەنگە، پێنووس دڵی پڕ خورپەیە، چرپەی ئەزیزان هەنسکە، لەخۆڕابوونە مەرگی ناوەختی بالآی هەڵەبجە، مێژووی بەگزادەکان قەشەنگە، سۆفیە ڕەنگزەردی بەهاری سەری ئەسکەرە هۆرەی دەروێشی ڕەهەندی دووری سەفەرە:

**شانزەی سێیە**

**وەنەوشە خاڵ کێوە**

**شانزەی سێیە**

**بەڕزا پرچی بڕیوە**

**پەنجە تەرمی عاشقانە**

**چەپکە نێرگسیان چنیوە!**

**شانزەی سێیە**

**دەهۆڵ کوت دەنگی خامۆشە**



**لە بەزمی ئامان لەرزانە**

**زەماوەندی کچە شۆخی باخی میرە**

**بۆ کچە شێخی مۆردانە!**

مۆسیقای نێو وشەی ملوانکەی هۆنراوەکە وەکو عەقیقی یەمانی ڕەنگی شادی سوور هەڵگەڕاوە، تابلۆی عەشقێکی ڕوو زەرد، دەستی ڕاستی کردووەتە پەنجەرە، بەری ڕەقیبی تێکدەری لە تاریکی ناوەوەی ئەم هۆنراوەیە پۆلی گوڵی بەهارەیە، بۆنی خۆشی تێکەڵی نێرگز و شەوبۆ، لەو کەژ و کێوی هەڵەبجەی کانی عاشقان ناوە ! کورتە بالآکانی دوژمنانی مرۆڤایەتی لە کینە و قوڕگ ڕەش ناوە!

کۆتایی پەرداخی پڕی وشەی سەرمەستانی هەردووی شاعیری کوێستانی هەڵەبجە و گەرمیانی کفری و کەلار بە دوو نموونە بەرامبەر دەخەینەوە گوڵدانێك بەدیاری دەنێرینە خزمەت "نالی و موختار و حەمدی و وەلی و حەبیبە و سەلمای جزیری و شیرنی ئەرمەنیش لەگەڵ سمڵ و ڕەیحانە و نێرگزی سەردەمی ئازادی تێکەڵ بە فریشتەکانی ئاسمان سەرچۆپیەك لەویٚ بگرن، زەوی ملیارانی ئێستای هەزارانی ئەوسا بگرن:

**قوربانی دەست و پەنجەت بم ئەمن غولآمی ڕێگاتم**

**بەسەر کزی شارەزووردا شەیدای بینینی بالآتم**

**دەمێکە لە دووری شیعرت دووکوڵی هەناسەم بەرزە**

**کە باسی پیری تۆیان کرد هەموو لەشم هاتە لەرزە**



ئەی دەبێت ئەم باوەشی غوربەتەی کوێستان چۆن دابێتی بەسەر جەستەی لاوی سەر بەپیری ڕەنجدەرانی گەرمیان مامەی "هاروونی " با گوێی بۆ بگرین:

**سلآو لە تۆ و سەر پێنوسی دەستی**

**لە جوانی ویژدان پاکی مەبەستی**

**سلآو لەو کاتەی بەرز ئەکاتەوە**

**بۆ نەتەوەکەی بانگی سەربەستی**

ئەنجامی هەردوو شاعیر پەروەردەین و شۆڕشگێڕن، گۆڕانکاری لای یەکێکیان چەکی عەقڵ و نمایشە، لای ئەوی تریان مێژوو ناسین بە بەخشە خوێنەر وردبیٚ لە هەردوو لایان تێدەگات، ئەم نەتەوەیە دووانەی چاوگەشی زۆر تێدایە، بەلآم بەدەگمەن تێگا ئەم بەشە و ئەو بەشە!



# فریدریش هۆڵدرلین و هەندیٚ سەرنج

**نووسینی: لەتیف هەڵمەت**



"ستیفان تفایج"ی لێکۆڵەر لەروانگەی خۆیەوەی زۆر بەرەهایی لەبەرگی یەکەمی (بناة العالم)دا هۆڵدرلین بەیەکێك لەدامەزرێنەرانی جیهان دادەنیٚ.. مەبەستیشی لەوە جوانکاریو ئیستاتیکایە.. و دەڵیٚ شیعری هۆڵدرلین لەو چوار پێکهاتەو رەگەزی کەگریك ناوی لیٚ ناون پێکهاتەی گەردوون: ئاو و هەواو ئاگرو خاك.. تەنها سیٚ رەگەزی تیایەو خاکی تیا نییە.. شیعری هۆڵدرلین لەئاگر تاشراوەو هەمیشە بەرز دەبێتەوەو وەکو با خۆشفڕەو گورجو بەتەوژمەو وەکو ئاویش ناسكو روونەو بەلآم نیشتمانی نییە. خاکێك نییە رەگی داکوتیٚو هەمیشە رقی لەنزمییەو پەیتا پەیتا بەرەو ئاسمان شەقەی باڵی دیٚو شیعری هۆڵدرلین ببڕای ببڕی شیعرێکی وێنەکاری نییە بەڵکو


فریدریش هۆڵدرلین

بەدڵنیاییەوە شیعرێکی تیشکییەو نایەوێ بەشێوەی سەناخوانی تارماییەکی جەستەیی بەرجەستە بکات لەزەویدا بەڵکو دەیەوێ شتگەلێکی زەینی وێنا بکاو بەرەو ئاسمان هەڵفڕێ.. لەبەر ئەوە وەرگێڕانی شیعری هۆڵدرلین ئەستەمە چونکە هەر هەمووی دەربڕینگەلێکی هەستکارییە. و ئەو ریتمەی هۆڵدرلین لەشیعردا



بەکاری هێناوە ناوازەو دەگمەنە لەناو سەرجەمی شیعری ئەڵمانیدا. کورد دەڵێت: مشتێ نمونەی خەروارێکە یان خەرمانێکە.. بەڵام لەراستیدا بۆ شیعری هۆڵدرلین ناگونجێ ئەگەر بمانەوێ بەئەستونێ ژیاننامەو چەند پارچە شیعرێکی هۆڵدرین‌و ئیستاتیکای شیعری ئەو بخەینە روو نیشانە ناپێکێ چونکە هۆڵدرلین بەزمانی ئێمەو ئێوەو ئەوان‌و ئەوانی دی‌و پێشترو داهاتووتر نەینووسیوەو، وەك هۆڵدرلین وەکو خۆی دەڵێ:

**هەرگیز من زمانی مرۆم نەدەزانی**
**من لەئامێزی خوداوەندەکاندا پەروەردە بووم..**

هەر لەبەر ئەم هەستەشە کەشیعری هۆڵدرلین خاك‌و زەوی‌و نیشتمانی نییە.. چونکە ئەوێك لەئامێزی خوداوەندەکاندا گۆش‌و پەروەردە بووبێ.. لەزمانی مرۆ نازانێ‌و بەزمانی ئا ئەو خوداوەندانە شیعر دەنوسێ کەباسی کردوون.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەهۆڵدرلین هەمیشە هەستی بانامۆیی کردووەو خۆی بەخەڵکی زەوی نەزانیوە، بۆیە لەشیعرێکیدا بەرەهایی دەڵێ:

**تەنها خوداوەندییەکان بڕوایان بەشتگەلە خوداییەکان هەیە..**

هەروەها لەشیعرێکی دیدا دەڵێ:

**مرۆ فێری ئەمەی نەکردووم بەڵکو دڵێکی پیرۆزی بێ کۆتایی**
**بەعەشقێکی بێ کۆتاییەوە پاڵی پێوە دەنام..**



لەهەموو ئەم شیعرانەی هۆڵدرلین دا نامۆییەکی بۆنگەری بەرجەستە دەبێ.. نامۆیی مرۆڤی تاك لەناو کۆمەڵدا بەرامبەر بەبوون‌و گەردوون. ئەو نامۆییەی کەهیرمان هیسە دەڵێ: مرۆڤ گیانلەبەرێکی تەنهایە، دەبێ ئێمەش بەبۆچونی چاوی تەنهایی‌و نامۆیی مرۆڤەوە شیعرەکانی هۆڵدرلین بخوێنینەوە. ئەمەش رێنمایی ئەوەمان دەکات کەبەچاوێکی شێتانەوە شیعرەکانی هۆڵدرلین بخوێنینەوەو دەبێ لەبیرمان بێ کەفرۆید شاعیران‌و هونەرمەندان بەشێت ناوزەد دەکات..

لەکۆتاییشدا حەز دەکەم ئەوە روونبکەمەوە کەبەبۆچونی من هۆڵدرلین خۆی لەخودی خۆیدا قەشەیەتی پێ خۆشبووەو ئەو جێی گومانە کەلەسەر خواستی دایکی چوەتە کڵێساوەو لەوێ بووە بەمامۆستای کڵێسا. چونکە ئەو وەك لەلاپەڕە (٢١)ی بەرگی یەکەمی (بناة العالم)دا ئەوە روون کراوەتەوە قوتابخانەی ئاسایی بەبەندیخانە زانیوەو کەچۆتە کڵێساوە خۆی فێری هەرسێ زمانی (عیبری، گریکی، لاتینی) کردووە، ئەم سێ زمانە بەتایبەتی لاتینی‌و عبری زمانی بابەتە روحیەکان بووەو هەڵبەتە لەسەرەتادا خۆی حەزی لەوە بووە کەببێ بەناودارێکی بواری کەنیسەو دوایی کەهەندێ بارودۆخی کەنیسەی بەدڵ نەبووەو بێزار بووەو ویستوویەتی خۆی لێ رزگارکات ئەگینا چۆن ئەزمونەکانی کڵێسای بەسەرکەوتوویی بڕیوەو جوانترین شیعری لەنێو کڵێسادا نوسیوە. شتێکی کەش دەڵێم



ئەوەش ئەوەیە بارودۆخی جیهانی رۆح‌و ئاسمان‌و هەندێ جاریش یاخیبونێکی وەکو یاخیبونی سۆفییە موسڵمانەکانی وەکو حەلاج‌و سەهرەوەردی‌و بایەزیدی بسطامی‌و شیمحێدی عەرەبی لەشیعرەکانیدا بەدی دەکرێ‌و لەم نوارگەیەشەوە من دەتوانم لەریزی شاعیرە سۆفییەکانی کلێسادا لەقەڵەمی بدەم‌و تەنانەت تا رادەیەك بڕوام وایە کەهەندێ جار دەنگی هۆڵدرلین لەشیعرەکانی تاگوردا دەنگ دەداتەوە، کەشاعیرێکی سۆفی هیندۆسییەو نزیکەی دوو سەدەو نیوو - سێ سەدە دوای هۆڵدرلین لەدایك بووە..

**نا.. من نامەوێ ببم بەهیچ شتێك**
**بەڵکو دەمەوێ شت فێربم**

# لەپێناو دیوانێکی تەواوی کاکەی فەلاحدا

م.ی. فەرهاد قادر کەریم



کاتێک باس لەشاعیرە نوێخوازەکانی کورد لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەکەین، ڕاستەوخۆ پاش گۆران و شێخ نووری شێخ سالّح و ڕەشید نەجیب و...، کۆمەڵێک دەنگی شیعری تر لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەرنج ڕادەکێشن و ئاوێتە بە کاروانە نوێیەکەی شیعری کوردی دەبن، کە یەکێك لەو دەنگە شیعرییانە کاکەی فەللاحە.

بەندە لەساڵی (٢٠٠٦)دا و لەژێر ناوی (ڕێبازی شیعریی کاکەی فەللاح) و بە سەرپەرشتی مامۆستا و برای گەورەم (پ.ی.د. دڵشاد عەلی) نامەیەکی ماستەرم پێشکەش بە بەشی کوردیی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کرد[١].

بەهۆی ئەو توێژینەوەیەوە هۆگری وردترین و بچوکترین



بەرهەمی شیعریی یا تەنانەت زانیاری بووم دەربارەی ژیانی کاکەی فەللاح، لەمەشدا زۆر سوپاسی هەموو ئەو مامۆستا و برا بەڕێزانە دەکەم کە هاوکارییان کردم و لەپێش هەموویانەوە بنەماڵەی شاعیر کە درێغیان لەیارمەتیدانم نەکرد.

ئەوەی کە دەمەوێ لێرەدا وەکو دیاردەیەك سەرنجی بۆ ڕابکێشم، بەمەبەستی بە باشترین شێوە پێشکەشکردنی توێژینەوەکەم و خستنەڕووی زانیاریی زیاتر و تێبینیی وردتر لەبارەی شیعرەکانی شاعیرەوە، تەنها پشتم بە دیوانە شعرییەکانی نەبەست، بەڵکو سەرباری بەراورکردنی ئەو دەقانەی کە لەنامیلکەکانی (سۆزی دەروون ١٩٦٢) و (لەگەڵ شەپۆلەکانا ١٩٦٧) و دیوانەکانی (١٩٨٠) و (٢٠٠٤)دا، گەڕامەوە بۆ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە شاعیر بۆ یەکەمجار شیعرەکانی تیایاندا بلاّوکردووەتەوە[٢]، هەر لەساڵی (١٩٤٦) کە سەرەتای هەنگاونانی شاعیرە بۆ ناو جیهانی شیعر هەتا ساڵی (١٩٩٠) کە دوا ساڵی تەمەنی شاعیرە، خۆشبەختانەش بەهۆی ئەوەی شاعیر خۆی لەناوەندی شاری سلێمانیدا بووە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی ئەو ماوەیەدا هەبووە، بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی لەکاتی خۆیدا بلاّوکردووەتەوە، کە من وەك توێژەرێك گەڵێ سوودم لەم کارەی وەرگرت، کە ئەگەر تەنها پشتم بە دیوان و نامیلکەکانی ببەستایە گەڵێ ڕاستیم لێ ون دەبوو، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، پێویستە بڵێم چەند دەقێکی



شیعریی شاعیر هەیە، کە لەهیچ دیوانێکدا بوونیان نییە و کاتی خۆی لەڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاّوی کردوونەتەوە، هەروەك گەڵێ دەقیشی هەیە، کە دەستی گۆڕینی وشە یا ناونیشانی شیعرەکە و هەندێ جاریش گۆڕینی ناوەڕۆکی شیعرەکەیان پێگەیشتووە، جا ئەو گۆڕینە بەهۆی سانسۆرەوە بێ (چونکە هەموو دیوان و نامیلکەکانی شاعیر جگە لەدیوانەکەی ساڵی (٢٠٠٤)ی لەپێش ڕاپەڕین بلاّوکراونەتەوە) یا هەر هۆیەکی تر، پێویستە بخرێتە ڕوو، ئەمە سەرباری ئەوەی لەکاتی خۆیدا پێشەکی بۆ هەندێ دەقی لەڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نووسیوە، کە لەدیوانەکەیدا لەگەڵ دەقەکاندا نەنووسراون، ئەم پێشەکییە کورتانەش لەبواری لێکۆڵینەوەدا گەڵێ سوودیان هەیە.

من بەپێی توانای خۆم زۆربەی ئەو گۆڕان و پێشەکی و دەقە بلاّوکراوانەی کە لەدیوانەکەیدا نین کۆم کردوونەتەوە و سەرنجم ئاراستەیان کردووە، کە هەندێکیان هێندە گۆڕانەکان زەق و جیاوازن، سەرنجی جیاوازیشیان لەلایەن توێژەرانی ترەوە ئاراستە کراوە.

لێرەدا جێگەی ئاماژە پێدانە، کە خودی کاکەی فەللاح خۆی یەکێك بووە لەو نووسەر و لێکۆڵەروانەی کە جێ دەستیان لەئەدەبی کوردیدا دیارە، گەڵێ دەقی شیعری شاعیرانی تری پاراستووە و بلاّوی کردوونەتەوە یان ساغی کردوونەتەوە، کە



پێویستە بەرهەمە شیعرییەکانی خۆیشی بە ڕێکوپێکی و بەبێ ناتەواوی بخرێنە بەردەست و دوور لەهەموو شێوان و گۆڕانێك، چونکە خودی شاعیر خۆیشی لەگەڵ ئەو دەستکاری کردنانەی شیعردا نەبووە، ئەوەتا لەبارەی شیعرە دەستکاری کراوەکانی (ئەحمەد هەردی) شاعیرەوە دەڵێت: ((پێم وایە هەموو شاعیر و نووسەر و ئەدیبێك کە بەرهەم بلاّودەکاتەوە تا ئەو سنورەی کە هێشتا دەست نووسە و لەهیچ ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە و تەنانەت ئێستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنێکدا بلاّو نەکراونەتەوە، مافی گۆڕینی ناونیشان و ناوەڕۆك و شێوەی بەرهەمەکانی خۆی هەیە، بەلاّم هەر کە بلاّوکرایەوە، ئەو مافە لەشتێکی تایبەتیەوە دەبێ بە گشتی، واتە دەبێ بە موڵکی ئەو خاوەن باس و لێکۆڵەرەوە و رەخنەگر و نووسەرانەی لەم چەشنە باسانە دەکۆڵنەوە و شی دەکەنەوە))[٣].

لەکۆتاییدا دەخوازم جارێکی تر و بەشێوەیەکی کامڵتر دیوانە شیعرییەکەی کاکەی فەللاح کۆبکرێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو دەقانەشیدا، کە تائێستا ڕۆشنایی بلاّوکردنەوەیان نەدیوە و لەملا و لەولا بێ ناز کەوتوون، لەمەشدا ڕووی دەمم زیاتر دەکەمە بنەماڵەی شاعیر و ئەو ئەرکە بە پلەی یەکەم بەوان دەسپێرم، لەلایەکی تریشەوە ئومێد دەکەم، کە هەموو لێکۆڵەرێکی ئەدەبی کە لێکۆڵینەوەیەك لەسەر شاعیرێك پێشکەش دەکات، بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی بلاّوکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی

ئەو شاعیرە، چونکە لێکۆڵینەوەیەکی کاملتر و زانیارییەکی تەواوتر دەخاتە بەردەست.

**پەراوێزەکان:**

١- نامەکە لەلایەن لیژنەی گفتوگۆوە کە پێکهاتبوون لەبەڕێزان (پ.د. عزەدین مستەفا ڕەسول ـ سەرۆکی لیژنە و د. محەمەد دلێر ـ ئەندام و د. ئەحسان فوئاد ـ ئەندام)ەوە گفتوگۆی لەسەر کرا و بەپلەی (زۆر باش)ە وەرگیرا.

٢- ئەم کارەم بە ڕێنمایی بەڕێز (د. دلشاد عەلی) کرد.

٣- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٧٧٤)، ٣١/١/١٩٨٥، ل (١٠).



# مۆدێرنە و ئەدەب

**ئاسۆ وەهاب**
asowahab@maktoob.com



ئەگەر فەلسەفە "گەڕان بێت بەدوای کلاوێکی ڕەش لەژوورێکی تاریکدا، کلاوەکەش لەوێدا نەبێت"، ئەوا مۆدێرنە بە گوتەی ئەنتۆنیۆ باژ: "لەپشت وشە و لە پشت ژمارە ماتماتیکییەکانەوەیە، کە لەوێشدا هیچ نییە".

لەڕاستیدا دیاریکردنی مانا و سنووری مۆدێرنە گەلێك گرانە بەهۆی ئەو لێڵی و فرە ڕاییەی کە لە سەری هەیە، هەروەها جیاوازی دەرکەوتنی لە بەشێکی هونەرە جوانەکانەوە بۆ بەشێکی تر، تەنانەت لە خودی لقەکانی ئەدەبدا وایکردووە بەئاسانی نەتوانین دەستپێکێکی ڕوون تۆمار بکەین، بەڵام ئەوەی لەبارەی سەرهەڵدانی مۆدێرنەوە هەیە وەکو وشە دیارە و دەتوانین پەنجەی بۆ ڕابکێشین.

سەرەتای سەرهەڵدانی وشەی مۆدێرنە دەگەڕێتەوە بۆ



کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، کاتێك لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و ئەڵمانیا بزوتنەوەیەکی ئایینی ڕیفۆرمخواز لە هەناوی ئاینزای کاسۆلیکی و پرۆتستانتی سەریهەڵدا و داوای گونجاندنی ئایینی دەکرد لەگەڵ زانستی نوێدا، بەتایبەت دوای ئەو پێشکەوتنە گەورانەی کە سەدەی نۆزدە لەبواری زانستە ئەپستراکت و سروشتییەکاندا بەخۆیەوە بینی، ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ گەشەکردنیدا بووە خەتەرێکی گەورە، هەر بۆیە لە ساڵی (١٩٠٧)دا لە کۆبوونەوەیەکی (پاپا پیوسی دەیەم) لەگەڵ ئەنجومەنی کاردینالەکاندا، بەفەرمانێکی پاپایی ئەو بزوتنەوەیە قەدەغە کرا و بە هەرتەقە ناوزەد کرا، چونکە بە ئاشکرا خەتەر بوو لەسەر گەوهەری ئایینی مەسیحی، لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەرییەکانی ئەو بزوتنەوەیە بە ڕادەیەکی کەم لەناو کڵێسەی ئینگلیکانیدا مایەوە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەدیبان و ڕووناکبیرانی فەرەنسا ئەم زاراوەیە (مۆدێرنە)یان خواست و دەستیان کردە بەکارهێنانی لە بواری ئەدەب و هونەردا، یەکەمی ئەوانەی بەکاریان هێنا شاعیرە سومبولیستەکان (رامبۆ و مالارمێ و فرلین) بوون، مەبەستیشیان دەرچوون بوو لەسەر بزوتنەوەی واقعیی سروشتی لە ئەدەبدا.

لەگەڵ زانینی ئەو مێژووەی سەرەوە، پێویستە بڵێین کە زاراوەی مۆدێرنە زاراوەیەکی لێڵە، چونکە ئەگەر ئێمە بتوانین بەرهەمێکی



ئەدەبی (راسین، شیلی یان دیستۆفیسکی بگەڕێنینەوە بۆ فێرگە یان قوتابخانە ئەدەبییەکەی وەك (کلاسیزم و ڕۆمانسیزم و سمبولیزم .. هتد)، ئەوا بەئاسانی ناتوانین بەرهەمێکی نوێ بە هاوچەرخ یان مۆدێرن ناوزەد بکەین، هەر چەندە ئەو بەرهەمە ئەدەبییە بەوردی وێنەی سەردەم و مرۆڤ و ژیانی هاوچەرخی کێشابێ.

لێرەشدا پرسیار ئەوەیە، ئایا ناکرێت بزوتنەوەیەکی بەربڵاوی وەك مۆدێرنە چەندان قوتابخانەی ئەدەبی لەخۆ بگرێت، هەر چەند ئەو قوتابخانانە بەشێکیش بن لە مێژوو؟!

ڕەخنەگری بەریتانی (کلیمێنت گرینبرگ) لەو باوەڕەدایە کە:"زاراوەی مۆدێرنە تێکەڵی ئاڵۆزی وتەشویشێکی زۆر بووە، بەڕادەیەك ئەگەر بەرهەمێکی ئەدەبی نوێ بخوێنینەوە، ناتوانین حوکمی بەسەردا بدەین، کە ئەو بەرهەمە پێوانەکانی ئەدەبی مۆدێرن بەسەریدا پراکتیك دەبێت یان نە؟ تا کەسێکی زۆر شارەزا پێمان نەڵێت".

ریچارد ئیمان و چارڵس فدڵسۆن لە کتێبی (لاسایکردنەوەی نوێ)دا دەڵێن:"فایرۆسی مۆدێرنە لە هۆنراوە سەرەتاییەکانی (ت.س.ئیلیۆت) و (ئیزرا پاوەند) و لە کارە بەراییەکانی (جیمس جۆیس)دا بە ڕوونی دیارە"، هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ئیلیۆت و پاوەند سنوور و مانای مۆدێرنەیان ڕوون کردووەتەوە، بەتایبەت ئیلیۆت کاتێك لە وتارە ڕەخنەییە بەناوبانگەکەیدا

ئاماژەی بۆ کردووە، ئیلیۆت لەو بڕوایەدایە، کە مەبەستی مۆدێرنە دەربازبوونە لە ئەدەبی کۆن و هزری دێرین نییە، بەڵکو ئیلیۆت لە (تقلید و الموهبة الفردیة) دەڵێت: "هیچ شاعیر و هونەرمەندێك بە تەنها خاوەنی مانای کامڵ نییە، بەڵکو گرنگی ئەو شاعیر و هونەرمەندە لەوەدا دەردەکەوێت کە پێوانەیەکی هەبێت بۆ کاری شاعیر و هونەرمەندە مردووەکان..).

ختۆکەی پاوەندیش هەمیشە ئەو وتە بەناوبانگە بووە کە وتوویەتی:"خراپەکانی ڕۆما، پیاوە باشەکانی ڕاو دەنێن"، یان ئەو یاسا ئابوورییەی گرشام کە دەڵێت:"پارەی خراپ، پارەی باش ڕاودەنێت"، بۆیە هەمیشە پاوەند بە دڵتەنگییەوە دەیووت:"کالیبان کە ڕوحی خراپەکارییە لە شانۆگەری گەرداوی شکسپیر، ئاریل کە ڕوحی چاکەکارییە لە هەمان شانۆدا ڕاو دەنێت"، مەبەستیشی ئەو بەرهەمە زۆر و بۆرانە بوو کە لەو ماوەیەدا بڵاوبوونەوە، بێ ئەوەی ناوەڕۆکێکی مرۆییان هەبێت و بتوانن خۆیان لەبەردەم تێپەربوونی کاتدا ڕابگرن، بۆیە لەم بارەیەوە ئۆسکار وایڵد هەمیشە دەیووت:"پێویستە شاعیری مۆدێرن بە ڕووی کردەوەکانی ڕۆژگاردا بوەستێتەوە".

لێرەدا پێویستە ئەو زانیاریانە جێگیر بکەین، کە دەڵێن مۆدێرنە ناگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی



بیستەم، تەنانەت ئیلیۆت لە وتارەکانیدا بانگەشەی بۆ ئەدەبی سەردەمی (یصیبات) شاعیرە میتافیزیکییەکانی کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەم کردووە، لە سەرووی هەموویشیانەوە شاعیری بەناوبانگ جۆن دۆن (١٦٧١ ـ ١٧٢١)، ئیلیۆت پێیوایە ئەدەبی ئەوانە باڵاترین وێنەی بابەتێتی و ناخودێتی پیشانداوە.

لەبواری میوزیکدا هەندێك بڕوایان وایە، کە سەرەتای مۆدێرنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٤، کاتێك نەوەیەك لە بیرمەندان و ئەدیبانی ئەوروپای دوای جەنگ چەندان گۆڕانی هزرییان هێنایە ئاراوە، لەسەرەتادا ئەو گۆڕانە بواری میوزکی گرتەوە و میوزیکستی وەك (شۆینبرگی نەمسای، دی بۆسیی فەرەنسی، ستراڤنسکی روسی) شاکاری گەورەیان خوڵقاند و داهێنانی بەرچاویان هەبوو، بەڵام دواتر ئەو گۆڕانە بوارەکانی تری هونەرە جوانەکانی گرتەوە و لەم میانەشدا (رۆبەرت وۆڵ) دانەری کتێبی (نەوەی ١٩١٤) بزوتنەوەی مۆدێرنە و شەپۆلەکانی دەکات بە سێ بەشەوە: "نەوەی بانگەشەکەر، نەوەی دامەزرینەر، نەوەی جێبەجێکەر"، هەروەها وۆڵ پێیوایە جەنگی جیهانی یەکەم هۆکاری سەرەکی بوو بۆ دروستبوونی بزوتنەوەی مۆدێرنە بەتایبەت کاتێك ئەو بزوتنەوەیە گەیشتە دیوە ڕۆژئاواییەکەی زەریای ئەتڵەسی.

ڕوانین بۆ ئەدەبی مۆدێرنە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بنەمای



سەرەکی ئەدەبەکەی بریتییە لە (بابەتێتی و ناخودێتی) کە دوو چەمکی پێچەوانەی (نابابەتێتی و خودێتی) ئەدەبی ڕۆمانسیزمە، کە ئەمانەش بە ڕوونی لەکارە بەراییەکانی ئیلیۆت و جۆیسدا دیارە، هەروەها فۆرم بنەمایەکی زۆر گرنگ نییە لە دیاریکردنی ئەدەبی مۆدێرنەدا، بەڵکو وەك وتمان (بابەتێتی و ناخودێتی) دوو ڕەگەزی سەرەکین لە دیاریکردنی شوناسی ئەدەبی مۆدێرنە، بۆ نموونە هەندێك لەو بڕوایەدان کە قەسیدەی (الیباب ٩٩)ی ئیلیۆت باڵاترین ئاستی بابەتێتی و ناخودێتی دەنوێنێ، بە ڕادەیەك کاریگەرییەکەی لە چوارینەکانی خودی ئیلیۆت زیاترە، ئەگەر چی ئەو چوارینانە لە پێشتر دادەنرێت.

کێشەی ڕووناکبیریش بۆ تێگەیشتن لە مۆدێرنە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو چەمکی (سایکرۆنی و دایکرۆنی)، کە هەمان ئەو دوو چەمکەن (دی سۆسێر) لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیدا بەکاری هێناون، بەڵام لێکۆڵەڕانی بواری مۆدێرنە تۆزێك ئەو دوو چەمکەیان لە مەدلولەکەی لای دی سۆسێر دەرهێناوە و لەو بڕوایەشدان کە گرفتی گەورە لە پێوانەکردنی ئەدەبی مۆدێرنە دەگەڕێتەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە زەمەن یان مێژوو یان بە پێچەوانەوە پێوانەکان لە چوارچێوەی زەمەن و مێژوودا بێت، چونکە لەحاڵەتی یەکەمدا بەرهەمە ئەدەبییەکە دەچێتە باری بە دوای یەکهاتنی زەمەن (سایکرۆنی) و لەباری دووەمیشدا دەچێتە خانەی باری (دایکرۆنی)،



واتە هیچ شوێنەوارێك بۆ زەمەن نادۆزیتەوە لە بەرهەمەکەدا، لەسەر ئەم دوو بنەمایەش (مالکۆلم برادێری) لێکۆڵینەوەکانی ئەنجامدا و لە دووتۆی کتێبێك بەناوی (الحداثة) بڵاوکردووتەوە.

پێویستیش دەکات ئەوە بڵێین کە لەسەر کێشەی (سایکرۆنی و دایکرۆنی) لە هەناوی مۆدێرنەدا دوو ڕوانینی جیا دروست بووە، یەکەمیان لەسەر بنەمای سایکرۆنی، کە لێکۆڵینەوەکانی بواری زمانەوانی و کۆمەڵناسی و بونیادگەری هێناوەتە ئاراوە، دووەمیشیان لێکۆڵینەوەکانی بواری بونیادگەری مێژوویی کە لەسەر ڕوانینی دایکرۆنی هاتووەتە ئاراوە.

هەندێکی تر لە لێکۆڵەڕانی بواری مۆدێرنە لەو بڕوایەدان، کە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مۆدێرنە دەگەڕێتەوە بۆ دەیە یەکەمەکانی سەدەی نۆزدەیەم، چونکە لەو بڕوایەدان کە دەقە بەراییەکانی دستۆفسکی (تاوان و سزا، برایانی کرامازۆف) هەڵگری ڤایرۆسی مۆدێرنەن، بگرە (یادەوەرییەکانی پیاوێکی شێت)ی گۆگۆل کە لە ساڵی ١٨٣٥ لەچاپدراوە، بە یەکێك لە دەقە گرنگەکانی مۆدێرنە دادەنێن، هەروەها پرسیاری ئەوە دەکەن، کە بۆچی ئیلیۆت بە دەنگێك لە دەنگە بەراییەکانی مۆدێرنە دادەنرێت و بۆدلێر فەرامۆش دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا بۆدلێر یەکەم کەس بووە هاوکێشەیەکی بابەتی لەشیعردا هێناوەتە ئاراوە، هەروەها پێیان وایە کە ناخودێتی بەشدارییەکی زۆری کردووە لە تێکشکاندنی زمان

لەناو دەقدا، لەبەرئەوەی ناخودێتی هانی نووسەر و شاعیران دەدات بۆ گوزارشتکردن لە مانا و نامانا بە یەك ئاست، هەروەها بیژەکان بە ڕای (ئۆکتافیۆ باز): "زۆر جار یاخین لە گوزارشتکردن لە بابەتێتییەکی ڕووت، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت ببێت بە شاعیر، ئەگەر لە توانایدا نەبێت بەو بێژە یاخیانە گوزارشت بکات، هەروەها دەبێت مانا و نامانا بە هەمان شێوە سەرنجمان ڕابکێشێت بۆ گوزارشتکردن، چونکە لە نێوان هاوار و بێدەنگیدا مۆدێرنە لە دایك دەبێت".

ئۆکتافیۆ باز لەبارەی ئەدەبی مۆدێرنەوە دەڵێت:"ئەوەی لە تواناماندا نییە گوزاشتی لێبکەین، دەکەوێتە نێوان هەردوو جەمسەری شیعر و ماتماتیکەوە، لێرەشدا هەردوو جەمسەرکە ڕووتن (ئەبستراکت) و لە نێوانیاندا مەملەکەتی بەرینی قسە هەیە، بۆیە بێژە لەشیعردا ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو بێدەنگییەی کە پێش قسەکردن دەکەوێت"، ئەمەش وامان لێدەکات لە وتە بەناوبانگەکەی باز بگەین، کە دەڵێت:"من ئەڵێم، هیچ ناڵێم کە پێش من بێدەنگی یان هاوار وتبێتی".

<u>بۆ نووسینی ئەم بابەتە کەڵکم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:</u>


١- مولکۆلم برایدی، مۆدێرنە بەعەرەبی.
٢- محی الدين اسماعيل، الفكر و المعاصرة.
٣- گۆڤاری الموقف الثقافي، ژمارەکانی (١٩، ٢٠، ٢٣).
٤- شیعر و فەلسەفە و وتار، ئۆکتافیۆ باز لە ئەنتەرنێتەوە.




# مینە جاف و قانع
# گەڕان بەدوای ئاسەواردا


**نووسین و ئامادەکردنی:**
**سەرکۆ محەمەد ڕۆستەم**




مینە جافی کوڕی کەریم بەگی فەتاح بەگی حەمەپاشای جافە، لەساڵی (١٩١١)ز لە کەلار لە نێو قەڵای شێروانە لەدایکبووە و لەساڵی (١٩٦٥)ز لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (سەید خەلیل) نێژراوە، ئەم شاعیرە خاوەنی دیوانی چاپکراوە بە قەبارەیەکی گەورە لە بەغدا لە ساڵی (١٩٩٠)ز لە ژێر ناونیشانی (دیوانی مینە جاف) لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی (مستەفا نەریمان) و بە پێشەکی (دکتۆر حەسەن جاف)..

ئەم شاعیرە کوردەش وەك شاعیرانی تر هەردەم بە وێنەی شیعری پاراو و بە دوای شوێنە مێژوویەکانی کوردستاندا گەڕاوە بۆ



دۆزینەوەی مێژووی دروستبوونی شوێنە گرنگەکان و بە هونەری شیعری بەیانی کردووە، تا گەلەکەی ئاشنایەتی لە مێژووی کەلتور و فەرهەنگی خۆی هەبێت، نموونەی شیعری لەو چەشنەی لە دیوانەکەیدا زۆرن، کە بۆ قەڵای پاشا و قەڵای شێروانە هۆنیوەتەوە، یان هەر بە شێوە شیعری پرسیار و (جەدەل) و وتوویژ دەکات لەگەڵ (تاقیە)یەکی زێڕینیدا.

لێرەدا نامەوێ زیاتر خوێنەر ئاڵۆز بکەم، ئەوەی ئێستا لەم بابەتەدا بەلای منەوە گرنگە، ئەم پارچە شیعرەیەتی کە لەدیوانەکەیدا بە چاپ گەیەنراوە لەلاپەڕە (٨٥) دایە بەناوی (نێو بتخانەکەی لای دەربەندیخان) کە لەساڵی ١٩٥٤ز نووسیویەتی، کە شاعیر وەك پرسیار لە بتخانەکە دەکات بۆ وەڵامدانەوەی و پرسیار لە چۆنیەتی دروستبوون و یادگارییەکانی دەکات، گەلێك پرسیاری لە بتخانەکە ڕاستکردۆتەوە، وەك دەڵێ بۆچی وێرانەی یان بۆ بایەقوش تیایدا دەخوێنێ، شاعیر بە شێوەیەکی هونەری شیعری پاراو و جوان داوای وەڵام لە بتخانەکە دەکات، لێرەدا شاعیر بۆ خۆی تاڕادەیەك شارەزایی باشی لەبتخانەکەدا بووە، لەبەرئەوە ئەم پرسیارە و جەدەلانەی ڕاستکردۆتەوە، تا خوێنەری کورد ئاشنایەتی لە بتخانەکەدا هەبێت، ئەمە بۆ خۆی داهێنانێکی شیعر نووسینە، کە شاعیر لێرەدا بە کاری هێناوە بۆ مەبەستێکی ئاوا زۆر لە شاعیرانی کورد شێوەی شیعری لەو بابەتەیان نووسیوە، چ بە نامە



گۆڕینەوە و چ بە شیعر بێت، زۆر لە شاعیرانی گەلەکەمان بابەتی هاوشێوەیان نووسیوە، بۆ نموونەش دوو بابەتی شیعری مامۆستا قانع و مینە جاف وەك مەبەستێك بەکارهاتووە، لێرەدا نموونەی هەریەك لەو دوو شاعیرە ئاماژەی پێدەکەین، وەك مینە جاف دەڵێ:-

**ئەی بتخانەکەی لای دەربەندیخان**
**بینای وێرانی سەر چەمی سیروان**
**توخوا پێم بڵێ تۆ دەستکاری کێی**
**ڕەمز و بناغە و یادگاری کێیت**
**کێ کردوویتی، بۆچی وێرانەی**
**بۆچی کاول و بایەقوش خانەی**
**تکات لێ ئەکەم بمدەرۆ وەرام**
**خاس تێم گەیەنە، لێت بووم سەرسام**
**هاتە ئەزووان بینای وێرانە**
**وەڵامی دامۆ بەم بەیانانە**
**وتی براگیان بۆچ ئاگرت دام**
**بۆچ توێژی زامی توێژ بەستەت لادام**
**لەمن مەپرسە سەیری ئازام کە**
**سەیری هەیکەلی ناوی بینام کە**
**بڕوانە مەعنای قەڵای شەمێران**
**جا باش تێ ئەگەی لە ئێمە وێران**

**قەلاّی شەهیدان قەلاّی شاومیران**
**نیشتمانی تەخت جێی ئقلیم گیران**
**ئەم هەیکەلانەی پێی ئەڵێن بتن**
**گشت وێنەی شاهان بڵند هیوەتەن**
**وێنەی شەهنشا و میرانی کوردن**
**ڕەمزی شێرانی ڕۆژی نەبەردن**
**من بتخانە نیم جێگەی شاهانم**
**نشینگەی تەختی جەمشید جاهانم**
**ئێوە لە مێژووی پێشومان وێڵن**
**هەر وەکو کوێری بینای لێڵن**
**لەبەر بێ عیلمی سەرتان سڕماوە**
**ناوی ئێمەتان بتخانە ناوە**
**من و پەیکوڵی و قەلاّی شەمێران**
**ئێستە بەم ڕەنگە وابووین وێران**
**ماواومەکانی تاجداران بووین**
**قەسری سەڵتەنەت شەهریاران بووین**
**جێی بەزم و تەدبیر شا و وەزیران بووین**
**نادم شانشین قەومی کوردان بوو**
**شاهم حاکمی گشت کورد زوان بوو**
**حوڕ و سەربەست بوو بێ پەروا و دڵشاد**



**لە ئێشی زوڵمی دوژمنان ئازاد**
**گەروشی گەردوون دوونی ستەم جۆ**
**تێکی دا دەزگای شاهانە و شکۆ**
**دوژمنی شاد کرد بە خاك و ئاومان**
**ناوی گوم کردین بتخانەی ناومان**

کاتێك (قانع)ی شاعیریش ڕوو دەکاتە ناوچەی قەرەداغ و لەوێ دەمێنێتەوە بۆ وتنەوەی وانەی فێرکردنی خەڵکی دەوروبەرەکەی بە خوێندەواری و هوشیارکردنەوەیان، مامۆستا قانع تەنها شاعیرێك نەبووە بە تەنها شیعری نووسیبێ، زۆر بیروهزری لای نەوەی گەلەکەی بووە کە خوێندەوار و ڕۆشنبیربن، لەبەرئەوە لە قەرەداغدا ماوەتەوە بەمەبەستی فێرکردنی خوێندەواری و زانست و هوشیارکردنەوەیان لە گشت بوارەکانی ژیاندا و پاراستنی کەلەپور و شوناسی مێژووی گەلەکەی هوشیاری داوە، بۆ ئەو مەبەستەش درێغی نەکردووە، قانعی شاعیر هەر لەو سەردەمەدا کە لە قەرەداغ دەبێت، ئەو هیچ ئاشنا نابێت بە مێژووی پەیکەری (نارام سین)، بۆیە دەبێتە خولیایەك بۆ دۆزینەوەی مێژووی ئەو ئاسەوارە، چ بۆ زانیاری خۆی و چ بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، بە پێویستییەکی گرنگی دەزانێ بۆ دۆزینەوەی مامۆستا (قانع)یش، وا بەباشی دەزانێ هەر بە پارچە شیعرێك بۆ زانای گەورەی کورد و مێژوونووس (ئەمین زەکی بەگ) ڕەوانە بکات بە شێوەی پرسیارکردن بە شیعر، لە سەرەتای



نامەکەیشدا ستایشێکی جوانی زانای گەورە (ئەمین زەکی) دەکات و تەمەنای تەمەن درێژی بۆ دەخوازێ و بە سەرچاوەیەکی گەورەی گەلەکەی دادەنێ، بە دۆزینەوەی مێژووی گەلەکەی لە قەڵەم دەدات، کە لە ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە (٥٨٤)ی ساڵی(١٩٣٨)زدا بلاّوی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی مێژوونووسی گەورەش ڕاستی ئەو وەلاّمەی بۆ بداتەوە، مامۆستا (قانع)یش دەڵێ:-



**مامۆستای زانا سەرچاوەی عیرفان**
**تەریخ نووسەکەی خاکی کوردستان**
**یاخوا هەر بژیت تا دێر زەمانە**
**بۆ خزمەتکردن ئەم کوردستانە**
**ئەجدادی خۆمان نەبوو لە بیرمان**
**نەمان ئەزانی باوباپیران**



**زیندوت کردەوە حاڵ و ئەحواڵمان**
**هاتینە ڕیزی دراوسێ ماڵمان**
**گشت کەس ئەزانێ کە کوڕی کێ یە**
**باوباپیری خەڵکی کام دێ یە**
**ئێستەش بەندەی خۆت لە قەرەداغم**
**بۆ دیتنت ئاسار دڵ پڕ لە داغم**
**هەیکەلی گەورە لە دەربەند گەورە**
**نازانین شەرحی حاڵی چ دەورە**
**ئایا ئەم پیاوە کوردستانی یە**
**یا خو عیسەوی یا عیبرانی یە**
**مەمنونی لوتفین بۆمان مەعلووم کەیت**
**ئەم گرێ زلە لە دڵمان لابەیت**

زانای گەورە و پایەبەرز (ئەمین زەکی بەگ) لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە (٥٨٧) لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٣٩) هەر لە شێوەی شیعر وەلاّمی مامۆستا (قانع) دەداتەوە، ڕاستی و دروستی مێژووی ئاسەواری بە هۆنینەوەی شیعرێك بۆ بەیان دەکات و دەڵێ:-

**لە ڕۆژنامەی ژین لە سێی ڕەمەزان**
**هەشت شیعرم بینی زۆر شیرین و جوان**
**پێنج شیعری ئەوەل شایستەی شوکرە**
**سێ شیعری دواییش پرسینی فکرە**

ئەڵێن: هەیکەلی دەربەندی گەورە
نازانین چی یە و هینی چ دەورە
عولەمای ئاسار بۆ ئەو تیمسالە
ئەڵێن پاشماوەی چەند هەزار ساڵە
قرالی ئاکاد (نارام سین) ناوێك
چل و حەوت عەسرە هەڵسا بە تاوێك
بۆ شەڕ هاتە سەر لۆلۆ و گۆتوو
لە قەرەداغدا داوا گەرم بوو
لە دوای شەڕ لۆلۆ و گۆتوو ئەشكێنێ
مەلیك ساتونی دەرئەپەڕێنێ
باسی ئەو شەڕە و ئەو بگرە و بەردە
نوسراوە یەك یەك لە سەر ئەو بەردە
چەكی ئەو حەلە تیر و كەوانە
لەلای هەیكەلادا دیارە نیشانە
وەك دار تاشیان ئەو شاخە گەورە
كردیان بە تیمسال لە دەربەند گەورە
لە دوای سی عەسرێك ساسانی هاتوون
زۆر تیمسالیان بوو بە دەسەڵات بوون

پێویستە بڵێین مامۆستای پایەبەرز (ئەمین زەكی) وەك شاعیرێك لەو بوارەدا نەناسراوە، بەڵكو وەك مێژوونووسێك، بەڵام لێرەدا



زانیویەتی كە مامۆستا قانع بە وشەی شیعر خۆشحاڵ دەبێت، بۆیە بە باشی زانیوە وەڵامی قانع بە شیعر بێت، لە سەرەتای دێڕی یەكەمی وەڵامەكەیدا بە شیعرێكی جوانی لە قەڵەم داوە، لە دەسپێكردنی یەكەمی شیعرەكەدا ویستویەتی دڵی شاعیر ئاسوودە بێت، ئەمە بۆ خۆی نووسینێكی باوی ناو ئەدەبیاتی كوردییە، كە زۆر لە شاعیران و نووسەرانمان لە دنیای ئەدەبیاتدا مێژوو بە شیعر بگێڕنەوە كە دەبێتە هۆی تێنەچوون و لە نەمان دەپارێزرێن، زۆر لە نووسەران مێژووی خۆیان وەك لەدایكبوون و ئەو ڕووداوانەی چ لە ژیانی خۆیان و چ لە دەوروبەرەكەیان ڕوویان دابێ بە شیعر هۆنیویانەتەوە، تا لە نەمان بپارێزرێن، بەڵكو زۆر لە چیرۆك و داستانەكانیش هەر بە شیعر نووسراوەتەوە، تەنها بە مەبەستی جوانكاری وشە و بۆ لەنێو نەچوونی مێژوو و گێڕانەوەكان، ئومێد دەكەم لە ئایندەدا بە پێز و چڕوپڕتر لەسەر ئەم بابەتە بنووسم بۆ خوێنەری گەلەكەم، چۆن گەلێك نووسەر و شاعیری تری گەلەكەمان بابەتی لە چەشنی وایان هەیە و پێویست بە لێدوان و لێكۆڵینەوە هەیە.

سەرچاوە:

- ڕۆژنامەی ژین، ژمارە (٥٨٤)، ساڵی (١٩٣٩) .
- دیوانی قانع، كۆكردنەوە و چاپكردنی: بورهان قانع، چاپی یەكەم، ساڵی (١٩٧٩) ل (١٧).



# کێ لە چاوی عاشق تێدەگات



نووسینی: مەلا تەحسین گەرمیانی

كاتێك نیگای چاوەكانی عاشقێك پڕاوپڕ غومار دەبێت لە تێڕوانینی ئەشكی یار و ساتەكانی ژیان قەڵپی دەروونی حەزرەت دەكێشێ..

ئیتر لێرەوە چاوی عاشق ئەو چاوە ئاساییە نییە كە پێی دەڕوانی و بەس... نا نەخێر چاوی عاشق جوانتر سیمای ژیان دەبینێ و لە ناخی جوانی مرۆڤ تێدەگات و لە ساتی ژیانی ئەندێشەوە قوڵقوڵ دەڕوانێ و روحی جوانی نەسیمی ئاوێتەی سیمای بەنرخ و ڕەنگاڵەی سروشت دەكات...

بەڵێ چاوی عاشق ئەو چاوە ماتەمەیە جیا لە چاوەكانی تر دوور دوور دەڕوانێ بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ روحی ئەوینی خۆی...

چاوی عاشق ئەو چاوەیە بە لەنجەولاری یار دەڕوانێ تێربوون و سووكنایی نایە، تا ئەبەد كۆتایی نایە، ناخی پڕ لە وەفایە، دەروونی



پڕ لە جەفایە، جەستەی شەكەت و ماندووە، دڵی بۆ یار بێ ئۆقرەیە بیری دەڕوات و لە ئاسمانی ساماڵدا دەوران دەورانی خۆی دەكات...

سەرگەردان بەبێ پشوو بە ئەشكی چاوەكانی ڕاوی نێچیری خۆی دەكات، تا نەگا بە ئەوینی شین و واوەیلا دەكات...

چاوی عاشق هەمیشە نمەنمی باران دەكات و خەیاڵی دەڕوا و لە شەقەی باڵ دەدات، ڕاناوەستی فرمێسك لە چاو دەڕوونی پڕ لە زووخاو... كێ لە چاوی عاشق تێدەگات، زۆر غەمبار و دڵسوتاو و هەناوی ئاگر لێبەربوو، سەر و سیمای نارێك تێكچوو...

لەم وڵاتەی من كێ هەیە پشتیوانی شۆڕشی ناخی عاشقان بێت...

كێ هەیە لە بیلبیلەی ئەشكی چاو تێبگا، لەكاتێكدا لەم وڵاتەی من عەشق تاوانە، عەشق حەرامزادگای كەلتووری باوانە...

ئەوەی هەیبێ لادانە قابیلی بەردبارانە، چونكە پێی دەڵێن عورف نییە، بۆیە تاوانە باشترین جێگایش بۆ عاشقان مەرگ و گۆڕستانە...؟

لە وڵاتی من شەرەف لە نێو لنگی كچانە، ئەگەر واینەبینی دەڵێن ئاخر زەمانە... بەڵێ لە وڵاتی بەرد بەدەست كوتەك، بەدەست خەنجەر، لە دەست چەك بەدەست كێ دەگا، لە عەشقی چاو دڵی بیمار ئەوینی ڕۆژگاری سەختی ئەویندارن...؟

# کچێکم عاشقترین...

# خەمبارترین!!



**ئەوین تەنیا**

هەر لەو کاتەوەی خەریکبووم خۆم بدۆزمەوە و بەرەو قۆناغەکانی خوێندنی ئامادەیی هەنگاوم دەنا، کچێك بووم پڕ لە هیوا و ئومێد، دنیایەك جوولەم بۆ کارەکانم هەلگرتبوو، هەر لە سەرەتاوە دەرکم بەوە کردبوو، چەند عەتف و سۆز بە سەر ژیانما زاڵە و ئەبێ لەمەو دوا چی بکەم لە عەشق و ئەوین، هەر لەو ساتانەدا بوو، کوڕێکی باراناوی وەکو هەورێك بەلامدا تێپەری و زانیم کە خۆشمئەوێ، ئیتر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر و زیاتر خۆشمئەویست و وڕێنەی یادی ئەوم دەکرد، من دڵنیابووم کە ئەمە عەشقێکی یەك لایەنەیە و ئەو ئاگای لێی نییە، ئەو کە هاوڕێم بوو لە خوێندنگە، کوڕێك بوو، پڕ بوو لە ئەخلاق و ڕەوشت تا بڵێی میهرەبان، بەم شێوەیە ڕۆژەکان تێئەپەڕی و من تانوپۆی ژیانم



پڕبوو لە وڕێنە و یادی ئەو، پڕبوو لە تریفەی جوانییەکانی ئەو، بۆ یەك چرکە لە یادم نەئەچوو، بەردەوام بیرم لێ ئەکردەوە لە ڕەوشتی جوان و ئەخلاقی ئەو، هەروەها هاوڕێیەتیمان کە ئەو بیری لە شتی وا نەئەکردەوە، ئەیترساندم لەوەی کە پێی بڵێم خۆشمئەوێی، هەڵبەت دوای ئەوەی زانیم کە ناتوانم دەسبەرداری بم، هەرچەند باش نەبوو بەلامەوە لە قۆناغی ئامادەییەوە، بەلاّم پێم وابوو، خۆشەویستی تەمەن ناناسێ، جگە لەوەی کە نەمئەتوانی بەم ئەوینە شاراوەیەوە بژێم، لەوەش ئەترسام، من ئەم عەشقەی خۆمی بۆ ئاشکرا نەکەم و هەڵیگرم بۆ تەمەنی زانکۆ، تا ئەوکاتە ئەو کچێکی تری خۆش بوێ.

بەهەر جۆر بوو ئەوەم بۆ ئاشکراکرد و تا شەش مانگ ئەو هەر بێدەنگ بوو و وەلاّمی نە ئەدامەوە، ڕاستییەکەی ئەم بێدەنگییەی ئەو هی ئەوە بوو، کە نەی ئەویست دڵم برینداربکات، هەر ئەیوت (انشا الله، خوا گەورەیە، گەشبین بە)، من لەو ماوەیەدا هیچ کات مرۆڤێکی ئاسایی نەبووم، بێتاقەت و بێزاربووم لە ژیان، تەواوی وزەم بیرکردنەوە بوو لە ئەو، ئەوەندە بیرم ئەکرد، کە تاقەتی خوێندنم نەما و ئەو ساڵەش لە خوێندن دەرنەچووم و مامەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو ، پاش ئەوەی دووبارە پێم وت، ئەو لەوەلاّمدا دەریایەك لە گریانی تێگرتم و پێی وتم، کە ئەو ناتوانێ قبولم بکات، ئیتر لێرەوە بوو دڵم وەکو ئەوەی بوورکانێکی گەورەی



ئاگرین بێ تەواو تێکچووم، ئاگرێك جەستە و ڕوح و دڵی ئەسوتاندم، شەو و ڕۆژ کە نەم ئەبینی و نەمزانی چییە، ئەو ڕۆژە هەتا توانیم گریام، شەو تابەیان لە ژوورێکی تەنها و تاریکیدا ژیانم بە سەر ئەبرد، هەر ئەگریام و ئەگریام، لێرەوەبوو لە هاوڕێ و لە ماڵەوە و خزم و دۆستانم دابڕام و ئەو کچەی جاران نەمام، هەر میوانێکم بەهاتایە، ئەموت بڵێن لە ماڵ نییە، ئەوەی ئازاری دنیا بوو، پێم وابوو لە بوونی مندا کۆبووەتەوە، بەشێوەیەکی گەرم ئەگریام و فرمێسکم ئەڕشت، کە هەرگیز بە خەیاڵیش وێنا ناکرێت، بەلاّم ئەوەی ئومێدی ئەدامێ، عەشقی بێکۆتایی خۆم بوو لەگەڵ میهرەبانی ئەودا ٠٠٠٠ تا ئەو چرکانە بوو کە لە گریانێکی گەورەدا عەرق بووم، لە ناکاو بەزەیی پێدا هاتمەوە و ئەوەی وت کە قبولم ئەکا، قبولی کردم، نەك خۆشی ئەویستم، بەلاّم بەزەیی پێداهاتمەوە لە ماوەی سێ مانگدا ئێمە وەکو هاوڕێیەکی ئاسایی بووین، من لەبەرئەوەی زیاد لە سنورەکانی خۆشەویستی بەردەوام قسەکانی لە مێشکمدا ئازاری ئەدام، بۆیە بەردەوام تەلەفونم بۆ ئەکرد، کە بۆچی زەواج لە ژیانیدا نییە یان کێشەوگرفتەکانی ئەم ڕێگەیە چییە، پرسیاری زۆرم لێدەکرد و بەلاّم ئەو وەلاّمی هیچ لەمانەی نەئەدایەوە و بەردەوام ئەیوت من ڕەشبینم و هیچ کات ئەمە سەرناگرێ، منیش شەو و ڕۆژ لە خەمخواردندا بووم، تەواو بێهێز و لاوازبووم بەرامبەر ژیان و فرمێسکم ئەڕشت، خەمی لە دەستچوونی



ئێشەکانم و خەمی ئەوەشی بێتە سەر کە خێزان و خەڵك پێی وابوو، من ئیتر تەمەڵم و ناتوانم بخوێنم، بەلاّم کێ ئەتوانێ تێبگا و (بەهجەت یەحیا)یانە پێمان بڵێ (ئەوەی نەیدیبێ نازانێ عەشق چ ژانێکە هەیە) یان لۆمەم نەکا و بڵێ (تۆ کەسەکانت نەدیوە مەنعی گریانم مەکە)، عێشقی من بۆ ئەو کوڕە عەشقێکی سەیر بوو، جیاوازبوو لە هەموو عێشقەکانی تر و شەیدایانەتر بوو لە هەموو عەودالاّنی ڕێگەی عەشق و ئەوین، عەشقێکی ئەوەندە سەیرم بۆ هەبوو، کە پێدەئەچێ بەسەر کەسدا نەهاتبێ، تەنانەت ئەگەر ڕۆژێك ئەوم لە شوێنێکدا دیبا بە یادی ئەوەوە ئەچوومە ئەو شوێنە دائەنیشتم و ئەگریام، لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا لەسەر دەفتەری تاقیکردنەوەکان نەمئەتوانی هیچ وەلاّم بدەمەوە و زۆر ناوی ئەوم ئەخستە ڕستەکانی شیکاری وانەی کوردییەوە، تەنانەت زۆرجار بەبێ ویستی خۆم لە کاتی خوێندنی نوێژەکانما ناوی ئەوم ئەهێنا، زۆر شێت و شەیدام لێ هاتبوو، ئەگەر حیکایەتی ئەو شتانەی کە بەهۆی عێشقی ئەوەوە بە سەرمدا هات، بۆتان بگێڕمەوە، پێتان سەیرە بەلاتانەوە، مومکین نییە کچێك ئاوا شەیدایانە عاشقی کوڕێ بووبێ، ئەو زۆربێزاربوو لەو تەلەفون و نامە و پرسیارانەی کە بۆم ئەکرد، هەرچەند لێرەدا من هەندێك تاوانبارم، کە تەلەفونم زۆر بۆ ئەکرد و نەم ئەهێشت سەعی بکات، ئاخر منیش ئازار پاڵی پێوەدەنام، بۆیە زۆر لێم بێزاربوو، دوای ئەو سێ مانگە وتی: من

ناتوانم پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ تۆدا دروست بکەم و بە کۆمەڵێك قسەی وشك و ڕەق و ناخۆش بۆ یەکجاری بریندارى کردم و ئەیویست بەو قسە ڕەقانە خۆی لەبەر چاوی من ڕەش بکات، هەموو ئەمانە لای من ئەو ڕاستییەیان بۆ سەلماندم، کە ئەو پێش هەموو شت هیچ هەستێکی خۆشەویستی بەرامبەر من نییە، گەر نا ئەگەر ئەویندارى من بوایە گرفت لە ئارادا نەبوو، جگە لەمانەش ئەو کوڕێکی ڕاستگۆ و پاك بوو، لە هەر کێشەوگرفتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ئەترسا، کە لەم ڕێگەیەدا توشمان بێت و نەیئەویست کەسمان توشی هیچ کێشەیەك بین بە هۆی پەیوەندییەکەوە، ئێستاش من کچێکم لە ڕۆژێکدا هەزار جار بریندار ئەبم و بە قەد چرکەی شەوەکان فرمێسك ئەڕێژم و تەواو جەستە و دەروونم لاواز بووە، ئەوەندە بۆ ئەو ئەگریم و خۆشم ئەوێ و ئەویش قبوڵم ناکات، توشی تێکچوونی مێشك و دەروون هاتووم، هیچ کات لە مرۆڤێکی ئاسایی ناچم و خەم و گریان نزیکترین هاوڕێمن و لەماڵەوە و خوێندنگەشدا حەزم بە هاوڕێیەتی کردنی کەس نەماوە و هەر بە تەنیا ئەژیم و قەت پێم وانییە، بتوانم خوێندنەکەم تەواو بکەم و بۆ یەك چرکەش ئەوم بیر ناچێ و لە (٢٤) کاتژمێری شەو و ڕۆژدا لەبەر چاومە، من تەرکیزم لەسەر خوێندن و نوێژ و ئیشەکانم نەماوە و هەموو دیقەت و تەرکیزەکانم فڕیوە بۆ لای ئەوینی ئەو . هەرچەندە زۆرجار ئەوەندە لە حاڵەتی دەروونی



خراپی وادا ئەژیم، ئەمویست خۆم بکوژم، بەڵام دیسان دڵم نەدەهات، ئەم دنیایە جێ بێڵم، چونکە ئەوی تیایە و بە ئومێدی گەیشتن بۆ ئەو خۆمم نەکوشت، بڕیارم داوە جگە لە ئەو نەبێت، لەداهاتوودا نەڕۆمە نێو ژیانی هیچ کوڕێکەوە، لەبەرئەوەی ناتوانم لەو زیاتر کەسی ترم خۆش بوێ و ئەو کوڕێکی ئەوەندە جیاوازە و جوانە لەناخەوە، کە ئافرەت بتوانێ لە پاڵیدا هەست بە ئارامی بکات بۆ ژیان، چونکە کە من ئەو کوڕانەی ڕاستگۆ و پاك بن و بتوانن بە هەموو ماناکان ڕێز بۆ وجودی ئافرەت دابنێن، ئەگەرچی ئەوە دوو ساڵە خۆشم ئەوێ و ئەو من قبوڵ ناکا و قسەی وشکم پێ ئەڵێ، بۆئەوەی وازی لێبێنم، بەڵام من بۆ چرکەیەکیش خۆشەویستی ئەوم لە دڵدا کاڵ ناکاتەوە، بۆ ئەو لەگەڵ پەرتەوازەی و هیلاك بوونێکی زۆردا گەشبینم و لە هەمانکاتدا ئایندەی خۆم لە ئاوێنەی ئەوینی ئەودا ئەبینم، داستانی ئەم ئەوینە زۆر قورس و پڕ خەمە، بەڵام ئەوەندە بێهێز و لاوازم، ناتوانم تڕۆپکی خەمەکان هەڵڕێژمە سەر کاغەز و هەستەکانتان بهەژێنم، تەنانەت کە ئەمە چەند دێڕە لەم داستانە بۆ ئێوە ئەنوسم بە زۆر قەڵەمەکەم ئەخەمە سەر کاغەز، بەتەواوی توانای بەڕێکردنیم نەماوە و ناشتوانم بخوێنم، کە کۆسپێکی گەورەیە لەبەر دەممدایە، من زۆر جار ئەگریم و وائەزانم ئەو ئەمرێت، بەردەوام ترسم لە مردنی ئەو هەیە، ئەگەر ئەو شتێکی لێبێ، دڵنیام جگە لە مردن هیچ چارەیەکی ترم نییە



(لەوحاڵەتانەشدا کە ئازارێکی زۆرم بەسەردا دێ، سەردانی زۆر حەکیم و پزشکی دەروونیم کردووە، بەڵام کەسیان ڕێگەچارەیان پێ نەبوو، کەمتر ڕوحیان هەبوو بۆ سارێژکردنی برینی بێ هەتوانی من، تەنها پێیان ئەوتم کە ئەو تۆی ناوێ وازی لێبێنە، لەکاتێکدا ئەمە ئازاری زیاتر قورس دەکردم و من قەت ناتوانم ئەوە بکەم، ئەوان ئەگەر چی بەحیساب توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام نەیان ئەتوانی تێبگەن، کە ئەوین لە هەر هێزێکی تر گەورەترە و ئەتوانێ هەناسەکان بخنکێنێ و خەمەکان خەرمانە بکا و خەندەکان بوەرێنێ، یان بەپێچەوانەی ئەمەشەوە لێرەوە و لە ڕێگەی (گۆڤاری گیرفان)ی بەڕێزەوە داوا دەکەم دوعام بۆ بکەن و داوادەکەم لە هەر کەسێك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی یان دەروونی یان هەر کەسێك ئەمە ئەخوێنێتەوە و تۆزێك هەستی ئینسان تیایە، یارمەتیم بدا و ئەم بەسەرهاتەی بەشێکی سانا لێی نەیەتە پێش چاو، وابزانێ کە ئەمانە قسە نیین، بەڵکو گریان و هاوار و ئازاری کچێکی گوناحن، میحنەتی مەودا کورتەکانی ڕێگەی عەشق و ئەوینێکی پاك و بێگەردە و ڕاستەقینەن، هەر کەس ویستی یارمەتیم بدا یان کەمێك لە خەم و باری دەروونیم باش بکا، ئەتوانێ پەیوەندی بکات بە سەرنوسەری گۆڤاری گیرفانەوە.

لێرەوە ئەمەوێ زۆر سوپاسی برای بەڕێز و هاوڕێی خۆشەویستم کاك (مەلا تەحسین گەرمیانی) سەرنوسەری گۆڤاری گیرفان بکەم،



کە لەم کێشیەدا دڵسۆزانە خەمم ئەخوات و لێبڕاوانە یارمەتیم ئەدا و حاڵ و دەروونم ئارام دەکاتەوە و قسەکانی کۆتایمتان بۆ دەکەم و دووبارە ئەڵێم دوعا و یارمەتی جگە لەو کوڕە لەداهاتوودا ناڕۆمە نێو ژیانی هیچ کوڕێکەوە و پێ ئەچێ هیچ کچێك بەقەد من عاشق نەبووبێ، بەڵام گوناحم ئەبێ چی بێ، عشقی ئەو بە من بەخشرا و تۆسقاڵێك ئەوینی من بە ئەو نەدرا، من بە ئەوەوە ئومێی ژیانم هەیە و ئەو لەم دنیایە نەبێت بۆ یەکجاری باوشی ئەم دنیا جێ ئەهێڵم، ئەگەر ئێوە بزانن بە هۆی ئەم کوڕەوە چیم بە سەرهات، چۆن خۆشم ئەوێ و چۆن ئەگریم بۆی، توشی سەرسوڕمان ئەبن، ئێستا ئەو چرکانەیە کە لە هەموو ساتێك زیاتر ئەویندارى ئەوم و خۆشم ئەوییێت و بیری ئەکەم، دڵنیام ئەو ئەم گۆڤارە دەخوێنێتەوە، بۆیە لێرەوە نامەیەکی کورتی بۆ ئەنوسم و ئەڵێم :-

سڵاو ... ئەزیزم

تۆحاڵت باشە؟ لەگەڵ تاقیکردنەوەکانتا چۆنی؟ بیرم نەچووە، بەردەوام لای خوا دوعای دەرچوونم بۆ کردووی، گەرچی دەرچوونت زیاتر لە منت دوور ئەخاتەوە، ئومێدەکەم گەرمای هاوین بێزاری نەکردبی، هەرچەندە خۆت لە چوار وەرزدا بە ئەوین ئاگر و گەرما لە ماڵی گریاندا بۆ پێ کردووم ... بڕۆ سەیری گەلاّ بکە و لە نهێنی ئاسمان و ئەستێرەکانم ڕامێنە و گوێ لە پارچە مۆسقایەکی هێمن بگرە و هەناسە خنکاوەکانی منی تیا ببینە، لە هەموو ئەو قسانەی

پێتوتم نیگەران نیم، لەم خۆرەتاوە گەرمەدا هیچ گرفت و بەربەستێك چۆك بە ئەوینم دانادات، من دوو وەرزە لە ئاوی ئەوینی تۆ لە سەرابێكدا ئەخۆمەوە، كە خۆری یادت سوتاندوویەتی و زۆرتر تینو لە جاران، بیرت نەچێ كە تۆ میهرەبانیت و لە كەس ناچی، هەروەك من لە كەس نەچووم، دوێنێ لەدوورەوە بینیتم و خەریك بوو ببورێمەوە، داوات لێدەكەم، خۆشمت بوێ، ئەویندارترتم لە جاران، خۆشتبوێم یان نا گەلاَكانی ژیانم لە پێناو گەیشتن بە تۆدا ئەسپێرمە داری قەدەر، هەر ئازیزی دڵمی و بیرت ئەكەم، چاوەڕێم ڕۆژێك لەگەڵ دڵۆپێكی باراندا بباری و دووكەڵی دارە سوتاوەكانی دوو وەرزەم بشۆیتەوە، خوا چاودێریت بێ، خۆشم ئەوێی، ئەو كچەی كە خۆشت بوێ یا نا، وێڵی ڕێگاكانی ڕێتە.



# تامەزرۆی

# خۆشەویستی و ڕۆمانسیەت

نووسینی:
كلۆدیا ئەنكڵمان

وەرگێڕانی لە
عەرەبییەوە:
دانیاڵ بەرزنجی



ڕێگەی خۆت و هاوسەری ژیانت بە شێوەیەكی باش بزانە، چونكە دواتر تاقیكردنەوەی هەموو ئەزموونە تاڵەكانت بۆ فەراهەم دەبێت، ئینجا دوو ڕێگە هەیە بەمەبەستی بەدەستهێنانی خۆشەویستی و لێ نزیكبوونەوە و هۆگری ئەوەش سێكس و ڕۆمانسیەتە، پیاو ڕێگەی ڕاستەوخۆی پێ باشە، بە پێچەوانەی ژن ڕێگەی ناڕاستەوخۆ پەسەند دەكەن، زۆرجار سێكس بە پلەی یەكەم (خوازراوە) ئینجا ڕۆمانسیەت، كە ڕەگەزی مێینە لێرەدا بە ناچاری پەسەندی دەكات، چونكە زیاتر



ئارەزووی بە ڕۆمانسیەت تێردەبێت (دەشكێت)، ئینجا ئامادەكردەی سێكسی دەبێت بە شێوەیەكی ئێشكگرتوو , كردنەوەی باسەكە خۆی لە ئامادەبوونی هەریەك لە جووتە (نێرومێ) بە مەبەستی نزیكبوونەوە لە یەكتر و تۆمەتبار نەكردنی یەكتر بە ڕاز و نیازی ناساخ دەبینێتەوە، هەردوو ڕێگەكەش سوود و گرنگی خۆی هەیە، هەر بۆیە پێویستە سوود لە هەردووكیان وەربگیرێن، جاروبار یەكەمیان و جاروباریش ئەویتریان , هەر بەم بۆنەیە ڕێگەیەكی ترمان پێدەناسێنێت، ئەوەش ڕێگەی سێیەمە بە مەبەستی لێكنزیكبوونەوە: ئەوەش تەنها لە ڕێگەی (بێ دەنگیە)، كە ڕەگەزی نێرینە پێی وایە كە تەنها لە ڕێگەی جەستەیەوە پێویستە لەڕاستیدا ئاماژەیەك بدات بە ڕەگەزی (مێینە) كە تا چەند گرنگی هەیە بەلایەوە، تا چەندیش خۆشی ئەوێت؟ بۆچی سێكسی و ڕۆمانسیەت دوو بابە تی زۆر گرنگن بەلای پیاو و ژنیشەوە؟ چونكە كاتێك ژن چێژ لە دەستبازی و خۆشەویستی دەبینێت , بەمشێوەیە هەر چوار ئارەزووە سۆزدارییەكانی پیاوەكەی تێردەكات، هەر بۆیە پیاوەكە لەو ساتانەدا هەست بە خۆشەویستی ژنەكەی دەكات، مێنەكەش بە دەربڕینی خۆشحاڵ و حەزكردنی ئاماژەیەك دەداتە نێرینەكە، كە ئەو جێی سەرنج و ڕێزی مێینەكەیە، هەروەها پیاوەكە وا هەست دەكات، كە سوارچاكی ژنەكەیەتی , هەر لەم ساتەدا پیاو هەست بەوە دەكات كە زۆر خۆشەویستە لەلایەن



ژنەكەیەوە، لەوانەیە وشەی (سوارچاك) تۆزێك نەویستراو بێت، بەلاَم زۆر بەگەرمی و هەردەم ئارەزووی ئەو هەستە خۆشانە دەكات، كاتێك كە وای لێدەكات بە شێوەیەكی كرداری هەستی باشتری لادروست بێت، هەر لە هەمان كاتدا هەست بەوە دەكات، كە سەركەوتووە لە خۆشحاڵكردنی ژنەكەی، بەلاَم لەبەرامبەردا ژن پێویستی بە بابەتی یەكەمیانە كە (سێكسە)، لەبەرئەوەی هەستێكی تایبەتی بۆ دروست دەبیت سەبارەت بەو پیاوەی بەرامبەری و هەروەها هەست دەكات كە ڕۆڵێكی گرنگ و تایبەتی هەیە لە ژیانی پیاودا، هەر بۆیە پیاوەكەش واهەست دەكات، كە ژنەكەی شتێكی گرنگ و تایبەت ئەنوێنێت لە ژیانیدا، لەم ڕوانگەیەوە دەكرێت زیاتر لەوەی كە كراوە بەدەست بهێنرێت، لەكاتیكدا پیاوەكان كاتێكی تەواو تەرخان بكەن بۆ پەیام گۆڕینەوە لەگەڵ ژنەكانیاندا، ئەوە لەبەرمبەردا ژنەكە هەست دەكات، كە پێویستییە سۆزداریەكانی بەدەست دێت و گرنگی پێ دەدرێت و چاودێری ئیشەكانی دەكرێت و چاوپۆشی لە هەست و سۆزی دەكرێت، زۆر بە سادە و ساكاری ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی ئەوەی كە ژنەكە واهەست بكات كە پیاوەكەی خۆشی دەوێت.

# ئایا پیاوێکی ڕۆشنبیر لەگەڵ ژنێکی نەخوێندەوار دەحەسێتەوە؟

نووسینی: د. عەباس مەهدی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عادل عەبدوڵا عەلی

جاروبار هەندێ لە پیاوان پرسیاری لەم شێوەیە ئەدەنە گوێماندا: (ئایە دەکرێت پیاوێك بە ڕۆشنبیرێکی باڵاوە خێزان لەگەڵ کچێکی نەخوێندەواری تەواو پێکەوە بنێت و خۆشحالیش بێت لەژیاندا؟)، یان بە تەنها کچەکە جوان و شۆخ بێت ئیتر تەواوە، بۆ ئەوەی بژی لەگەڵیدا؟ دیارە ئەم بابەتە لەسەر چاوەڕوانی و پێشبینی تاك بەندە لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا.

فێنك دەڵێت: کاتێك تاك چ (زاوا بێت یان بووك) درکی بەوە کرد، کە چی دەوێت لە هاوسەرگیرییەکەی و بیری لەو ڕێگە و شێوازانە کردەوە کە خەونەکەی بەدەست دێت، ئەوە چانسی ئاهەنگگێڕانی ساڵیادی پەنجا زێڕینی دەبێت... بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی ماتریالانە و ئیرۆتیکانە (ئارەزووی سێکس) ئەڕوانێتە



هاوسەرگیری، ئەوە زۆرترین چانسی دادگاکانی جیابوونەوەیە... خەڵك بیروبۆچوونیان جیاوازە لەوەی چییان دەوێت لە پرۆسەی هاوسەرگیری یان لە بارەی ئەو مەرجانەی هەیانە داینەوە بە مەبەستی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان، هەیانە مەرجی جوانی بەلایەوە خاڵی سەرەتا و کۆتاییەتی، بەو واتایەی کە سەرنجی جوانی توانایی مات (کامن) لە کەسی بەرامبەر دەخاتە گڕ، بە مەبەستی وروژاندنی چێژ و ئازار پێکەوە، ئەو سەردەمانەش بەسەرچوو، کە ژن لە ڕێگەی پەنجەرە و لە پشت پەردەوە تەماشای داواکەرەکەی بکات کە هاتووە بۆ خوازبێنی، یان پیاو لە ڕێگەی دایك و خوشکەوە سیفەتی دەستگیرانەکەی بۆ ئاشکرادەبوو، وەك چاوڕەشی و گۆنا سپێتی و دەم بچووکی و باڵایەکی مامناوەندی و زرنگ و زیرەك لە ڕووی مێشکەوە یان سیفەتی تری بەو جۆرە...تاد.

یەکێکی تر دەڵێت:- ڕاستە سروشت ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان، بەڵام ئەوەی لەڕاستیدا هەڵدەبژێرێت پارە و پول (داهات) و ئاستی کۆمەڵایەتییە، نەك جوانی و سۆزی خۆشەویستی، زۆرجار بارودۆخی دەوروبەر و شوێن ڕۆڵی هەیە لە بەهێزکردنی پەیوەندیی جێی سەرنجی یەکتر، بە پێی بیروبۆچوونی پرۆفیسۆر (نیوکەم) لە زانکۆی مشیگەن کە دەڵێت:- ئەو دوو کەسە زیاتر دەبنە جێی سەرەنجی یەکتر، تاوەکو پەیوەندییان زیاتر بێت و



ماوەی نێوانیان کورتربێت، بۆ نموونە لە شارێك یان گەڕەکێك یان کۆڵانێك، لێرەوە دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی ناو بە ناو و ناجێگیر هەیە لە نێوان نزیکی شوێن و هاوسەرگیری، هەتاوەکو زیاتر ئەو دوو کەسە لە یەکتر نزیك بن، ئەگەری هاوسەرگیریان زیاترە، ئەمانە لەگەڵ جێگیربوونی هەموو هۆکارەکانی تر، یان هەتاوەکو ئاڵوگۆڕی کردارییانە (هەڵسوکەوت) لە نێوان دوو کەس یان زیاتر ڕوو لە زیادبوون بێت، ئەوە ڕادەی خۆشەویستی نێوانیان زیاتر دەبێت، هەروەها زۆری پەیوەندیکردن دەرگا لە بەردەم هۆکارەکانی تریش والادەکات و بوار بە کردنەوەی گرێ دەروونییەکان دەدات، چونکە لەئەنجامدا ئیشی خۆی دەکات و کاریگەری لەسەر شێواز و ڕەفتاری کەسانی پەیوەندیدار دادەنا، هەر بۆیە پێویستە ئەم ڕستەیە زیاد بکرێت بۆ قسەکانی پرۆفیسۆر (نیوکەم)، بەمەرجی جێگربوونی هۆکارەکانی تر، هەروەها فاکتەرێکی سایکۆلۆژی تر هەیە، کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە هەڵبژاردنی هاوسەر (هاوڕێ).

لێکۆڵەرەوانی بواری دەروونزانی گەشتنە ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت: (ئەوەی هاوسەرگیری نێوان پیاو و ژنێك بڕیار دەدات) جێگیر دەکات، توانایی لێهاتوویی هەریەك لەوانە لە قایلکردنی ئارەزووە دەروونییەکانی یەکتر، ئەوەی هەریەك لەوانە ژن و مێرد پێویستیان بەندە لەسەر جیاوازی نێوانیان، لەوانەیە یەکێکیان سیفەتێکی لە دەست دابێت، ئەوی تریان خاوەنی ئەو سیفەتە



نەبێت، وەك کەموکورییەکی دەروونی بەمەبەستی قەربوکردنی لە کەسی بەرامبەردا، ئەگەر ئەو کەموکورییە لای مێرد دروست دەبێت، بۆ نموونە پێویستییەکی زۆر دەبێت بە دایکێك کە چاودێری بکات و کاروباری ببات بەرێوە، لەبەرامبەردا ژن پێویستی بە نواندنی ڕۆڵی دایك دەبێت لە ڕووی چاودێری و خۆشەویستیو بەڕێوەبردنی کاروبار، کەواتە ئەو جووتە (ژن‌ومێرد)ە توانییانە کەموکورییەکانی خۆیان لەم جۆرە هاوسەرگیرییە پڕکەنەوە، بەڵام ئەگەر هەستکردن بە کەموکورییەکانی نێوانیان جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ جیاوازی شێوەی بیرکردنەوە و دابونەرێت، ئەو کاتە ئاستەنگ دروست دەبێت لە بەردەم کۆکبوون، چونکە جیاوازییەکی گەورەی بەم شێوەیە لە نێوان (ژن و مێرد)دا دەبێتە هۆی یاخی و بەلەسە نەك هۆگری و خۆشەویستی و زیاد لە هۆکارێکیش پێکدەهێنێت، بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەرگیری بکاتە دۆزەخ، نموونەی ئەم هاوسەرگیرییە ڕێگە لە هاتنە ژوورەوەی ڕووناکی و ڕێکەوتن دژوار دەکات، بۆ ئەوە هاوسەرگیرییەکە ببوژێتەوە و ببێتە مایەی چێژوەرگرتن و خۆشحاڵبوون... هەر بۆیە (شوئان) پێی وایە (ئەوخەڵکانەی کە لە ڕووی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و دابونەرێتەوە جیاوازبن، ناتوانن پێکەوە بژین).

# سەڵتی و هاوسەرگیری

ئامادەکردنی:
عومەر عەبدولکەریم قادر



ئەمرۆ هەزاران کوڕ و کچ هەن سەڵتن، هەندێکیشیان ڕازیبوونی تەواوی خۆیان لە سەڵتبوونیان دەربڕیوە، هەتاوەکو چەندین ساڵیش بیر لە هاوسەرگیری ناکەنەوە و بەجۆرێك باس لە خوێندن و پێشکەوتنی کار و ئازادی دەکەن، کە وەکو ئەوە وایە هاوسەرگیری تەنها لەمپەرێکە لەبەردەمیان.

جێی باسە بزانین توێژینەوەکان دەریان خستووە (٦٠٪) ئەم جۆرە مرۆڤانەش لەکۆتاییدا ئەچنە قۆناغی هاوسەرگیرییەوە و ئەنجامی ئەدەن، هاوکات هەزاران ژن و مێردیش هەن بە دەست باری ژیان و منداڵ بەخێوکردن و ئیشوکاری زۆرەوە ئەناڵێنن و ئارەزوو ئەکەن، کە خۆزگە زەماوەندیان نەکردبا، هەندێ جاریش چەند هەواڵێکی جیاواز سەبارەت بە سوودەکانی هاوسەرگیری یان سەڵتبوون بلاودەکرێتەوە.





سەرئەنجام هاوسەرگیری بۆ تەندروستی جەستە و دەروونمان باشە یان خراپە؟!

زانایان باوەڕیان وایە ئەو کەسانەی خێزاندارن وا هەست ئەکەن سوودمەندن، ئەگەر چی هاوسەرگیرییەکەیان سەرکەوتوو بێت یان سەرنەکەوتوو بێت! بەجۆرێکی تر پەیوەندیی بەردەوامی ژنومێرد لە شادی و خۆشیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، هەتا هاوسەرگیریی سەرنەکەوتووش باشترە لە سەڵتی بوون، چونکە کەسانی خێزاندار هەست بە ئارامی کۆمەڵایەتی دەکەن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان باشتر لە سەڵتەکان جێگیر دەبێت، پشت بەخۆ بەستنی خێزاندارەکان بەرزترە، ڕازی بوونیان لە ژیان زیاترە، کەمتر هەست بە گرژی و ئاڵۆزی ئەکەن، هەڵبەت ئەگەر هاوسەرگیرییەکە



سەرکەوتوو بێت، کاریگەریی هەموو ئەمانە زیاتر ئەبێت.

ئەنجامی توێژینەوەکانی دکتۆر (سیلوان) کە دکتۆری (بواری دەروونناسی)یە لە زانکۆی (نیۆرك) وا پیشان ئەدات، کە سەختی دەماری کرۆنەری دڵ لەو ژنانەی کە هاوسەرانێکی توندوتیژ (خشن) یان هەیە یان هاوکات لەگەڵ هاوسەرەکانیان خەریکی مشتومڕ و ئاژاوەن زیاترە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ژنان لە ژیانی هاوبەشیدا گرنگییەکی زیاتر ئەدەن بە هاوڕێیەتی و خۆشەویستی وەك لە پیاوان، پیاوانیش زیاتر هۆگری بارودۆخی ئێستایی ژیانن، ناوبراو باوەڕی وایە، کە پەیوەندی نێوان ڕۆح و جەستە زۆر بەهێزە و سروشتییە، کە کێشەی ڕۆحی لەگەڵ نەخۆشیەکانی جەستەیدا ڕواڵەت پەیدا بکات.

ئەو ژنانەی کە ژیانێکی هاوبەشی باشیان هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژنانەی کە لە ژیانی ژنومێردایەتیدا کێشەیان هەیە، کەمتر ئەکەونە بەر فاکتەرەکانی بەدیهێنەری نەخۆشی دڵ، هەتا ئەوە دەرکەوت، کە لەو ژنانەی جیابوونەتەوە واتە تەڵاقدراون یان سەڵتن، ئەگەری هەبوونی نیشانەکانی ئازارکێشانن، کە هۆی ڕەخسێنەری نەخۆشیەکانی دڵە و دوو ئەوەندەی ئەو ژنانەیە کە هاوسەرگیریان ئەنجامداوە و لە ژیانی ژنومێردایەتی ڕازین.

ئەنجامی توێژینەوەیەکی تر پیشان ئەدات، هاوسەرگیریی خراپ و کێشەدار ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنومێرد فشارێکی زیاتریان لەسەر



بێت، ئەم ئاڵۆزیەش لەڕۆژدا و هەتا لە شوێنی کاریش لەگەڵیاندایە و ئەبێتەهۆی زیادبوونی پەستانی خوێنیان، هەر ئەم مەسەلەیەش ئەگەری جەڵتەی دڵ یان مێشك زیاتر ئەکات.

لێکۆڵینەوەیەکی سەرەنج ڕاکێشی تر پیشان ئەدات، کە ژنانی مێردکردوو زیاتر لە سەڵتەکان بەرنامەی کێش کەمکردنەوە ئەنجام ئەدەن، هەڵبەت هۆکاری ئەو کارەیان زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە گرنگی بە باری تەندروستی ئەدەن، خاڵی سەرنج ڕاکێش تر ئەوەیە هاوسەرانی ئەم خانمانەش ناچارن ڕجێم بکەن، چونکە خۆراکێکی وەها لەماڵدا نییە بیخۆن.

زانایانی زانکۆی (تێکزاس) باوەڕیان وایە، کە هاوسەرگیریی سەرنەکەوتوو پڕە لە کێشە و ئاژاوە و لە ئەنجامی ئەو کێشە و ئاژاوانە کەسەکان نەخۆش دەکەون، ئەوان باوەڕیان وایە، کە لە نێوان تەندروستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی بەهێز هەیە و هاوسەرگیریش یەکێکە لە گرنگترین پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاریگەری دەکاتە سەر تەندروستی، بەڵام حەڵقەی هاوسەرگیری تەنها تەندروستی مرۆڤ دابین ناکات، ئەبێت هاوسەرگیرییەکە سەرکەوتوو بێت، تاوەکو کاریگەریی پۆزەتیڤی ئەو کارە ببینین، هەروەها بە تێبینی کردن بەوەی کە کەسانی خێزاندار لە سەڵتەکان پیرترن، تەنها فاکتەری تەندروستی ئەوان چۆنیەتی پەیوەندییەکانی ژنومێردییە و گۆڕینەوەی حەڵقەی هاوسەرگیری

هۆی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی نییە.

لێکۆڵەرانی زانکۆی (شیکاگۆ) گەشتوونەتە چەند ئەنجامێکی سەرەنج ڕاکێش: کەسەکان تەنها لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەلومەرجانەی گرژی و ئاڵۆزی دروست ئەکەن، زیاتر هەست بەترس ئەکەن و توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کێشەکاندا لەخێزاندارەکان کەمترە، کەسەکان تەنها بەشێوەی سەر لەبەر ڕووبەڕووی کێشە و ئاڵۆزییەکان ئەبنەوە، واتە هەرگیز داوای کۆمەك و پشتگیری لە هیچ کەسێك ناکەن یان هەوڵ ئەدەن لەو شوێنانەی ئاڵۆزی دروست ئەکەن هەڵبێن، شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان لای ئەو جۆرە کەسانە لاوازە و هەڵەیە.

ئەم مەسەلانە ئەبنە هۆی ئەوەی کە ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لە کەسەکاندا زیاتر بێت (هەتا ئەگەر لاو بن)، هەرچەند تەمەنی ئەم کەسانە زیاد بکات پەستانیان زیاتر ئەبێت.

ئەمەش ئەنجامی چەند توێژینەوەیەکی جیاواز بوو سەبارەت بەکێشەی سەڵتی‌و هاوسەرگیری.

سەرچاوە: ئەنتەرنێت



# ئایا ڕێگە بدەین منداڵەکانمان گوزارشت لەهەموو هەستەکانیان بکەن؟

نووسینی: د.خلیل محسن
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مستەفا سەعید عەلی

سەرەتا دەبێت جیاوازی نێوان هەستەکان و کردارەکان دیاری بکەین، هەستەکان بریتین لە حاڵەتی دەروونیی هەناوی کە لە ناو هەریەك لە ئێمەدا تانوپۆ دەکات، وەك هەستکردن بە ترس و خۆشەویستی و شادی و دڵتەنگی و تووڕەیی.

ئەم هەستانە زۆر ئاستەمە منداڵان بتوانن زاڵبن بە سەریدا (چونکە لە مێشکیاندا گینگڵ دەدات و ناتوانرێت خەفە بکرێت‌و دابمرکێنرێتەوە، بەڵام کردارەکان بە تەواوی لە هەستەکان جیاوازن و منداڵان دەتوانن بە سەریدا زاڵبن لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنیاندا، بۆ نموونە منداڵێك کە دەگاتە تەمەنی یەك ساڵان زەحمەتە بتوانێت تووڕەبوونەکەی لە بەرامبەر براکەی دەرنەبڕێت، بەڵام لێیشی نادات، ئەم جیاوازییە لە نێوان هەست و کرداردا دەبێت





کەسوکاری پەی پێببەن، لەبەرئەوە تێگەیشتن لێی بە شێوەیەکی دروست کاردەکات بۆ چارەسەرکردنی زۆرێك لەو کێشانەی کە دەشێت لە نێوان ماڵ و منداڵەکان یان منداڵ و منداڵکاندا ڕووبدات، ئەگەر داوام لێبکرێت لەسەر هەموو ئەو جۆرە کردارانە بنووسم دەکرێت (الاغظاء عنها ) و ئەوانەش کە دەبێت سزا بدرێن، ئەوا دەڵێم ئەستەمە هەموو ئەو کردارانە بتوانرێت باس بکرێت کە منداڵان دەیکەن، چونکە هەندێك لەو کردارانە لای خەڵکانێکدا



ئاساین و لای خەڵکانێکی تردا شازن، بەڵام لە ڕووی هەستەکانەوە کە لە مێشکی هەر منداڵێك لە منداڵانی ئێمەدا تانوپۆ دەکات، ئەوا بەپێویستی دەبینم وازیان لێ بهێنرێت و بە ئازادی لە هەموو بوار و بۆنەکاندا گوزارشتی لێبکەن، زۆر هەڵەیە، ئەگەر ماڵەوە ڕێگە نەدەن، کە منداڵەکانیان گوزارشت لە هەموو هەستەکانیان بکەن بە تایبەت هەستە خراپەکان (سلبیەکان)، لەکاتێکدا هەر منداڵێك لە منداڵانی ئێمە مافی ئەوەیان هەیە، هەر هەستێکیان بە مێشکدا دێت لە سلبی و ئیجابی گوزارشتی لێبکەن، ئەو وانازانێت ڕێگە نادرێت گوزارشت لە هەستە سلبیەکان بکات، بۆیە لێرەدا پێویستە کەسوکارەکان ئەم خاڵانەی خوارەوە بزانن:-

١- هەر پەروەردەیەك ڕێگری لە منداڵەکانی بکات، کە گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن، ئالیەتێکی میکانیکی ناتوانا تیایدا دروست دەکەن بۆ ژیانێکی دروست، کە خۆی لە مەبدەئی ئازادیی تەواودا دەبینێتەوە.

٢- ڕێگەدان بە منداڵان، بۆئەوەی تەنها گوزارشت لە هەستە ئیجابیەکانیان بکەن و لە پارسەنگی ناوخۆییان لارەسەنگ دەکات و کاریگەری لەسەر دەروونیان دادەنێت، بۆ نموونە ڕێگە بە منداڵ بدرێت بڵێت (دایە تۆم خۆش دەوێت)، بەڵام ڕێگە نەدرێت بڵێت (دایە ڕقم لێتە).

٣-هەندێك خەڵك دەهێڵن منداڵەکانیان لەگەڵ گوزارشتکردن لە

هەستە ئیجابیەکانیان گوزارشت لە هەستە سلبیەکانیشیان بکەن، بەلاَم بە شێوەیەکی ئەدەبی، بەلاَم دایك و باوکەکە لەماڵێکدان و یەکتریان خۆش ئەوێت، کاتێك بچوکترین ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوە زۆر بەبێ پشووی درێژ و زۆر بە خراپی گوزارشتی لێدەکەن و قسەی ناشیرین بەیەك دەڵێن.

٤- چارەسەری دروست ئەوەیە رێگە بە منداڵەکانمان بدەین، کە زۆر ئازادانە گوزارشت لە هەستە سلبی و ئیجابیەکانیان بکەن، کە دەبێتە هۆی تێکنەچوونی دەروونی و راگرتنی دروستی جەستەیی و عەقڵییان، بەلاَم بۆچی دەبێت رێگە بدەینە منداڵەکانمان، کە گوزارشت لە هەموو هەستەکانیان بکەن؟

**یەکەم: کەمکردنەوەی رق و کینەیان، کە دەبێتە هۆی روونەدانی کێشەیەکی کوتوپڕ لەناو خێزاندا.**

مەبدەئی گوزارشتکردن لە هەست و سۆزەکان بەتایبەت هەست و سۆزە سلبیەکان تا ئەندازەیەکی زۆر لەو دەمقاپە دەچێت، کە دەخرێتە سەر ئامێرە میکانیکی و ئەلکترۆنیەکان، ئەو کورەی کە باوکی رێی پێبدات، کە گوزارشت لە هەموو هەستەکانی بکات زۆر ئاستەمە رقوکینە هەڵبگرێت یان بتەقێتەوە ... دەبێت لێرەدا باسی ئەو کورە بکەین، کە دایك و باوکی خۆی بە دەمانچە کوشت، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا و هاورێکانی گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن، کە کورێکی هێمن و رەوشت بەرز بووە .... من ئەو کورە ناناسم، بەلاَم باوەرم



وایە پەروەردەی خێزانیی رێگەی ئەوەی نەداوە، کە گوزارشت لە هەستە سلبیەکانی بکات بەرامبەر بە خێزانەکەی و بە تێپەربوونی رۆژگاریش ئەو هەستە سلبیانە لە ناخیدا کەڵکە بوونە و هیچ رێگەیەکی تری نەدۆزیوەتەوە بەتاڵی بکات، جگە لەوەش ئەو تاوانە نەبێت، کە بەرامبەر نزیکترین کەسی خۆی کردوویەتی.

**دووەم:** بە دەگمەن جیاوازی لە نێوان خێر و شەردا دەکەن، هەر خەفە کردنێك بۆ هەستە سلبیەکانی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ کاردەکاتە سەر هەستە ئیجابیەکانیشی و منداڵەکە دەبێتە کەسێکی





تر و بە شێوەیەکی ناسروشتی هەڵسوکەوت دەکات، ئەمەش ئەو منداڵەم بیردەخاتەوە، کە گەیشتبووە تەمەنی هەشت ساڵان، کاتێك لەگەڵ خۆمدا بردمە ژوورێکەوە کە منداڵان تێدا وێنەیان لەسەر دیوارەکانی کێشابوو و رەشیان کردبووەوە، پێی وتم: دکتۆر ئەمە یەکەم جارمە ژوورێکی وا نارێکوپێك و پیس و پۆخڵ ببینم، پێم وت: کەواتە چی دەڵێیت؟ وتی رێگە مەدە بەو منداڵانە ئاوا یاری بەم ژوورە بکەن و ناشیرینی بکەن، پێم وت: حەزم لەوەیە ... پێی وتم: دەبێت رێگەیان نەدەیت، چونکە بەردەوام بوونیان بەمجۆرە کار لە داهاتوویان دەکات، لەوێدا هەستم کرد لاسایی کەسایەتی باوك و دایکی دەکاتەوە، بیرکردنەوە و قسەکردن و هەڵسوکەوتی لێواولێو لەوان دەچێت، ئەو لاسایی کردنەوەیە لە گوزارشتدا لاشەیەکی نوێ بە بیرۆکەیەکی کۆنەوەمان پیشان دەدات.

**سێیەم/** رێگەگرتن لە منداڵان بۆ دەربڕینی هەرچی هەستو سۆزیانە، ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر تەواوی کەسایەتیو هەڵسوکەوتی لە گەورەییدا بە شێوەیەکی خراپ.

لێرەدا بۆ پشتگیری قسەکەم نموونەیەك دەهێنمەوە، رۆژێکیان گەرامەوە ماڵەوە و چووم لە دەستشۆرەکە دەستم بشۆم، سەیر دەکەم گوڵدانەکە شلەیەکی زەردی تێدایە و بۆنم کرد، دوای ئەوە هەوڵمدا بزانم کێ ئەمەی کردووە، ژن و کورە گەورەکەم لەم کردارە بە دوور دانا و لە کورە بچوکەکەمم پرسی بۆچی وات کرد، وەلاَمی دامەوە:



چونکە دایم لەگەڵ خۆیدا نەیبردم بۆ سینەما، منیش پێم وت: دەتوانیت گوزارشت لە توورەبوونی خۆت بکەیت، ئێمە رێگریت ناکەین لەوەیاندا، وەلاَمی دامەوە: من بە جۆرێکی تر دەمویست گوزارشت لە بێزاری خۆم بکەم، لەم رووداوەوە بۆمان دەردەکەوێت، پێویستە لە منداڵان بگەرێین گوزارشت لە هەستە سلبیو ئیجابیەکانیان بکەن، لەبەرئەوە توورەییان کەم دەکاتەوە، چونکە هەر خەفەکردنێك بۆ هەستێکی لەو جۆرە لە ئەنجامی زاڵبوونی ماڵ بە سەریاندا بە شێوەی تێکچوون لە ناو ماڵ و قوتابخانەدا و لە ماوەی پەیوەندییان لەگەڵ برادەرانیاندا دەردەکەوێت.

**چوارەم:** هەرخەفەکردنێکی هەستی منداڵان لەمنداڵیدا دەبێتە هۆی خەفەبوونی لە گەورەیدا، زۆرجار پزیشکە دەروونییەکان زۆر بە زەحمەت دەتوانن ئەو هەستانە لای ئەو جۆرە کەسانە بدۆزنەوە، لەبەرئەوەی هیچ شتێك لەو بارەیەوە نادرکێنن، ئەگەر باوکانو دایکان دەیانەوێت منداڵکانیان لە داهاتوودا توشی هەڵچوون نەبن، دەبێت هەوڵبدەن هەر لە منداڵیەوە منداڵکانیان وارابێنن، کە گوزارشت لە هەموو هەستەکانیان بکەن بە ئیجابی و سلبییەوە، چونکە پارسەنگی لاشەیی و دەروونییان بۆ دەستەبەر دەکات.

# پێکەنین و
# کاریگەرییەکانی لە سەر ئاوەز

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مامۆستا کەریم**

ئەو لێکۆڵینەوە پسپۆرییە زانستیانەی کە لە بواری سایکۆلۆژی و نەخۆشییە دەروونییەکان ئەنجامدراون، دەریان خستووە کە جێگیرنەبوونی باری دەروونیی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەردەوام دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەستی چێژکردنی خۆراکی و دواجاریش پێکهێنانی جۆرە نەخۆشییەکی هزری کە مرۆڤ لێوەی لەدەستدانی خەندە و پێکەنین دەبێت، تەنانەت لە هەڵوێستە پێکەنیناوییەکانی ژیان توش دەبێ، هەروەك چۆن دەرکەوتووە، ئەو تاکانەی کە دووچاری وەسوەسەی بێزاربوون بوونە لە کاتی پەیڤین و قسەی خۆشکردنیشدا، دەبینین نوکتەکانیان سروشتێکی شەرنگێزی پێوە دیارە، ئەمە و سەرەڕای ئەوەی پزیشکە دەروونییەکان وادەریان خستووە، کە ئەو کەسایەتیانەی دووچاری (العنصام) بوون، هەست بە کەمترین دڵخۆشی و ڕووخۆشی ناکەن، ئەمەش لە کاریگەریی ناجێگیری باری دەروونییانەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئەوان نە پێدەکەنن، نە خەندە دێتە سەر لێوانیان



و لە نوکتەکانیش ناگەن کە ئاڕاستەیان دەکرێ، بەڵام هەندێك لە پزیشکانی دی دژ بەم بۆچوونە دەوەستن و دەیسەلمێنن، کە ژمارەیەکی زۆریان لەو نەخۆشانە بینیوە بە گێڕانەوەی نوکتە و قسەی خۆش، بەڵام بە تایبەتمەندی و شێوازی جودای پێکەنین و نوکتە، کە تیادا هەست بەوە دەکرا، کە دەربڕینیان سروشتێکی کەسایەتیانی هەڵگرتووە.

کۆمەڵێکی دیش هەن کە دووچاری نەخۆشییەکی تری ئاوەز بوون، کە هەندێك جار بەڕادەیەك دڵخۆش و قاقا لێ دەدەن، کە هەندێك جار بەبێ هۆ و خۆنەویستانە دووبارە دەبێتەوە، هاوکات پاش ماوەیەکی کەم غەمگینی دایان دەگرێ و کپ و مات دەبن، هەندێك پێکەنینی تریش ناچنە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی پێکەنینەوە ((لە کۆنترۆڵ دەردەچێت) کە بە پێکەنینی (سیحری) ناودەبرێت، کە ئەمەش زۆرجار دەستە جەمعی ڕوودەدات، وەك ئەوەی چیرۆکێکی غەمگیناوی مامۆستایەك بۆ قوتابییەکانی بیگێڕێتەوە لەمەر مردنی یەکێك لە هاوڕێکانیان، ئەوانیش پاش نیگاکردنێکی یەکتر پێکەنینێکی خۆنەویستانە دێتە سەر لێویان، ئەمە و چەندین جۆر نەخۆشی تر تایبەت بە ئاوەز وەك (کاتاتونی، هی بی فرینیا .... تاد)، لە ئەنجامی خراپی باری دەروونیی تاك زۆرجار ئاوەز کۆنترۆڵ لە دەستدەدا و کاری خۆنەویستانەی وەك قسە و نوکتە دەردەبڕێ، کە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیع و هەڵوێستی لە



باری ژینگەوە نییە کە تیادا دەپەیڤێت، بە هەر حاڵ ئەوەی لەم جۆرە باسانە دەستگیر دەبێت، پەیوەندیی نێوان ئاوەز و باری دەروونیی تاکە، کەچی کاردانەوە و کاریگەرییان دەبێت لە سەر مرۆڤ و هەڵوێستەکانی ...